## پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

### دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا

لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن



### سەرپەرشتیارانی پرۆژە

د. لوقمان رەئوف

بابان ئەنوەر


# پییەر بۆردیۆ

### وەرگێرانی: کۆمەڵێك نوسەر

بەشی چوارەم

73

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

# پییەر بۆردیۆ

وەرگێرانی: کۆمەڵێک نوسەر

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد

تایپو هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال- زریان رەحیم

ساڵی چاپ: 2017

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

تیراژ: 750 دانە

چاپخانە: حەمدی

نرخ: 2000 دینار

سەرپەرشتیاری چاپ: ژیار عەلادین - حسێن

سەعیدلەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea
07701955044 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 197 )



# پییەر بۆردیۆ

## وەرگێڕانی: کۆمەڵێک نوسەر

بەشی چوارەم

73

## خوێنەری بەڕێز:

ئەم نامیلکانەی لەبەردەستدایە، بریتییە لەو پرۆژە فکری و فەلسەفیەی، کە دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە بە پرۆژەی (100) نامیلکەی فکری و فەلسەفی رایگەیاندبوو، ئەم بەشەش بریتییە لە بەشی چوارەم، بەم پێیەش تاوەکو ئێستا لەم پرۆژەیەدا (80) نامیلکەمان چاپکردوە.

بەشی یەکەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە بێرکلی، ئاشنابوون بە باشلار، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە هایدگەر، ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 بەرگ، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، ئاشنابوون بە هیگڵ، ئاشنابوون بە سارتەر، ئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر، ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەک، ئاشنابوون بە مارکس (8) بەرگ).

بەشی دووەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە فیورباخ، ئاشنابوون بە تۆماس مۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە گرامشی 1،2، ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە دیموکراسی، ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەرکون، ئاشنابوون بە فۆکۆ، ئاشنابوون بە ئەکیونی، ئاشنابوون بە ئەنگڵس، ئاشنابوون بە جۆن ستوارت میل 3 بەرگ، ئاشنابوون بە جاک لاکان، ئاشنابوون بە لایبنتز، ئاشنابوون بە میکاڤیلی).

بەشی سێیەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر، ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە پۆپەر، ئاشنابوون بە دۆرکهایم، ئاشنابوون بە دریدا،

ئاشنابوون بە لیوتار، ئاشنابوون بە لینین 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ترۆتسکی، ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ، ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست)

بەشی چوارەم بریتییە لە (کۆنفۆشیۆس، جۆن دیۆی، پیەربۆردیۆ، مارتن لوسەر، ئالان بادیۆ، ویتگنشتاین، ماوتسی تۆنگ، لیڤی شتراوس، چۆمسکی، والتەر بنیامین، مارتین بوبەر، مۆنتیسکۆ ،سپێنوزا، جولیا کریستیڤا، رولان بارت، رۆدۆلف کارناب، جۆرج باتای، فۆکۆیاما، دیڤد هارڤی، سان سیمۆن).

خوێنەری بەڕێز: بەدەرلەم پرۆژەیەو لەساڵی (2011)دوو بەشی تر بە شێوەی تاک تاک و وەک پاشکۆی گۆڤاری ئایدیا بڵاوکراونەتەوە، بەشی یەکەمیان (16)فەیلەسوفن کە بریتیین لە ( ویتگنشتاین، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین ،میشێل فۆکۆ، لۆژیک ئەپستۆمۆلۆژیا، میتافیزیک، لە دیدی فەلسەفیەوە، کۆمەڵگەو دەوڵەت، دیموکراسی ئازادی تاک و کۆمەڵگە،بزوتنەوەی فێمێنیزم، سوقرات، سۆسیال دیموکرات فرۆید، وێنەی ژیان لە بۆچوونی بیرمەنداندا، ئیخوان موسلیمین داینەمۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی، نیچە، ئاشنابوون بە هیوم، ئاشنابوون بە بێرتراند راسل).

بەشی دووەم (25) نامیلکە و بریتین لە (ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە کیرگە

گۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە کارل پۆپەر، ئاشنابوون بە ئالان تۆرین، ئاشنابوون بە سوقرات ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین، ئاشنابوون بە جان جاک رۆسۆ، ئاشنابوون بە دیڤد هیومئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە فرۆید، ئاشنابوون بە جۆن لۆک، ئاشنابوون بە لینین، ئاشنابوون بە ئەریک فرۆم، ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم، بلیمەتی و شێتی، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف، ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس، ئاشنابوون بە درێدا)

لە ئایندەیەکی نزیکیشدا بەشی پێنجەم کە خۆی لە کۆمەڵێک فەیلەسوف و چەمکی نوێ، کە ئەمڕۆ لە دونیای فکری و فەلسەفیدا هەن بڵاودەکەینەوە.

ئەم پرۆژەیەش لە ساڵی (2018)دا بە شێوازێکی نوێ و بە ناساندنێکی تر درێژەی دەبێت، چونکە بە پلەی یەکەم کار لەسەر بیرو هزری فەلسەفەی فەیلەسوفە نوێ و هاوچەرخەکانی دنیای بیریاری دەکات.

ئامانج لەم پرۆژەیەش مەبەستمانە ئەو کردارە بیری و عەقڵی و توانستە بیریانەی، کە بیرمەندو فەیلەسوفەکان بەدرێژایی مێژووی بیری مرۆڤایەتی ناویانە، بەئاسانترین ڕێگە بگەیەنینە خوێنەر، چونکە بیر هۆکارێکە مرۆڤ لەپێناو هێنانەدی خواست و دیوە شاراوەکانی مێشکدا لە بوارە جیاوازەکاندا بەکاریدەهێنێت، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە داهێنان

و توانست و گەشەسەندنەکان بناسێنێت، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەم شەپۆلە بیرياريیە نەبوایە، ئێستا ژیان و پێشکەوتن بەم شێوازە نەدەبوو.

هەروەها دەمانەوێت لەم رێگەیەوە خوێنەر هەست بە بیرو ئایدیا جیاوازەکان و گرنگی بیرکردنەوەکان بکات، لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتەکان و روانین لە جیهان بەو شێوازەی کە پێویستە لێیبڕوانێت، تاوەکو بگاتە ئەو کردارەی کە دیکارت لەسەرەتای رێنیسانسدا رایگەیاند» من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم»، واتە بخوێنەرەوە، بۆئەوەی بتوانیت بیربکەیتەوەو بوونیەتی خۆی بسەلمێنێت.

بۆیە ئەگەر بمانەوێت بیربکەینەوە، پێویستە بەر لە هەر شتێک، هۆکاری بیرکردنەوەکە دەستەبەربکەین، خوێندنەوەش یەکێکە لە هۆکارەکان و بەهۆشیەوە، بیرکردنەوەکان بەرئەنجامی دەبن، چونکە پرۆسەی بیرکردنەوە، لەپێناو هێنانەدی داهێنان و گەشەو پێشکەوتنە، ئەم گەشەکردنەی تەکنۆلۆژیای ئەمڕۆش، بەرهەمی ئەم پرۆسەیەیە.

بۆیە نابێت پرۆسەی خوێندنەوەو بەرۆشنبیریکردن، نەک تاک، بەڵکو کۆمەڵگەش خۆی لێ نەبوێرێت، چونکە تەنها بیرەکان دەتوانن ژیان بگۆڕن، بۆیە پێویستە بەردەوام عەقڵەکان کراوەبن، لەپێناو بەرهەمهێنانی بیری نوێ و بنیادنانی ئایندەیەک، جیاوازتر لەرابردو.

**د. لوقمان رەئوف**

2017

# پییەر بۆردیۆ و
# بکەرە کۆمەڵایەتییەکان

ئومێد عوسمان

«ئـەوەی لای پییەر بۆردیۆ پێی شەیدام، ئـارامـبـەخـشـیـن، زرنـگـی، بـەخـشـنـدەیـی و ئامادەیی بەردەوامیەتی بۆ چوونە نێو شەڕە کۆمەڵایەتییەکان... بەجۆرێک رازی نابێت بەوەی ببێتە شایەتحاڵ بەسەر رووداوەکانەوە، بەڵکو دەیەوێت تیایدا بکەر بێت» (*یۆرگن هابرماس*).

پییەر بۆردیۆ 1930-2002 بیرمەند و کۆمەڵناسی فەرەنسی، ئەو کەسەیە کە لەسەر دەستیدا کایەی کۆمەڵناسی بازدانێکی جۆریی بەخۆوە دیوە، چەند فاکتەرێکیش وایانکردووە، کە بۆردیۆ لەنێو کایەی تیۆرە سۆسیۆلۆژیاکاندا پێگەو جێدەستی دیاربێت:

بۆردیۆ لە مشتومڕەکان لەبارەی پەیوەندی ستراکچەرو کرداردا رۆڵی هەبووە، بەجۆرێک، کـە ئـەو مشتومڕانە لەکۆتایی حەفتاکان و سـەرەتـای نـەوەدەکـانـی سـەدەی رابـردوودا نوێبۆتەوە، ئەویش بەوپێیەی مەسەلەیەکی سەرەکییە لە مەسەلەکانی تیۆرەی کۆمەڵناسیدا.

بۆردیۆ کاری لەسەر چەمکی (Empircism) کـردووە، کە بەپێی ئەم چەمکە فەلەسەفییەش تەواوی مەعریفەی مرۆیی لەرێگەی هەست و

ئەزموونەوە بەدیدێت و هەرئەوەشە وای لە بۆردیۆ کردووە بڵێت «تیۆرە بەبێ توێژینەوەی ئیمپیریکیزم بێمانا و بەتاڵە، توێژینەوەی ئیمپریکیزمیش بەبێ تیۆرە وڕێنەیە. دیسان نوسین و بەرهەمەکانی بۆردیۆ وا لە خوێنەر دەکات لەگەڵیدا بیربکەنەوە، جا لەگەڵ بۆردیۆ تەبابن، یاخود ناکۆک، دواجاریش شتێک لە بۆردیۆوە فێردەبن.

هاوکات بۆردیۆ لە پرۆژەی فیکری خۆیدا پشتی بەچەند کۆنسێپتێک بەستووە، کە ئەمانەن (Habitus ،Capital ،Practice)، هەرچی چەمکی پراکتیکە بایەخ بەگەڕانەوەی پێگە و ئیعتیباری بکەری کۆمەڵایەتی دەدات، بەو پێیەی پەرچەکردارە لە بەرامبەر تیۆرەی بونیادگەرایی، کە تێڕوانینی لە مرۆڤ پشتگوێخستووە، وایلێکردووە بکەوێتە ژێر رکێفی ستراکچەری کۆمەڵایەتی و ببێتە بەرهەمی. هەرچی چەمکی سەرمایە (کاپیتاڵە) کە کارل مارکس قسەی لەسەرکردووە بۆردیۆ دێت و رەخنەی لێدەگرێت، دەڵێت: سەرمایە بریتییە لە گشت ئەو وزە کۆمەڵایەتیەی: کە تاک هەیەتی و لە

هەمانکاتیشدا سەرمایە و بوارە کۆمەڵایەتیەکان پێکەوە گرێدەدات، دەڵێت: هەر بوارێک فۆرمێکی تایبەت بەسەرمایەی خۆی هەیە، هەربۆیە بۆردیۆ قسە لەسەر سەرمایەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەرمایەی رۆشنبیری و رەمزی دەکات.

چەمکی هابیتۆسیش (پرەنسیپی بەرهەمهێنەری ستراتیژی) یەکێکە لەو چەمکانەی، کە زۆر پشتی پێبەستوە و زۆرترین مشتومڕیشی لێکەوتۆتەوە.

پییەر بۆردیۆ بەتەنیا هەر زانایەکی کۆمەڵناس و بەتواناو لێوەشاوەیی میتۆدگەرایی نێو پسپۆڕییەکەی، یان توێژەرێکی رۆچوو نییە لە مرۆڤدۆستیدا، کە خاوەنی ئاشکراکردنی لێهاتووانە و لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژی وردبێت، بەڵکو ئەو یەکێکە لە دەستەبژێرە رۆشنبیرە دەروەستەکان، کە دیمەنی رۆشنبیری خۆرئاواییان بزواندوەو جێپەنجەیان لەبواری مەعریفەی کۆمەڵایەتی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی بەجێهێشتووە.

لەبەرئەوە بە یەکێک لە رۆشنبیرە

ئۆرگانییەکان دادەنرێت، کە جیاکاری ناکەن لەنێوان دەروەستبوونی فیکری و دەروەستبوونی سیاسی و رازی نابن بەوەی کە لە دوورەوە لە بەلەکۆنەوە تەماشای ئەوە بکەن کە روودەدات، بەڵکو ئارەزووی ئەوەدەکەن تێکەڵ بە رووداوە گشتییەکان ببن، داکۆکی لەپرسەکانی کۆمەڵگەکانیان بکەن، تێدەکۆشن کە گۆڕانکاری لەبواری کۆمەڵایەتیدا ئەنجامبدەن، دەسەڵات لێکهەڵبوەشێننەوە و سیستم تێکبشکێنن و خەونیش بە ژیانێکی بێ ستەمکارییەوە دەبینن.

دیسان بۆردیۆ، هەوڵیداوە فۆرمەکانی هەژموونگەرایی سیاسی و ئایدیۆلۆژی، بەهۆی شیکردنەوەی ماتریالی بەرهەمهاتووە رۆشنبیرییەکان و هەڵکۆڵینی نێو ستراکچەری کۆمەڵایەتی و چوارچێوەی دەسەڵاتخوازی ئاشکرابکات، رێنوێنیکار بێت بەرەو سەرلەنوێ بەرهەمهێنانە و فۆرمەکانی پاساو و ئیستغلالکردن.

لەبەرئەوە ئەو بکەرە کۆمەڵایەتیەی هەڵبژارد، کە ئاریشەی ئینتیماکەی بەرەو چەپگەراییە، کە لە

نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا لە رادیکاڵییەوە بەرەو رەخنەگرتن لە لیبرالیزمی نوێ گۆڕدرا.

لە گرنگترین ئەو چەمکانەی کە پییەر بۆردیۆ لە فەرهەنگی زاراوەکاندا بەکاریهێناون، دوای ئەویش بوونەتە چەکی کردەی سیاسی و تەکنیکی تیۆرەی کاری مەیدانی بزوتنەوەی جیهانگیریی جێگرەوە، بریتین لە: زاراوەکانی توندتیژی رەمزی و کایەی کۆمەڵایەتی و سەلەنوێ بەرهەمهێنانەوە و سەرمایەی رۆشنبیری و بونیادگەرایی فۆرماتیڤ و زیندە مەودا و هابیتۆس (habitus) واتە ئەوەی لە ژینگە و بارودۆخی کۆمەڵایەتیەوە سەرچاوەدەگرێت و مرۆڤ فێری دەبێت لەگەڵ زاراوەی جیاکەرەوە (Distinction) و بازاڕی خێرخوازی کۆمەڵایەتی. لەم سۆنگەیەشەوە رەخنەی لە هەژموونگەرایی نێرینە و کۆمەڵگەی بەرخۆر، بینای کۆمەڵایەتی جەستەکان گرت، بە زمانی زانستی دووا و کەوتە رەخنەگرتن لە ستراکچەر و ستراتیژی بەرهەمهێنان و گەڕان بە دوای پەیوەندی ئاخاوتنی سیاسی بە ئەتمۆسفێری سیاسی و هێما بە دەسەڵاتەوە.

دیاره بۆردیۆ، توێژنەوەی سۆسیۆلۆژی رەخنەگرانەی هەیە لەسەر مومارەسەی پەروەردە و رۆچوونی بەنێو ئەو گرفت و ئاستەنگانەی، کە دامەزراوەی خوێندن و فێرکاری گیرۆدەیەتی.

لەلایەکی تریشەوە بۆردیۆ هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەو گوتارەدا کردووە، کە ئاماژە بە نابووتبوونی ئایدیۆلۆژیا دەکات لە دەرئەنجامی پێکدادانی ژیارەکان و کۆتایی هاتنی مێژوو، مەرگی مرۆڤ و ئاوابوونی ئەقڵ بەو پێیەی گوتارێکە گوزارشت لەنەرمە ئایدیۆلۆژیا دەکات، لەرووکاریدا هەژموونگەرای و سەرکەوتنی بەسەر ئایدیۆلۆژیاکانیتردا پێوەدیارە، بەڵام لەناواخندا حەزێکی رەگەزپەرستی نوێ و باوەڕێکی موحافیزکارو وێرانکەری لەخۆگرتووە، کە رەنگە هەڕەشەبێت بۆسەر بەها گەردونییەکان و دەستکەوتە مرۆییەکان.

لێرەوە ئەم پرسیارانە دێنە ئاراوە: زاراوەکانی وەک کۆمەڵگەی مەعریفە، کۆمەڵگەی زانیارییەکان، کۆمەڵگەی پاش مۆدێرن، پاش پیشەسازی و کۆمەڵگەی بەرخۆر، کۆمەڵگەی

سەیرکەر، کۆمەڵگەی سەیرکراو چی دەگەیەنێت.

هەروەها گرنگی و مەترسییەکانی ماس میدیاکان (ئینتەرنێت، رۆژنامە، تەلەفیزیۆن، کەناڵە فەزاییەکان) لەسەر کۆمەڵگە چین؟

چۆن پرۆگرامە تەلەفیزیۆنی، رادیۆیی، وتارە رۆژنامەوانیەکان لە ئامرازی رۆشنبیریکردن و کاتبەسەربردنەوە دەگۆڕێن بۆ ئامرازی دیسپلین، کۆنترۆڵکردن، هەواڵگە بۆ دروستکردنی بڕیاری سیاسی و ممارەسەکردنی جۆرێک لە توندوتیژی رەمزی و هەژموونی ئایدیۆلۆژیای ئەو چینەی، کە ئەو ئامرازانە بەگەڕدەخات و ممارەسەی دەکات لەسەر چینە هەژارو پەراوێزخراوەکاندا. کەوابوو کێ لەپشت کۆنترۆڵکردنی ئامرازەکانی دەسەڵاتەوەیە؟ ئایا کەسانی بکەر و بەرهەمهێنەرن یاخود ئەو نیزامەی، کە لەپشتەوە سەرچاوەی دارایی و هێزو مەعریفەی لەدەستدایە بۆ داکۆکیکردن لەبەرژەوەندییەکانی؟ ئایا ستراکچەرێکی باڵا نییە، کە کۆنترۆڵی ئەو ئامرازانەی کردووە و بەرێوەیان دەبات لەتەک ژێرخانی ئابووریدا؟ ئەو سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە لەپشت هەموو ئەوانەوەیە کامەیە؟

کام لۆژیک ریتمی ئەو سیستمە رێکدەخات و بەرژەوەندی و وەزیفە و ئامانجەکانی دیاریدەکات؟ پەیوەندی نێوان لۆژیکی سیستم و ئایدیۆلۆژیای باوو بێ لایەنی پراکتیزەکردنەکانی تەکنەلۆژیا کە لەئارادایە، لەچیدایە؟

گرنگترین داهێنانی بۆردیۆ، کە سەختگیرانە بەرگری لێکرد ئەوەبوو، کە ئەوە کێیە خاوەنی زانیارییە و لە هەمان کاتیشدا کۆنترۆڵی دەکات، دیدی خۆی بەسەر ئەوانیتردا دەسەپێنێت، هەرچی دیاریکردنی چارەنووسیشە ئەوا بەدەست بکەرانی نەیاری سیستمەکەوەیە؟

ئەوەی کە بۆردیۆ، گرەوی لەسەر کردووە بریتییە لە: گۆڕینی تەوەری خەبات لە هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیی ستوونی باڵارۆیشتوو لەنێوان ئەوانەی کە لە ترۆپکی قوچەکی کۆمەڵایەتی، ئەوانەی لە بنکەدان بەرەو دروستکردنی پەیوەندییەکی ئاسۆیی، دژایەتیکردنی ئەوانەی باڵادەستن لەنێو سیستمەکەدا، لەپێناو کارکردن لەسەر دەمجکردنی دوورخراوە و پەککەوتوو کەمدەرامەت و پەراوێزخراوەکان.

لە ساڵی (1968)، لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی خوێندکاری و گرنگیدانی ماس میدیاکان بە پرسی سیستمی خوێندن و زانکۆکان، پییەر بۆردیۆ، بووەتە کەسایەتییەکی تەواو ناسراو، دوا ساڵەکانی تەمەنی خۆشی بۆ کار و تێکۆشانی ئاشتیانە، بەشداریکردنی سیاسییانەی کارا لەدژی فۆرمە نوێیەکانی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری تەرخانکرد.

لەو قۆناغەی تەمەنیشیدا کۆمەڵێک کتێبی بەهاداری بڵاوکردەوە لەوانە (کلۆڵی جیهان)، (تیراماني باسکاڵی)، (باڵادەستی نێرینەیی) و چەند بەرهەمێکی تر.

پەیوەندی بۆردیۆ بە سیاسەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی جەنگی جەزائیر، لەو بڕوایەشدا بووە، کە سۆسیۆلۆژیا جێی گرنگیپێدان نییە، ئەگەر بێتو لە خزمەتی مرۆڤ و کۆمەڵگەدا نەبێت، میکانیزمەکانی هەژموونگەرایی باو لەنێو کۆمەڵگەدا ئاشکرا نەکات. دیارە دەرکردنی کتێبی (کلۆڵی جیهان) لەساڵی(1993) بەر لە هەڵبژاردنەکانی فەڕەنسا، کەبەرهەمی ساڵانی کارکردنی توێژینەوەکانیەتی، کە تیایدا

دەیـان تـوێـژەری دیـکـە بـەهـاوکـاری بۆردیۆ لەپێناو ئاشکراکردنی نەهامەتی کۆمەڵایەتی، کـە بـەرئـەنـجـامـی سـیـاسـەتـی نیولیبرالیزم بـووە بەشدارییان کـردووە، لەکاتێکدا بـووە توێژینەوە زانستییەکانی تر، کە لەسەر داواو خواستی دامەزراوە دەسەڵاتدارەکان بەئەنجام گەیەنراون، تیایدا سۆسیۆلۆژیا لەپێناو باشتر کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە بەکارهێنراوە، پاش ئەو کتێبەشی زنجیرەیەک کتێبی دیکەی دەرکرد سەبارەت بەپرسە سیاسییە گەرمەکان، ئەویش بەمەرامی گواستنەوەی ئەو توێژینەوانەی، کە زانستە مرۆییەکان بەئەنجامی دەگەیاند بەرەو گۆڕەپانی خەباتی سیاسی.

یەکێک لە بەرهەمەکانی بۆردیۆ کتێبێکە بە ناونیشانی «توندوتیژی رەمزی» کە مەبەست لـە تـونـدوتـیـژی نافیزیکییە، کـە لـە رێـگـەی ئامرازەکانی پـەروەردەکـردنـەوە مەعریفە و ئایدیۆلۆژیا دەگوازێتەوە، ئەم جۆرە توندوتیژییە هەستپێنەکراوو نەبینراوە لەلای قوربانییەکانیان. لـەو کتێبەیدا رەخنە لە مارکسیزم دەگرێت، بـەو پێیـەی بایـەخێکی ئـەوتـۆی بـە فـۆرمـە

جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی رەمزی نەداوە، پتر گرنگی بە توندوتیژی ماتریالی و ئابووری داوە، لەکاتێکدا توندوتیژی رەمزی کاریگەرییەکەی زیاترە لە هەریەک لەتوندوتیژی ماتریالی و پۆلیسی، بەجۆرێک توندوتیژی رەمزی، کە شاراوەو دووبارەیە تووشی دەروونی مرۆڤ دەبێت نەک جەستەی.

توندوتیژی رەمزی لەکارەکانی بۆردیۆدا پرسێکی سەرەکییە، بەردەوامیش دژایەتی خۆی بۆ سیستمی خوێندن و فێرکاری پیشانداوە، رەخنەی توندی لە خوێندنگە و میتۆدەکانی گرتووە و پێیوایە، کە دەبێت دەوڵەت خەڵکی رابهێنێت لەسەر بەدەستهێنانی مەعریفە، نەک بەئایدیۆلۆژیاکردنی پرۆسەی خوێندن و رەنگدانەوەی کاری سیاسی لە پرۆسەی خوێندندا.

لە دیدی بۆردیۆوە سیستمی پەروەردە لە کۆمەڵگەی خاوەن چینی جیاوازدا، یەکێکە لە میکانیزمە سەرەکی و کاراکان لەچەسپاندنی ستایلێکی کۆمەڵایەتی باو لەو کۆمەڵگانەدا، بەجۆرێک بوونی چەند قوتابخانەیەکی

جیاواز لەیەک کۆمەڵگەدا، کە ئاستەکانیان جیاوازە و لەهەمان کاتیشدا ئاستی چینایەتی خوێندکارەکانشی لەو خوێندنگایانەدا جیاوازن، واتە منداڵانی چینە باڵاکان لەو خوێندنگایانە دەخوێنن، کە لەرووی جۆرییەوە باڵان، رەنگدانەوەی جیاوازی چینایەتییە، ئەوەش بۆخۆی سیمایەکی توندوتیژی رۆشنبیرییە لەکۆمەڵگە نوێکاندا. ئاماژە بەنموونەی زمان دەکات، کە منداڵ (خوێندکار)ی دەوڵەمەند لەیادەوەریدا باڵانسێکی زمانەوانی گەورەی هەیە، بەبەراورد بە خوێندکارێکی هەژار، بەجۆرێک یەکەمیان جۆرە زمانێکی ئەبستراکت و ئەتەکێتێکی باڵای هەیە، بایەخ بە رۆشنبیری و ئاستێکی فراوانی کۆمەڵایەتی دەدات، کاتێکیش هەردوکیان دەچنە تاقیکردنەوەکانەوە ئەوا دەرفەتی سەرکەوتنی زیاتر بۆ خوێندکارە دەوڵەمەندەکەیە، وەک لەهەژارەکە. ئەم واقیعە جۆرێک لە ستەمکاری رۆشنبیری لەخۆگرتووە، کە هەمووان ئیعترافی پێدەکەن بێ ئەوەی درک بەزۆرداری و ناڕەوایەتی بکەن، بۆیە نادادپەروەریانەیە هەردوو خوێندکارەکە

بەشداری یەک جۆر لە تاقیکردنەوە بکەن، لەکاتێکدا جیاوازی زۆر لەنێوانیاندا هەیە لەرووی بالانس و دەرفەتی سەرکەوتن.

بە بۆچوونی بۆردیۆ تەلەفیزیۆن رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە ژیانی رۆژانەی مرۆڤدا، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆش پشکی هەیە لەپەروەردەکردنی منداڵاندا. هەرچی سیماکانی توندوتیژییە لە تەلەفیزیۆندا پڕکردنەوەی کاتەکانی بینەرە بە هەندێک شتی ناپێویست (کەم بایەخ)، کە بەوەش کاتەکەیان لەکیس دەدات بەشتی بێمانا و لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵێک شتی بەهادار دەشارێتەوە. بەم شێوەیە کاتێک تەلەفیزیۆن هۆشیارییەکی ساختە بڵاودەکاتەوە، یاخود زانیارییەکان ناخاتەروو، پشکداردەبێت لە تێکشکاندنی هۆشمەندی.

بۆردیۆ پێیوایە کاری تەلەفیزیۆنی پشت بە خێرایی دەبەستێت، هەر لەبەرئەوەشە تەلەفیزیۆن جێگەیەکی باش نییە بۆ بیرکردنەوە، هەربۆیە تەلەفیزیۆن لە دیدارەکانیدا پەنا بۆ بیرمەندە خێراکان (fastthinkers) دەبەن، کە هەڵگری بیری پێشوەختن لە بارەی بابەتی

پێشنیازکراو ترسیان نییە لە گرفتی دیدار، چونکە ئەو ئایدیا پێشوەختانەیان کە جەماوەر دەیزانێت ژەمێکی (FAST FOOD) رۆشنبیری دەستدەکەوێت. بە دیدی بۆردیۆ یەکێک لە کێشە گەورەکان، کە تەلەفیزیۆن دەیخاتەڕوو بریتییە لە: پەیوەندیی نێوان بیرکردنەوە و خێرایی، بەوەش پێویستە بیرمەندان لە دیدارە تەلەفیزیۆنیەکانیاندا زۆر بەخێرایی بیربکەنەوە، هەروەها رادیۆ و تەلەفیزیۆن لەنێو سیستمە نادیموکراسییەکاندا دەچنە ریزی ئەو ئامێرانەی، کە لە هەوڵی دابینکردنی هەژموونی دەسەڵاتدان بەسەر جەماوەردا.

بۆردیۆ پێیوایە لەنێو هەر کۆمەڵگەیەکدا باڵادەست و ژێردەستبوونیان هەیە، ئەو هەژموونگەرای و باڵادەستییەش لەسەر بارودۆخی سەرچاوە و ستراتیژی بکەرەکان راوەستاوە، هەر بوارێکیش بۆخۆی کایەی رکابەرایەتیکردن و ململانێیە، بۆنموونە کایەی بواری رۆژنامەوانی ئەو کایەیە، کە لەلایەن گەورە ماس میدیاکان و هەندێک لە و رۆژنامەنوسانەی «رووداو دروستدەکەن»

دەستی بەسەردا گیراوە، لەنێویشیاندا ڕۆژنامەنوسانی ژێرەوە دروستدەبن. دیارە هەر کایەیەکیش خاوەنی ڕێسای گەمەکردنی تایبەتی خۆیەتی: لە جیهانی ئەدەبدا باشتر وایە سەرمایەی ڕۆشنبیری و سەرمایەی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنرێت (تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان-ئاهەنگی کۆکتێل و ماستاوکردن) لەبری بەکارهێنانی سەرمایەی ئابووری. لەگەڵ ئەوەی هەرتاکێک سەر بەکایەیەکە، بەڵام هەموو تاکەکان لەو کایانەدا لەهەمان پلەوپایەدا نین.

بۆردیۆ چەمکی گەمە بۆ وەسفکردنی تاودانی کایەکان بەکاردەهێنێت، گەمەی کۆمەڵایەتی وەک گەمەی کاغەز، یان گەمەی شەترەنج تەماشادەکات، بەجۆرێک هەرتاکێک پێگەیەکی ئیجابی کەم، یان زۆری هەیە، خاوەنی زەمینە و کارتی براوەیە (سەرمایەی ئابووری، ڕۆشنبیری کۆمەلایەتی) کە کەمێک یان زۆر گونجاوە.

زۆرێک لەبکەرەکان دەتوانن ستراتیژەکان لەپێناو باشکردنی بارودۆخیان بەکاربهێنن.

## سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراون:

1- بيير بورديو، أسئله علم الاجتماع، ترجمه إبراهيم فتحى، دار العالم الپالپ، القاهره، 1995.

2- بيير بورديو، العقلانيه العلميه، ترجمه عادل العوا، دار كنعان، دمشق، 2000.

3- بيير بورديو،الرمز والسلگه،ترجمه عەبدالسلام بنعبد العالى،المغرب،2007.

4- بيير بورديو،التلفزيون واليات التلاعب بالعقول،ترجمه درويش الحلوجى،داركنعان،دمشق،2004.

5- سعيد فرح، حال علم الاجتماع فى مصر، ندوه دراسات فى علم الاجتماع، مركز البحوپ والدراسات الاجتماعيه، القاهره، 2003.

6- مصگفى خلف، قچايا معاصره فى نقريه علم الاجتماع، مركز البحوپ والدراسات الاجتماعيه، القاهره، 2003.

7-وتارێكى زوهێر ئەلخويلدى بەناونيشانى» تيۆرەى هابيتوس و سەرمايەى رەمزى لاى پييەر بۆرديۆ « سايتى دروب.

# زمانی ڕێگەپێدراو؛
# هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکانی
# کارایی گوتاری سروتی

پییەر بۆردیۆ

لە فەرەنسییەوە: ئەبوبەکر جاف

«گریمانەی ئەوە بکەن، بۆ نمونە، کە من سەرنجی کەشتییەک دەدەم لە کەنارێکی دروستکردنی کەشتیدا، نزیک بوومەوە لێی و بوتڵێکی هەڵواسراوم شکاند، بەوەی کێشام بەسەر کەشتییەکەدا و رامگەیاند: «من ئەم کەشتییە ناو دەنێم ژۆزێف ستالین» دواتر بۆ ئەوەی دڵنیابم لەوەی کردوومە، فڕێمدایە ناو بەندەرەکەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە لە سەروی هەمویەوە، کە من هەرگیز ئەو کەسە دیاریکراو و ناولێنراوە نەبووم، کە ئەم کارەم پێڕاسپێردرابێت یا پێڕاسپێرن».

***(J.L. AUSTIN. QUAND DIRE C.EST FAIRE. HOW TO DO THINKS WITH WORDS)***

ئەو پرسە سادەیی و روکەشانەی لە بارەی دەسەڵاتی وشەکانەوە دەوروژێنرێت، بە شێوەیەکی لۆژیکی تاوانبار و بەشدارە لە لابردن و بێبەهاکردنێکی سەرەتایی و ریشەیی لە پرسی بەکارهێنان و بەکارخستنی زماندا، واتە هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێنانی زمان. لەو کاتەوەی کە زمانمان وەک ئۆبژەیەکی سەربەخۆ خستۆتە ناو توێژینەوەوە، بە وەرگرتن

و قبوڵکردنی ئەو جیاکردنەوە رادیکاڵییەی کە سوسێر بە سەر زماندا هێنای، لەوەی زمانەوانی ناوەکی و زمانەوانی دەرەکی لێکتر جیاکردەوە، جیاکردنەوەکەی لە نێوان زانستی زمان و «زماننـاسی» و زانستی بەکارهێنانە کۆمەڵایەتییەکانی زمـان، ناچارکرابووین بە گەڕان و توێژینەوە لەبارەی دەسەڵاتی وشەوە لەناو خودی وشەدا، بەو مانایەی لەو شوێنەی، کە نە دەسەڵاتی وشەو نە هێزی وشە بوونی هەیە.

لە راستیدا هێزی دەستەواژەو گوزارشتەکان لە گەیاندن و راگەیاندن لەناو خودی وشەکاندا نییە، ئەو وشانەش کارناکەن تەنیا لەسەر هێما و ئاماژەوە نەبێت، بۆ ئەم هێزە، بۆ باشتر نواندنی بە دروستی، ئەمەش بەدەگمەن روودەدات و حاڵەتێکی هەڵاوێردەیە – ئەمەش بەو مانایەی لە دۆخێکی ئەبسترەیت و دەستکردو دروستکراوی ئەزمونیدا- ئەمە کاتێک ئاڵوویرە سسیمبولییەکان (Les Echanges Symboliques) تەنیا دەبنە پەیوەندیەکی رووت و قووتی بە یەکگەیشتن، یان بەیەک

گەیەنەر، ناوەڕۆکی ئەم پێکگەیاندن و بە یەککگەیاندنە بەگشتی دەکەنە ماناو تێگەیەکی هەواڵی بۆ راگەیاندن. دەسەڵاتی قسەو باسەکان (LE POUVOIR DES PAROLES) هیچ نییە جگە لەو دەسەڵاتە پێدراو ڕاسپێراوەی (LE POUVOIR DELEGUE) (قسەکەرو وتەبێژ (PORTE-PAROL) LA لە لایەنێکی تایبەتەوە پێیدەدرێت. لەوبارەوە کە وشەکانی (ماناو تێگەی گوتار و شێوازی قسەکردنی لە هەمانکاتدا) زۆر گرنگی پێنەدراوە، بە ئەرزش نەگیراوە، ئەوکاتە بریتی دەبێت: لە گەواهیدانێک لەناو گەواهیدانەکانی تردا، لە خاوەندارێتیەکی پێدراو و راسپێراودا.

ئەمەش سەرچاوەی ئەو هەڵەیەیە کە لای (ئۆگەستین) بە وێنەیەکی تەواو دەبینرێت و پێشکەشکراوە و دواتریش لای هابرمانس. کاتێک لەو بڕوایەدایە کە لە خودی گوتار خۆیدا، واتە لە مادە و کەرەستە زمانەوانییەکەی قسەکردن –ئەگەر بەم شێوەیە دروستبێت بۆ وتن– هۆکاری راڤەکردنی کاراییبوونی قسەکردن دەبینین. ئەوەی دەیەوێت لە ڕێگەی

زمانەوانییەوە، دەسەڵاتی دیاردە زمانەوانییەکان و پانتاییەکانی تێبگات، ئەوەشی دەیەوێت لەناو زماندا لە هۆکار و عیللەتێک بگەڕێت بۆ کارایی زمانێکی دەزگایی و بە دەزگابوو، لۆژیکی فەرمانڕەوایی ناو زمانەکە، ئەوە لەیاددەکات، لەبیریدەچێت، کە زمان دەسەڵات لە دەرەوە وەردەگرێت، ئەمەش لە شیعرەکانی هۆمیرۆسدا دەبینرێت، کاتێک گۆچانەکە بۆ وتاربێژەکە درێژدەکات، لەو کاتەی قسەی بە دەستە. ئەوەی کە لەوپەڕیدا زمان دەینوێنێت، نوێنەرایەتی ئەم دەسەڵاتە دەکات، پاکی دەکاتەوە، هێمای بۆ دەکات. گومان هەڵناگرێت کە بنەما رەوانبێژییەکان، سەرجەم فۆرمەکانی گوتاری دەزگایی جیادەکاتەوە، ئەوانەی کە لە دەزگاوە دەردەچن، واتە ئەو قسەوباسە فەرمییانەی، کە لەلایەن کەسێکەوە رێگەی پێدراوەو وتەبێژ بێت، ئەوەی کە دەسەڵاتی قسەکردنی بە ئاشکرای پێدەدرێت، ئەو دەسەڵاتەیە کە لە چوارچێوی ئەو پێبەخشین و تەفویزەدا، کە دەزگا پێی بەخشیوە. ئەو تایبەتمەندییە زمانەوانیانەی، کە شێواز و ستایلی قەشەکان، مامۆستایان و دەزگاکانی بە

شێوەیەکی گشتی پێدەناسرێتەوە، لە چەشنی نەریت و شوێنکەوتن و دوبارەکردنەوە، خستنە ناو وەرگرتنی چوارچێوەی حازربەدەست و ئامادەکراو، بێکێشەیی، لەو پێگەو مەکانەتەوە وەریدەگرێت کە هەیەتی، لە کێڵگەو کایەی ململانێ و رکابەریکردندا، لێرەشەوە دەسەڵاتیان پێدراوە. تەنها ئەوەندە بەس نییە —وەک ئەوەی لە هەندێگ جێگەدا بۆ خۆ دوورخستنەوە لەو بارگرانیەی، کە هەموو توێژینەوەیەک لەبارەی زمانەوە رووبەرووی دەبێتەوە، ئەو توێژینەوانە نیگایەکی ناوەکی و هەناوییان بۆ زمان هەیە، کە بەکارهێنانی زمانێک لەلایەن قسەکەرەوە لە هەمانشوێندا کە هەیەتی، لەگەڵ ئەو جیاکاری و تایبەتمەندییانەی وەک شێوازو ستایل و کارێکتەرەی، کە کۆمەڵگە پێی بەخشیوە. ئەوەی مانای لاوەکی بەسەر وشکەکانیدا دەسەپێنێت، پەیوەستە بە کۆنتێکستێکی تایبەتەوە، کە ئەم گوتارە دەوڵەمەند دەکات بە ماناگەلێک لە هێزی رەوانبێژییەوە چنگی دەکەوێت.

لەڕاستیدا، بەکارهێنانی زمان، مەبەستم لە ماناو ناوەڕۆکی گوتار و چۆنێتی ئەداکرنیەتی

لە هەمانکاتدا، لەسەر بنەمای پێگەی کۆمەڵایەتی قسەکەر دەوەستێت، ئەو پێگەیەی کە تەحەکوم بە بەختییەوە دەکات بۆ بەکارهێنانی زمانی دەزگا و بەکارهێنانی زمانی فەرمی ڕێگەپێدراو. پێداگیربوون و بە توانایی لە ئامرازەکانی گوزارشتێکی رەوا و ڕێگەپێدراو بەتەنیا، واتە بەشداریکردن لە دەسەڵاتی دەزگادا، نەک خودی گوتارەکە، ئەمە وامان لێدەکات، کە جیاکاری بکەین لەنێوان فێڵی گومڕاکەران، ئەوانەی قسەی پڕبەهادار دەڕازێننەوە بەو شێوەیەش پێشکەشی دەکەن، کە تەنیا وەسفێکی راپۆرتیی و سەرپێییە، بەرامبەر ئەوانەی کە گومڕاکردن و لە ڕێلادانی ڕێگەپێدراو شەرعییان هەیە، لەلای ئەوانەی بە هەمان پەردەپۆش کردنەوە دێنەدەنگ، بەڵام بە مۆڵەتی دەزگاو پشتبەستن و پشت ئەستور بوون بە دەسەڵاتی ئەم دەزگایە. قسەکەرێک بە زمانێکی گومڕاکەرانەوە ڕێگەی پێدراوە، فەرمانیپێکراوە بە قسەکردن.

وەک ئەوەی ئۆگەستین سەرنجی داوە، ئەگەر کۆمەڵێک دەستەواژە هەبن، ئەرکیان تەنیا لە وەسفی پێگە و دانان بە واقیعدا

دەرنەکەوێت، بەڵکو لە (هەستان بەکارێکدا) دەرکەوێت. ئەمەش لەبەرئەوەیە، کە هێز و دەسەڵات و پانتایی وشەکان بەو شێوەیە بەکارناهێنرێت، تەنیا بەکارهێنانێک، مەبەست لێی گوزارشت و رادەربڕینێکی کەسییە لەلایەن ئەوانەی کە هەڵگرینی و بەو زمانە دێنەگۆ. ئەوەی کە راسپێراوە بە زمانێک بێتە گۆ، کە نەتوانێت لە رێگەی وشەکانەوە کاریگەربێت لەسەر ئەندامەکانی تر، بەڵکو لە رێگەی کارەوە لە رێگەی خودی شتەکانەوە. ئەمەش لەوەوەیە کە قسەکانی پڕکراون بە سەرمایەیەکی سیمبۆلی وەها لەلایەن ئەو کەسانەوە، کە رایانسپاردووە بۆ قسەکردن و دەسەڵاتیان پێداوە. یاساکانی فیزیای کۆمەڵایەتی تەنیا لە روکەشدا لە یاسا سروشتییەکان جودان. ئەو هێزەی کە وشەکان بەسەریدا دەشکێنەوە و لە خۆیانی دەگرن-کارەکە بۆ دەستخستنی کارێک بەبێ نواندنی هیچ هەوڵێک -ئەمەش ئەو کاریگەرییە ئەفسوناویی و سیحرییەیە، کە خوازراوە، ویستراوە. ریشەکانی لەو سەرمایە رەمزییە دایە، کە گروپێک لە رێگەی کارەکەیەوە

بۆی ڕەخساندووە. ئەمەش بەرهەمهێنان و وەگەڕخستنی دەکەوێتە سەر کۆمەڵێک هەلومەرج، کە دروشمەکانی ئەم سیحرە کۆمەڵایەتی و سروتیانە دیاریدەکەن. زۆربەی ئەو هەلومەرجانەی، کە پێویستە فەراهەمبێن، بۆئەوەی کورتکراوەیەکی قسەبکات. لەوەدا چڕو کۆ دەبێتەوە، لە گونجاندنی نێوان قسەکەر، یان وەزیفە کۆمەڵایەتییەکەی و ئەو گوتارەی کە دێنێتە گۆ. هەر ئامرازێکی قسەکردن ناچارە بە شکست ئەگەر لەلایەن کەسێکەوە نەبێت، کە دەسەڵاتی هەبێت، بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر (کەس و هەلومەرجە تایبەتییەکان گونجاو، لەبار نەبن بۆ پراکتیزەکردنی ئەو بنەمایانەی، کە ئەم کارەی پێوە پەیوەستە. بە دەستەواژەیەکی کورت، ئەگەر قسەکەر نەبووبێتە خاوەنی، یان دەستی بەو دەسەڵاتە نەگەیشتبێت، کە ڕێگەی پێدەدات بە قسەکردن و بە دەربڕینی ئەو وشانەی دەریدەبڕێت. ڕەنگە لە هەموی گرنگتر ئەوە بێت: پرۆسەو کارەکانی سیحری کۆمەڵایەتی، کە کردەگەلی دەسەڵاتین، یان کۆمەڵێک کارنواندنی ڕەواو ڕێگەپێدراو،

دەوەستێتە سەر فەراهەمبوونی ئەو کۆمەڵە هەلومەرجە پێکەوە گرێدراوەی، کە ریتواڵ و دروشمە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر پێکهێنراوە. ئێستاکە ئەوە روندەبێتەوە، کۆی ئەو هەوڵانەی دراوە، بۆئەوەی لە لۆژیکی زمانەوانیدا، لەوەی کە کار لەسەر فۆرمە جیاوازەکانی مانابەخشین و رەوانبێژی و شێوازگەرایی کراوە، هۆکاری ئەو کاراییە سیمبولییەی ئەم فۆرمانە ناچارن شکستی خۆیان رابگەیەنن، مادام پەیوەندی دروستناکەن لە نێوان تایبەتمەندییەکانی گوتار، سیفەتی ئەوەی کە ئەدای دەکات، سیفەتی ئەو دەزگایەی کە ئەم رادەسپێرێت بە ئەداکردنی. ئەو کارەی ئۆستین پێی هەستا، لە دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی بەرهەمهێنانی قسەیی، کەموکورتییەکانی، هەروەها چاکەکانیشی، دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی لەسەر ئەوە ناوەستێت کە بڕوا دەکەین و لەو بڕوایە داین لەسەری وەستاوە. ئەو، کە لەو بڕوایەدابوو کارەکەی بەژدارییە لە فەلسەفەی زماندا، توێژینەوەکانی تەنیا لە گروپێکی دیاریکراو دیاردەی سیمبۆڵی قەتیس کردبوو، تێیدا گوتاری دەسەڵاتخوازی

فۆرمێکی نوێی نواندبوو، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ کارایی جۆری، بەو پێکهاتنەی لە خۆیدا دەکشایەوە بەسەر سەرچاوەی دەسەڵات و ئەو هێزەی، کە لە راستیدا لەو دەزگایانەوە درێژدەبونەوە بۆ رێگەدان بە بەرهەمهاتنی و ئاڵوویرکردنی. تایبەتمەندی گوتارێکی دەسەڵاتخوازی (وانەی مامۆستایەک، وتاری وتاربیژێک...) هەندێک جار وا دەکەوێتەوە وەرنەگیرێت، یان بەس نەبێت بۆ وەرگرتن، یان نەتوانرێت وەربگیرێت (بەڵکو پێویستە وا نەبێت لە هەندێک کاتدا بێئەوەی نفوزی ونبکات). ئەو کردەیەکی تایبەتی خۆی نانوێنێت، تەنیا بەو مەرجە نەبێت، کە دانی پێدانرابێت وەک گوتارو دەسەڵاتی فەرمانڕەوا. ئەم دانپێدانان و ناساندنەش –کە هاوشانە لەگەڵ تیگەیشتندا– بە ئاسانی و سانایی تەواونابێت، بەڵکو بە هەلومەرجی تایبەت، ئەمەش بەکارخستنی پرۆژەکە دیاریدەکات: قسەکردن و دواندن پێویستە لەلایەن کەسێکەوە بێت، کە رێگە پێدراو، مۆڵەتپێدراو بێت، واتە لە لایەن ناسین و ناساندنێکەوە بەو شێوەیەی ئەم کەسە

شایستەی بەرهەمهێنانی بڕێکی دیاریکراوە لە وتاردان. ئەم لێهاتووە بەم کارە، (وەک قەشەکان، مامۆستایان، شاعیران، وەک چۆن پێویستیشە لە پێگەو شوێنێکی ڕەواو گونجاودا بیانکات، واتە لە بەرانبەر گوێگرانی گونجاو (بۆ نمونە ناتوانین قەسیدەو شیعرێکی سوریالی لەبەردەم لیژنەیەکی حوکومیدا بخوێنرێتەوە). لە کۆتایشدا دەبێت وتارەکە وێنەیەکی شەرعی و یاسایی بنوێنێت (واتە ملکەچی یاساکانی رستەسازی و گرامەری بێت...). بەم شێوەیە ئەوەی کە دەتوانین ناوی لێ بنێین هەلومەرجی سروتی و ریتوێلی، مەبەستمان کۆمەڵێک ڕێسایە تەحەکوم دەکەن بە شێوازیی فۆرم و دەرکەوتنی گشتی دەسەڵات و ڕێوڕەسمی ئاهەنگ و بۆنەکان، هەروەها ئەو ڕێسایانەی کارەکان ڕێکدەخەن، ڕێکخستنێکی فەرمی سروت و ریتواڵەکان بێت. ئەمانە پێکنایەن، تا بەدیهاتنی یەکێک لە مەرجە هەرە دەرکەوتەکەی ناو کۆمەڵێک هەلومەرمەرج، گرنگترینیان ئەوەیە، کە کاری ڕەخساندن و گونجانی دانپێدانان و ناساندنە، واتە لە یەککاتدا هەم لەبیرکردن و هەم باوەڕدروستکردن بێت،

بۆ ئەو دەسەڵاتەی هێزی زۆر دەبەخشێتە پرۆژەکەو باوەڕ بە دەسەڵاتی دەهێنێت. ئەگەر گرنگیەکەمان کورتبکەینەوە بە تەنیا لەسەر ئەو هەلومەرجە وێنایانەی کاریگەری سروتییان هەیە، ئەمە وامان لێدەکات ئەو هەلومەرجە سروتیانە لەبیربکەین، کە پێویستە فەراهەم بێن بۆ ئەوەی هۆکارە سروتییەکە کاری خۆی بکات و لە هەمانکاتدا ڕێوڕەسمەکانیش کارامەو کاریگەر بن، ئەمەش بەس نییە ئەگەر هەلومەرجەکان پێکەوە کۆ نەبووبنەوە: زمانی دەسەڵات ناتوانێت فەرمانڕواو باڵادەست بێت، تەنیا بە هاوکاریی ئەوانە نەبێت، کە فەرمانڕەوایی دەکرێن، واتە بە بەشداریی ئەو میکانیزمە کۆمەڵایەتییە بە توانایانەی، کە کاریان بە جێگەیاندن و گونجاندنی ئەم دۆخەیە، ئەمەش لەسەر نەزانین و بێئاگایی بەندە و سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتێکە. بۆئەوەی ڕێژەی ئەو هەڵەیەمان بۆ ڕوون ببێتەوە، کە ئۆستین تێی کەوتووە و بووە بە قوربانی، لەگەڵ سەرجەم ئەو شیکاری و راڤەکردنە ساناو تەسکانەی سیستەم و رژێمی هێمایی. تەنیا

ئەوەندە بەسە ئاماژەبکەین، زمانی دەسەڵاتگەرا تەنیا سنوری کۆتایی زمانی پرۆژەکەیە، ئەوەی دەسەڵاتی لە کۆمەڵێک گۆڕاوی قسەکردن و چەندێتی گۆکردن وەرناگرێت، ئەوانەی کە سنوربەندی گۆکردن دەکەن، وەک ئەوەی راسیزمی چینایەتی بانگەشەی بۆ دەکات، هەروەک چۆن لە ئاڵۆزکردنی پێکهاتەی گرامەری و دەوڵەمەندی زارەکییەوە وەرناگرێت، واتە ئەو تایبەتمەندیانەی، کە پەیوەستن بە خودی وتارەکەوە، بەڵکو لەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی مەعریفە بەو زمانە رێگەپێدراو مۆڵەتپێدراوە، کارکردن بۆ ناساندن و دانپێدانانی لەناو چینە کۆمەڵایەتییەکاندا. پراکتیزەکردنی ئەزموونیانەی ئەم شیکارانە لەوێدا دەبینرێن، کاتێک قەیرانی دەزگای ئایینی لکابوو بە قەیرانی گوتاری سروتی و ریتواڵی لە ئەوروپا، ئەوکاتە ئەو دەزگایانە دەیپاراستن، خۆراکی پێدەدان، پاڵپشتی دەکردن. ئا لێرەوە بێمانایی شیکارو راڤە سوەرییەکانی ئۆستین-مان بۆ دەردەکەوێت، کە لە رێگەیەوە لە

دەسەڵاتی ئەدای قسەکردن و کاریگەرییەکانی و ئاستە هەژارییەکەی دەڕوانی. ئەمەش ئەگەر بێت و بەراوردیان بکەین بەو شیکردنەوەو رەخنەگرتنە توندانەی، کە قەیرانی کڵێسای لەسەر راگیرابوو، ئەوکاتانەی جیاکارییەک دەکرا لە نێوان ئەو رەگەزە جیاوازانەی سروتە ئایینییەکانی پێکدەهێنا لە ئەندامان، ئامرازەکان، شمەکەکان، چرکەسات و پێگەکانیان. ئەو رەگەزانەی کە پێشوتر وا دەردەکەت پێکەوە گرێدراون لەناو سیستەم و رژێمیکی هارمۆنی و ڕێکخراودا، ئەمەش تەنیا ئەو رێکخراو و دەزگایانە هاوشانی بوون، بەرهەمی دەهێنان، یان بەرهەمی دەهێنانەوە، لە رێگەی نماشیکردنی ئەو وێنە شێوینراوانەی کە لکابوون بە رێوڕەسمە سروتییە ترادیسیۆنەکانەوە، بە شێوەیەکی نەرێنی کۆمەڵێک هەلومەرجی دەزگایی دەردەکەوتن، کە پێویست و ناچاری بوون بە فەراهەمبوون، تا دانبنرێت بە وتار و گوتارێکی سروتیدا، واتە بۆ ئەوەی ئەم وتارە وەربگیرێت بەو شێوەیە، کە هەیەو دەخوازرێت پێشوازی لێبکرێت.

**سەرچاوە:**

PIERRE BOURDIEU ، LANGAGE ET POUVOIR SYMBOLIQUE، EDITION FAYARD. LE LANGAGE AUTORISE : LES CONDITIONS SOCIALES DE L، EFFICACITE DU DISCOURS RITUEL ، P ، 159169-

# سەرمایەی ڕەمزی و چینە کۆمەڵایەتییەکان

*Capital symbolique et classes socials*

پییەر بۆردیۆ

لە فەرەنسییەوە: ئەبوبەکر جاف

«بۆ ئەوەی خانەدان بیت، دەبێت دەستبڵاو و بەخشندەبیت. ناچاریت بە خۆدەرخستن، ناچاریت بە جوامێریی و بەخشندەیی، من زیاتر دەڕۆم و جەخت لەوەدەکەمەوە، کە ئەم مەیل و ئارەزووە بۆ دەستبڵاوی، لە سەرەتای سەدەی سێزدەیەمدا دەرکەوت، ئەمەش وەک پەرچەکردارێکە لە بەرامبەر گەشەکردن و سەرکەوتنی کۆمەڵایەتییانەی دەوڵەمەندە نوێیەکان.

جیاکاری و جیاوازبوون لە جوتیارەکان، پێویستی بەوە هەبوو لەڕووی چینایەتییەوە بەسەریاندا سەربکەویت، ئەمەش بە خۆدەرخستن لەوەی تۆ لەوان باشترو زیاتری لە بەخشین و دەستبڵاویدا. ئەمەش ئەو شتەیە، کە ئەدەبی سەردەمەکە زیاتر دەریدەخست و زەقی دەکردەوە، ئەوە چی بوو، سوارچاکێکی رەسەنی جیادەکردەوە بەرانبەر ئەم سەردەمە نوێیە لە خوا پێداوی؟ لەبەرئەوەی ئەویتر چاوچنۆک بوو، بەڵام ئەوەی یەکەم خانەدانە، چونکە بە هەموو سنگفراوانییەکەوە ئەوەی هەیەتی دەیبەخشێت.

G. Duby. Hommes et Structures du moyen Age

هەموو هەوڵێک لە پشتەوەی دابەشکردنی زانستی چینەکانەوە، پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرێت، کە ئەندامەکان، بکەرەکان لە کۆمەڵگەدا وا دەردەکەون وەک ئەوەی بە دوو خەسڵەت و تایبەتمەندیی بابەتی جیاواز خۆیان دیاریبکەن: لەلایەکەوە کۆمەڵێک خەسڵەتی ماتریالی هەیە، ئەمەش لە جەستەدا دەستپێدەکات، گونجاو و لەبارە بۆ چەندێتی و دیاریکردن و پێواندن، ئەمەش وەک هەر بابەتێکی تر لە بابەتەکانی سروشت. لەلایەکی ترەوە کۆمەڵێک خەسڵەت و تایبەتمەندیی سیمبوڵی، دەرهاویشتە و دەرەنجامی ئەو پەیوەندیانەیە لەگەڵ ئەو سوژانەی تر، کە توانراوە پەی پێببردرێت و بەهاکانیان بەهەند وەربگیرێت، ئەمەش پێویستی بەوەیە بە لۆژیکی تایبەتی خۆی لێی بڕوانین. بەو مانایەی، واقعی کۆمەڵایەتی رێگە و مۆڵەت بە دوو شیکردنەوەی جیاواز دەدات: لەلایەکەوە جۆرە شیکردنەوەیەک خۆی بەکارخستنی ژمێریاریانەلی پڕچەک کردووە بۆ دروستکردن و پێکهێنانی خشتەو دابەشکردنەکان (بە مانای ژمێریاری و ئابوورییانە). ئەمەش گوزارشتێکی

چەندایەتییە لەبارەی چۆنێتیی دابەشکردن و بەشکردنی چەندێکی دیاریکراو لە وزەی کۆمەڵایەتی لە نێوان ژمارەیەکی زۆری کەسە کێبڕکێکارەکاندا. ئەم چەندێتییەش لە ڕێگەی «ئاماژەی بابەتییەوە «دیاریدەکرێت (واتە لە ڕێگەی تایبەتمەندییە ماتریالییەکان). لەلایەکی ترەوە شیکردنەوەگەلێک هەیە، هەوڵدەدات کۆمەڵێک دەلالاتی چنگ بکەوێت، دەستیبکەوێت لە ئەنجامی دەرهێناندا، لەگەڵ زەقکردنەوەو دەرخستنی ئەو پرۆسەو کارە زەینیانەوە، تێیدا ئەندامان لە ڕێگەیەوە ئەم دەلالەت و مانایانە بەرهەمدێنن. ئاراستەی یەکەم دەیەوێت پەیبەرێت بە (واقعی) بابەتی، تەنیا ڕێگەیەک بۆ پەیبردن بەم واقیعە تەنیا پەیبردنێکە بە ئەزمونێکی سادە، وەک چۆن هەوڵی کەشفکردن و دۆزینەوەی (یاساگەلێک) دەدات، واتە پەیوەندییە دەلالەتکارەکان، ئەمەش پەیوەندیگەلێکی هەڕەمەکی نین، پارچەو بەشەکان پێکەوە دەبەستێتەوە.

هەرچی ئاراستەی دووەمە بابەتێک: وەردەگرێت نەک واقع، واتە ئەو نوێنەرایەتی و

نواندنانەی، کە ئەندامەکان پێکیدێنن، ئەو نواندن و دەرکەوتنانەی (واقعێک)، کە سۆسیۆلۆژێک پەیپێدەبات، لەسەر ئاڕاستەی فەلسەفەی ئیدیالیزمی، لە چەشنی نواندن و نوێنەرایەتیکردن و ئیرادە). کەسانێک هەن بڕوایان بە «واقع»ێکی سۆسیۆلۆژی هەیە «سەربەخۆ و جیاواز لە هۆشیاری و ئیرادەی تاکەکان». لێرەشەوە زانست دابڕانێک لەگەڵ نواندن و وێنە ... دروستدەکات، ئەوەی دۆرکهایم پێیدەڵێت (چەمکە پێشینەییەکان)، لەگەڵ ئەوەی کەسانێک هەن، واقیعی سۆسیۆلۆژی دەگەڕێننەوە، بۆ ئەو نواندن و وێنانەی تاکەکان لەلایان دروستبووە. ئەمەش وەک بابەتێکی مەعریفی وەردەگیرێت، وەک یەکەمین کار بۆ سۆسیۆلۆژێک. ئەم زانستە «کە تەنیا راپۆرتێکە لەبارەی راپۆرتەکانەوە» و ئەوەی (گارفینکڵ Garfinkel) دەیڵێت، واتە بابەتێکی تری بۆ وەردەگرێت بە (زانستێکی تر، ئەمەش ئەوەیە لە رێگەیەوە، بە هۆیەوە تاکەکان مومارەسە دەکەن. لێرەشدا تەنها دەکرێت ئەو تۆمارکراوانە تۆماربکرێت، کە سۆسیۆلۆژێک هەوڵی بۆ داوە، لە کۆتاییشدا

دراوێک و دەرهاویشتەیەکی ستراکتۆر و بونیادە زەینییەکانن واتە زمانەوانی.

بە پێچەوانەی فیزیای کۆمەڵایەتییەوە، سۆسیۆلۆژی ناتوانێت تەنها و تەنها بگەڕێتەوە بۆ تۆمارکردنی بەشەکانی (زۆرجاران پێکەوە پەیوەندن) ئاماژە ماتریالییەکان، ئەمەش لەبارەی جۆرە جیاوازەکانی سەرمایەوە، بێئەوەی ئەم زانستەش بە شێوەیەک شیکار بکات، وەک ئەوەی (راپۆرتێک بێت لەبارەی راپۆرتەکانەوە). پێویستە لەسەری مەعریفە زانستییەکەی لەبارەی بابەتێکەوە بەو چەشنە لێبکات، کە مەعریفە زانستییەکانی ئەندامەکانی تێدا بە هەند وەرگیرابێت (بابەتەکە) لەبارەی بابەتەوە. بە دەستەواژەیەکی تر، پێویستە لەسەری، مەعریفە زانستییەکەی لەبارەی دەگمەنی و کێبڕکێکانەوە لەپێناوی مۆنۆپۆلکردنی چاکەو سەروەتە دەگمەنەکاندا رەچاوکرابێت، ئەو مەعریفەیەش بگرێتەوە، کە لای هەندێک لە ئەندامەکان دروستبووە، دروستبونێک لە ئەنجامی دابەشکارییە تاکی و گروپییەکان، ئەم دابەشکارییە کەمتر بابەتی نییە

لەو دابەشکردنانەی، کە خشتە ژمێریارییەکان لە فیزیای کۆمەڵایەتیدا دایان ناوە.

پرسی چینە کۆمەڵایەتییەکان، هەلێکی وامان بۆ دەڕەخسێنیت پەی بە دژایەتی و ناجۆریی ئەو دوو گۆشە نیگایەی پێشەوە بەرین: ململانێی لە نێوان ئەوەی دەیەوێت جەخت لە بوونی چینەکان بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی دەیەوێت نەفی بکات. ئەو کاتەی دەردەکەوێت دابەشبوون و دابەشکردنە کۆمەڵایەتییەکان بازنەی ململانێکەن، لە واقع و لە راستیدا پێکدادان و دژبوونێکی زۆر گرنگ دەشارێتەوە، ئەمەش پەیوەستە بە تیۆری سۆسیۆلۆژەکە خۆیەوە، لێردا کەسانێک هەن لەسەر بنەمای پێداویستی خۆیانبینای دەکەن. گۆشەنیگاو تێڕوانینی فیزیای کۆمەڵایەتی تەنها و تەنها چەمکی میتۆدۆلۆژی، یان وتراوی ژمێریارین، بە شێوەیەک توێژەر بە زۆرەملێ دەیسەپێنێت، ئەمەش دابڕان و جیابوونەوە لە واقعێکی پەیوەست بەیەکدا و پەیوەند بەیەکدا دروستدەکات، بەڵام ئەوانی تر هەوڵی پێکهێنانی چینە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن لەسەر ئەزموونی ئەندامەکان. ئەوان هەوڵی ئەوەدەدەن ئەندامەکان

دانیـن بـه بـوونـی چینه جیـاوازەکـانـدا بەپێی ئەو ئیمتیاز و خەسڵەتانەی هەیانە، دەتوانن کەسانێک وەک ئەندام لە سایەی ئەم چینە کۆمەڵایەتییانەدا بکەنە ژوورەوە، ئەمەش بە سازانیان بەپێی پێوەرگەلێک، کە دەرکەوتنەکەی زیاد و کەم دەکات. بەو شێوەیەش پەی بەخۆیان دەبەن لەوەی ئەندامن لە چینەکاندا.

ئەو پێکدادان و دژیەکییەی لەنێوان تیۆری مارکسیدا، لەو وێنە بابەتییە تەسکەی زۆرجاران لەخۆیدەگرێت، لەگەڵ تیۆری ماکس ڤێبەردا، کاتێک چینێکی کۆمەڵایەتی جیادەکاتەوە لە گروپێکی تر بەو پێیەی (پێگەیەک) داگیردەکات، بە چەندین خەسڵەت و تایبەتمەندیی سیمبولی دەرخـراوە، لە شێوازی ژیان، ئەم دژبەیەکییە شـێـواز و فـۆرمـێـکـی تـر لـەخـۆدەگـرێـت، بە شـێـوەیـەک وەهـمـەکـەی کەمتر نییە، ئەویش دژییەکی نێوان بابەتگەرایی و خودگەراییە. ستایل و شێوازی ژیان بە تایبەتر لە هەمووی، رۆڵ و فرمانی خۆی ناگێڕێت لە جیاکاریدا، تەنیا بەرامبەر و بۆ ئەو ئەندامانە نەبێت دانیان پێداناوە، (تیۆری ڤیبەر لەبارەی ئە گروپەوە،

کە شوێنێک داگیردەکات)، زۆر نزیکە لە تیۆرە زاتییەکان لەبارەی چینەکانەوە، ئەو تیۆرانەی لەسەر شێوازی ژیان و نوێنەرایەتی و نواندنە خودییەکان دەوەستن، دەبێت بە بەشێک لە دابەشکردنە کۆمەڵایەتییەکان. وەک ئەوەی لای (ڤارنەر Warner) هەیە، بەڵام فەزڵ و چاکێتی ڤیبەر لەوێدا دەردەکەوێت و خۆی مانیڤست دەکات، کاتێک وا تەماشای ئەم دوو هەڵوێستە دەکات بە شێوەیەک کە دژ بە یەک نین، وەک ئەوەی زۆربەی شیکەرەوەو شوێنکەوتووە ئەمریکییەکان وێنای دەکەن. ئەو پێکەوە دەیانگونجێنێت، بە پێکهێنانی ئەو بنەڕەتە دوانەیی دابەشکاریی کۆمەڵایەتیەی لەبارەی بابەتی بوونی جیاکارییە ماتریالی و خودنواندن و خود وێناکراوەکانەوە هەیە: سەرباری ئەمە، ئەو چارەسەرێک بۆ ئەم پرسە دادەنێت، کە بەتاڵ نییە لە واقعیبوونێکی ساویلکانە، ئەمەش کاتێک جیاکاری دەکات لە نێوان (دوو نمونە) لە گروپبەندییەکان، بە شێوەیەک تەنیا دوو شێواز و فۆرمی بوون و دەرکەوتن هەبێت بۆ هەر گروپێک. تیۆری چینە کۆمەڵایەتییەکان

ناچارە ئەم دژیەکییە تێپەڕێنێت لە نێوان تیۆری بابەتی کە چینەکان وا دەبینێت گروپی رکابەرن (تەنانەت کاتێک دەیەوێت لەوە دڵنیامان بکاتەوە، لە ڕێگەی بەڵگەوە ئەگەرچی بوونیشی نەبێت)، تەنیا بەو پێیەی گروپگەلێکن دەتوانرێت گەمارۆ بدرێن و شایستەی پێواندنن، بە شێوەیەک سنوری بابەتی بەرجەستەکراوی واقیعی لە نێوانیاندا هەیە. بە تێپەڕاندی ئەو تیۆرە زاتی و خودییەی (ئەگەر بمانەوێت دەتوانین بڵێین تیۆرە یەکلاکەرەوەکان) کە رژێمە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ دابەشکارییەکی کۆمەڵایەتی، کە دەرەنجامی کۆکردنەوەی دابەشکارییە تاکییەکانە، یان دروستتر لە نێوان ئەو ستراتیژییە تیۆریانەی دابەشکارو دابەشکراون، بە پێواندن و پێکهاتنەوەیان ئەندامەکانی خۆیان و ئەوانی تری پێ دابەشدەکەن. مەیدانبازییەک رووبەروومان دەبێتەوە، ئەمەش لەلایەن ئەو کەسانەوە، کە لەو بڕوایەدان بەشە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە و پەیوەستن پێکەوە، ئەمەش لەپێناو ئەفەرۆزکردنی چینە کۆمەڵایەتییەکان، بە شێوەیەکی توندی وەها، کە خۆی نەگرێت

له ئاست ئەوانەی دەیانەوێت تێیپەڕێنن، بەو پێیەی بەڵگەیەکی نـەزۆک و تەڵەزگەیەکی تیـۆرییـەیـە: ئـەو لـەبـەردەم ئێمـەدا و بۆ ئێمە تەنها یەک هەڵبژاردنمان بۆ جێدێڵێت، ئەویش ڕووبەڕووی ئەو دابەشبوونە دژبەیەکانەی ناو چینە کۆمەڵایەتییەکان ببینەوە، کە لە کارەکانی مـارکسـدا پێیدەگەین. یـاخـود داواکـاربـیـن لە ژمـێـریـاری بۆ چـارەسـەرکـردنـی ئـەم گرفتە نوێیە پارادۆکسیانە، کاتێک ئەو وەستانە لە خۆی دەگرێت، لەگەڵ دەسەڵات بەسەرداگرتنی لە هەمان پرۆسەدا، واتـە ئەو پرۆسەیەی کە جیاکارییەکان دەردەخات و ڕێگە بە فراوانبونی دەدات. ئەمەش لە ڕێگەی کارکردن بۆ سڕینەوەی سنور لە نێوان دەوڵەمەندەکان و هەژاراندا، لە نێوان بۆرژوا و بۆرژوای بچوک (وردەبۆرژوا)، لە نێوان شارنشینان و گوندنشینان، بەساڵاچوان و منـاڵان، لە نێوان ئـەوانـەی لـە پایتەخت و سەنتەری شـاردان لەگەڵ ئەوانەی لە کەنارو دەرەوەی پایتەخت نیشتەجێن......ئەوانەی ئەمڕۆ بە ناوی مارکسیزمەوە و زۆر حەقیقەتی ئـەوەمـان بـــەڕوودا رادەگـەیـەنـن، لـە ڕێگەی

کۆمەڵێک دەستەواژەو گوزارشتگەلێکەوە، کە خاڵی نییە لە پۆزەتیڤیزم... ژمارەی بۆرژوا بچوکەکان یانی وردە بۆرژواکان لە زۆرترین ڕێژەیدا لە (4،311،100) تێناپەڕێت. ئەمەش وایان لێدەکات زۆر بە خێرایی لە تەڵەزگەیەکدا خۆیان دەبیننەوە.

ئەو سۆسیۆلۆژانەی هەمیشە جەخت لە بەردەوامی و پەیوەندی دەکەنەوە، ئەوانەی کە زۆربەیان تەنها تیۆریسیانن، بەو مانایەی کە قسەکانیان پشت ئەستور نییە بێ هیچ ئەزموون و تاقیکردنەوەیەک، کاتێک جەختکردنەوە و یەکلاکردنەوەی ئەزموونی بۆ نەیارەکانیان جێدەهێڵن، ئەوکاتە کارەکە لە زۆر ڕووەوە بە قازانجیان دەشکێتەوە. تەنیا بەو شێوەیە بەسە وەڵامیان بدرێتەوە وەک هەمیشە و نەریتێک دەگەڕێنەوە بۆ (باریتۆ Pareto). ئەمەش بۆ جەختکردنەوەیانە لەوەی دەیڵێن: ناتوانین هێڵێک بکێشین بەتەواوی، بەڕەهای هێڵی جیاکەرەوەی نێوان دەوڵەمەند و هەژاران بێت، سەرمایەداران لە کرێکارەکان. زۆر لە نوسەران بانگەشەی ئەوەدەکەن، دەتوانن لەم کێشەیە

بە ئاسانی دەربازبن، ناتوانین قسە لەبارەی چینی سەرمایەدارییەوە بکەین لە کۆمەڵگەی رۆژئاوادا، وەک چۆن ناتوانین جیاکاری بکەین لە نێوان چینی بۆرژوا و کرێکاران) باریتۆ بەوشێوەیە دەریدەبڕێت: ئەوەی ئەم رێرەوە بەرپەرچبداتەوە وەک ئەوە وایە ملنەدات بۆ بوونی پیر و بە ساڵاچوان، چون بەڕاستی ئێمە بێئاگاین لەوەی بە ساڵاچوون و پیری لە چ تەمەن و لە چ چرکەیەکدا دەستپێدەکات، بەڵام گەڕانەوەی سۆسیۆلۆژەکان بۆ وێنا و نواندن، وەک ئەوەی لای هەندێکیان ئەو نواندنەیە لە بەرامبەریدا دەینوێنن، بە گوزارشتێکی وردتر بەرەنجامی ئەو نواندن و وێناکردنە زەینییەیە لەلایەن هەر تاکێک لە تاکەکانی دیکەوە هەیە، مەبەستمان ئەو نمایش و نواندنەیە، کە دەینوێنن، شاردنەوەو بە نهێنی جێهێشتنی ئەم نواندنانە بۆ سۆسیۆلۆژەکان، خۆ لادان و خۆ نەبانکردنە لەوەی ئەم دابەشکردنە زاتیانە لەسەربنەمای بوونی بابەتی دابەشکردنێک بونیاد نراوە، ئەمەش ناگەڕێتەوە بۆ ئەو دابەشکارییە سۆسیۆلۆژییەی دەرهاویشتەی

لەخۆگرتنی دابەشکارییە تاکییەکان بێت، بۆ هەندێک لەبارەی هەندێکی تریانەوە: رژێمی کۆمەڵایەتی بە هیچ شێوەیەک لە ئاستەکانی تاکەوە فۆرمەلە نابێت، لەسەر ئەو شێوازە چۆنێتییەی هەڵبژاردن، کە ئەنجامی هەڵبژاردن و نرخی بازاری پێ دیاریدەکرێت و پێکدێتەوە. ئەو دۆخە چینایەتییەی، کە ئاماری کۆمەڵایەتی لەسەری دەوەستێت، ئەمەش لە رێگەی ئەو ئاماژە ماتریالییانەوە لە هەمبەر ئەم پێگانە لەناو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا، یان بە مانایەکی روونتر، لە بارەی ئەو تواناو لێهاتوییەوە، کە هێزی بە دەستخستن و بە خاوەنداربوونی ماتریالی و کولتوری هەیە، لەگەڵ سەرمایەی سیمبولی ئەم ئامرازانە، ئەم پێگەیە بە راستەوخۆیی، یان بە چۆنییەتییەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت و لە رێگەی ئەو پێگەیەوە، کە دابەشکارییە کۆمەڵایەتییەکە رەخساندوویەتی و رەوایەتی پێداوە، بە هەمان شێوە لەناو ئەو نوێنەرایەتیکردنەی لای هەر ئەندامێک دروستبووە لەسەر پێگەو ئەو ستراتیژیانەی دەیگرێتەبەر (لەخۆ دەرخستندا) وەک ئەوەی

گۆفمان باسیدەکات، واتە ئەو چۆنێتییەی کە ئەو پێگەیەی داگیری کردووە و رووبەرووی دەبێتەوە. ئەمە تەنانەت لە دوورترین دۆخیشدا روودەدات، جا ئەگەر کارەکە پەیوەندیی بە مەیدانی چینە ناوەندییە ئەمریکییەکانەوە هەبێت، یان پەیوەندیی بە کۆبەندی و زنجیرەبەندی و پێکهاتن و رێکخستنە جۆراوجۆر و بەیەکداچووەکانەوە هەبێت، وەک ئەوەی لای پرۆست دەیبینین. ئەم جیهانە سۆسیۆلۆژیانە، کە تێیدا ئیستراتیژیەکانی خۆنمایشکردن و جیاکاری کاردەکەن، وێنەیەکی نزیککراوەمان دەداتێ لەبارەی دونیایەکەوە کە «رژێمی کۆمەڵایەتی»ـیەکە دەرەنجامی پرۆسەی دروستکردن و خولقاندنی بەردەوامە، هەموو چرکەیەک، دراوێکی کاتییەو هەڕەشەلێکراوە بۆ ململانێی چینایەتی، ئەمەش دەبێتە ململانێی رێکخستن و رووبەرووبوونەوەی ستراتیژە سیمبولییەکان، لێرەوە بۆ گۆڕانکاری لە دۆخەکاندا، لە رێگەی خستنە ناوی وەرچەرخانێک لەسەر نواندنەکانی ئەم دۆخە، بۆ نموونە، وەک ئەوەی دەبێتە نکۆڵیکردن لە مەوداکان، ئەمەش

لەپێناو داننان بەو نواندن و نوێنەرایەتیکردنەدا، یان بە پێچەوانەی ئەمەوە دانپێدانانێکی کاتی، کە نکۆڵیکردن و رەتکردنەوەکە لەناو خۆیدا هەڵیگرتبێت (وەک جۆری ئەو یارییەی شلیمێل، کە ئزبێرن باسیدەکات. ئەم ئەتمۆسفێرە بارکلییە، کە کۆی جیاوازی و جودابوونەکان راڤەدەکات و دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئایدیای جیاوازی، لە کاتێکدا (دوری و مەوداکان) ئەوانەن کە «وەریاندەگرین، یان رەچاویان دەکەین، ئەم فەزایەش کایەو بوارەکانی ئەو ستراتیژیانەن، کە ئامانجەکانی لێکچوون و جیاکاری بەڕێوەی دەبەن: ئەمەش، یان سەردەکێشێت بۆ درۆکردن، وەک ئەوەی لە وێنەی گروپێکی باڵا و سەردەست خۆیان دەردەخەن، چونکە بەوە ناوبانگیان دەرکردووە، یان سەردەکێشێت بۆ جۆرێکی تر، لەپێناو خۆ جیاکردنەوەیان لەو گروپانەی بە گروپەکانی خوارەوە ناسراون. ئەمەش یاسای کەڵەکەبوونی «ئیمتیازە» دونیاییەکان. ئیمتیازی هۆڵێک بەندە لەسەر پتەویی رابەرەکانی (کاتێک مرۆڤ ناتوانێت پێشوازی لە کەس بکات، جگەلەو کەسانەی رێزێکی تایەتییان هەیە بێئەوەی لە

ڕێزی ئەو کەمکاتەوە، لەگەڵ نەجابەتی ئەو کەسانەی پێشوازیان لێدەکرێت. ئەو کوالیتی بەرزانە، کە بەراورد دەکرێن لە خۆیاندا کوالیتی بەرزی هۆڵەکانن: بەرزبوونەوەی بازاڕی بەهاو دابەزینی ئەم بازاڕە بەم دوو پێوەرە دەپێورێن، واتە بەپێی دونیایەک بەڕەنگی تایبەت نەخشێنرابێت، ئەمەش پێویستی بە چاوێکی تیژی پاسەوانیکردنە کە تێیدا هەموو شتێک ڕێکخراو و سیستەماتیزەکرابێت، واتە لە دونیایەکدا هەموو شتێک ڕێکخراوە، پۆلێنکراوە، وەک ئەو شوێنانەی کەسەکانی تێدا بەرچاودەکەون، بۆ نموونە: چێشتخانە گرانبەها و فرە ئەستێرەییەکان، گۆڕەپانەکانی وەرزش، هۆڵی دەرسگوتار و سیمینارەکان، ئارایشتگاو پێشانگاکان ئەوانەی دەتوانرێن ببینرێن، یان ئەو شارانەی دەتوانرێت سەردانیان بکرێت، یان بالە روسییەکان، یان کۆمەڵێک جیگەی تایبەتکراو لەسەر چەند کەسێک. لەم دونیایەدا ناچاریی و پێویستیەک بوونی هەیە: ئەویش دەستگەیشتن و توانایی بۆ پۆلێنکردن و ڕێکخستن، لەپێناو سوود لێوەرگرتن لێیان و

باڵابوون و سەرکەوتن بەسەر ئەو گروپانەی لە خوارەوەی ئەمانن و ئەرزشیان کەمترە.

گروپە مرۆییەکان لە کۆمەڵگەدا، بەتایبەتکراوی چینە کۆمەڵایەتییەکان، بە شێوەیەک لە شێوەکان دووجار دەردەکەون، ئەمەش پێش پەیدابوونی روئیا و گۆشەنیگای زانایەک: وەک بابەتییەک دەردەکەون و بوونیان هەیە، ئاستی یەکەم ئەو بابەتی بوونەیە، کە خاوەنداریێتییە ماتریالییەکان پێکیدێنن، بە هەمان شێوە وەک بابەتیبوون لە ئاستی دووەمدا دەردەکەوێت، واتە بابەتیبوونیان لە پۆلێنکراوییاندا و لە پۆلێنکردندا، لە نواندن و نوێنەریەتیکردنە پارادۆکساڵییەکان وەک ئەوەی لە ئەندامە کاراکانەوە دەردەچن، ئەمەش لەسەربنەمای مەعریفەیەکی پراکتیکییە بە دابەشکارییەکان، وەک چۆن لە شێوازی ژیانکردنیشدا دەردەکەون. ئەم دوو تەرزە لە بوون سەربەخۆ و دابڕاونین لە یەکتر، ئەگەرچی نوێنەرایەتیکردن و نواندنەکان جۆرێک لە سەربەخۆیی زاتییان هەیە، ئەمەش سەبارەت بە دابەشکارییەکان ئەو نوێنەرایەتی

و نواندنەی کەسەکان لەبارەی خۆیانەوە هەیانە لە میانەی ئامادەیی و بوونیان لە فەزای گشتیدا (بە هەمانشێوە رۆڵگێڕان و نواندن بە مانا شانۆییەکەی وەک ئەوەی لای گۆفمان هەیە) دەرەنجامی رێوشوێن و سیستەمێکی پەیبردن و هەڵسەنگاندنە، واتە «هابیتوس»، ئەوەی کە بۆ خۆی لە شوێن و پێگەیەکی تایبەت بە کەسەکان دەردەکەون، واتە پێگەیەکی تایبەتی وەها، کە سەرمایە ماتریالییەکان (بابەتی بوونی یەکەم) و سەرمایە رەمزییەکان (بابەتیبوونی دووەم) دیارییان کردووە. ئەمەش دەچێتە ناو ئەو نواندن و نوێنەرایەتی کردنەوە، کە لای کەسانی تر کەڵەکە بووە سەبارەت بەم پێگەیە، دیاریکردنی ئەمانەش زۆرجاران سەرمایەی رەمزی دیاریدەکات (ئەمانەش زۆر جار وەک تایبەتمەندی و تایبەتبوون وئیمتیازی باڵایی ناو دەبرێن و..هتد)، بە هەمانشێوە لە دابەشکردندا، ئەمەش گوزارشت و خۆ روونکردنەوە سیمبۆلییەکەی لە شێوازی ژیان و ژیانکردندا دەردەکەوێت.

ئێمە ناچارین ئەو وتەیە رەتکەینەوە کە

دەڵێت: جیاوازی و لێکنەچوون بوونی نییە، تەنیا لەو کات و شوێنەی ئەندامان هەستدەکەن، یان وەهمی ئەوەیان لا دروستدەبێت، کە بوونی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت ئەوە وەرگرین، کە جیاوازییە بابەتییەکان، ئەوانەی لە سامان و سەروەتە ماتریالییەکاندا ئاماژە پێدراون، وەردەچەرخێتە سەر کۆمەڵێک ئیمتیازاتی دانپێدانراوی کەسەکان، ئەمەش لە سەروبەندی نواندن و خۆنواندندا دروستدەبێت. هەموو جیاوازی و نایەکسانییەکی دانپێدانراو، بە شێوەی جیاوازییەکی رەوا وەرگیراوە، ئەمەش لە رێگەی کردەیەکەوە دەردەکەوێت وەک سەرمایەیەکی سیمبولی، کە رەوایەتی بەم ئیمتیازانە دەدات. سەرمایەی رەمزی بوونی نییە لەگەڵ ئەوەی هەل و رەوایەتی سوود و دەسەڵاتی پێدەبەخشێت، بوونی نییە تەنیا لە پەیوەندیاندا نەبێت لەگەڵ خاوەندارێتیە تایبەتەکان و جیاکارییەکانی تری وەک جەستە و زمان و جلوبەرگ و ...هتد لەنێوان ئەو کەس و گروپانەی لەسەر نەخشەی پەیبردن و هەڵسەنگاندن دەردەکەون، تا لە

ڕێگەیەوە ڕەوایەتی بدەن بەم خاوەندارێتییە و دانـی پێدابنێن، واتـە وەک ئـەوەی ئامرازو فۆرمی گوزارشتکەرو گوزارشتلێکراون، یان کۆمەڵێک فۆرمی گۆڕاو بۆ کـەش و دۆخێک لەناو پەیوەندییەکانی هێزدا. هیچ پراکتکێک یانی خاوەندارێتییەک بوونی نییە ببێتە هۆی دیاریکردنی شێوازێکی دیاریکراوی ژیانکردن، کە بەهایەکی تایبەت بە خۆی وەرنەگرێت، بەو مانایەی پرەنسیپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەو گوزارشتی لێناکرێت، بەم پێیە بێت وەک پێگەو دۆخێکی کۆمەڵایەتی: بەڵگەی ئەمەش سیماو خەسڵەتە ماتریالییەکان، یان مەعنەوییەکانی وەک جەستەیکی ڕێک و قەشەنگ، بۆ نمونە، یان سپێتی پێست یان ئەسمەری پێست، بەکارهێنانی مـادە کحولییەکان یا بەکارنەهێنانیان، ئەم سیمایە لە کۆمەڵگەدا ڕەنگە کۆمەڵێک بەهای دژ لەخۆبگرێت، ئەمەش لە ماوەیی جیاوازدا، یان لەناو کۆمەڵگە جیـاوازەکـاندا، بۆئەوەی خاوەندارێتییەک، یان پراکتیکە کردنێک وەک تایبەتمەندیەک دەربکـەوێت پێویستە بچێتە نـاو پەیوەندییەکەوە، لەگەڵ پراکتیک و ئەو

خاوەنداریێتیەی دەکرێت لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوی تردا جێگەی پڕبکرێتەوە، واتە لە دونیایەکی رەمزی مومارەسەکردن و خاوەنداریێتیدا بەرهەمبهێنرێتەوە لەوەی جیاکاری و جیاوازییە ئابورییەکان وەرگێڕێتە سەر کۆمەڵێک هێماو ئاماژەی تایبەتمەند. هەر رەمزو سیمبۆلێکی دیاریکراو، وەک ئاماژەیەکی زمانەوانی وایە ئەو سنوربەندیانە وەرناگرێت، کە ناچارییەک بێت بۆ هوشیاریی ئەندامەکانی تەنیا لە رێگەی چوونە ناو پەیوەندییەکی دژەوە نەبێت، ئەمەش سیستەمێکی ئاماژەو هێمای تایبەتن دەبنە هۆی رێکخستنی فۆرمبەندییە کۆمەڵایەتییەکان. هەرچی تیۆری بابەتییە لەبارەی چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە، حەقیقەتی رێکخستنی کۆمەڵایەتی دەگەڕێنێتەوە بۆ بوونێکی حەقیقی بابەتیانەی ئەم رێکخستنە، بە لەبیرکردن و لە یادکردنی ئەوەی بیخاتە نێو پێناسەیەکی گشتگیرەوە، واتە حەقیقەتی یەکەم ئەوەی ئەم تیۆرە لەدژی پێکهاتووە (زۆر جاران بۆ تیۆرێکی سیاسی راڤەدەکرێت، وا وێنای ئەم حەقیقەتە بابەتیانە دەکات، کە کۆمەڵێک

بەربەست بن، پێویستە تێپەڕێنرێن، ئەمەش لەپێناو سەپاندنی گۆشەنیگایەک لەبارەی ئەم دونیاوەو رێکهاتنەوەی لەگەڵ تیۆردا). بابەتگەرایی زانستیانە تەواو کاملْنابێت، مەگەر ئەو کاتە بە راستگۆیی دەربچێت لەو ئەزموونە خودیانەی دژی دەوەستنەوە، تیۆریش گونجاو لەبار نییە ئەگەر ئەم حەقیقەتە بەشییە لەخۆی نەگرێت، واتە ئەوەی مەعریفەی بابەتی پەی پێدەبات، هەروەها حەقیقەتە تایبەتەکەی ئەزموونی یەکە وەک ئەوەی خۆ نەبانکردن بێت (درێژ دەبێتەوەو کورت دەبێتەوە، دەگشتێنرێت و ناگشتێنرێت) لەم حەقیقەتە، بە دەربڕینێکی تر، مەعریفەی کۆمەڵناسەکە و مەعریفەی دانپێدانان بە مەعریفەیەکی تێکدراو، کە بابەتەکەی ئەزموونی یەکەم بێت.

خۆدزینەوەو خۆگێلکردن لەبنەماکردەییەکانی جیاوازی و هۆکارەکانی بەردەوامبوونی، ئەمە ئەوەیە کە وا لە کۆمەڵناسێک دەکات پەی بەوە نەبات، وەک گۆڕەپان و مەیدان و کایەیەک بۆ ململانێ و کێبڕکێ لەنێوان کۆمەڵێک گروپی بەرژەوەندی جیاواز و بەرژەوەندی دژ بیبینێت،

بەڵکو وەک رژێمێکی کۆمەڵایەتی دەیبینێت. هەموو دانپێدانانێک لەبیرکردن و لە یادکردنە: هەمو جۆرێک لە جۆرەکانی دەسـەڵات، نەک ئەو دەسەڵاتەی لە رێگەی فەرمانەکانەوە خۆی دەسەپێنێت، بەڵکو ئەوەی مومارەسە دەکرێت بێئەوەی مومارەسەکراو بێت لەسەرمان، وەک ئەوەی ئێمە ناومان ناوە دەسەڵاتی سروشتی، ئـەوەی لەناو زمانداو لەناو تەرزەکانی ژیان، زمانی ژیانکردن، تەنانەت شتەکانی وەک زێڕ، زیو، تاجی شاهانە، تابلۆکان، خشڵ و تەنانەت ئۆتۆمۆبیلیشدا بوونی هەیە. هەموو جۆرێک لە جۆرەکانی دەسـەڵات، پشت ئەستورە بە فۆرمێک لە فۆرمەکانی بیرو بڕوا رەسـەن و بنچینەییەکان، زۆر لەوە قووڵتر و شاراوەترە ئێمە پـەی پێبەرین. هـەمـوو سۆسیۆلۆژێک هەڵگری پێشداوەرییە: ئـەو رۆڵ و پێگانەی پێشکەشی دەکات و دەینوێنێت، رێکخستنەکان و ئەو پەسەندکردنانەی دەیسەپێنێت. مەبەستم لەو کۆمەڵە هەلومەرجە ناوەخنیانەیەی لایەنگیری و ئینتیماکردنە، کۆی ئەو شتانەی لە چاوی زۆربەدا بە ئاسایی و سروشتی دەردەکـەون، ئەوانەی

مومارەسەی دەکەن، رەنگە بەهایەکیان نەبێت لای ئەوانەی ئاڕاستەیان دەکرێت، کۆی ئەمانە لە کۆتایی کارەکەدا دەگەڕێنەوەو پشتبەستوون بە گونجانێکی راستەوخۆی نێوان ستراکتۆرەکانی سۆسیۆلۆژێکو وتە پەیپێبراوەکان، ئەمانەش «دۆکسا» یان پرۆتۆدۆکسا پێکدێنن بە مانا هۆسرلّیەکەی. پەیبردنی کۆمەڵناسێک وەک زانایەکی سروشتی پێویستی بە بەڵگە نییە. بابەتگەرایخوازیش، ئەوەی کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ حەقیقەتێکی بابەتی پەیوەندی هێزەکان، ئەوە لەبیردەکات، کە ئەم حەقیقەتە دەکرێت بچەپێنرێت و لەبیربکرێت بە هۆی خراپ گەمارۆدانێکی کۆمەڵایەتی و پەیپێبردنێکی فریودەرانەوە و دەیگۆڕێتە سەر پەیوەندیی هەژمونکردنێکی ڕەوا، یان سەروەری و باڵادەستی.

هەموو سەرمایەیەک، جا هەر وێنە و فۆرمێک لەخۆی بگرێت، توندوتیژییەکی سیمبولی و رەمزی پەیڕەودەکات، توندوتیژییەک لەخۆی دەگرێت، ئەمەش تەنیا بە دانپێدانانێک، واتە ئەوە لەبیرببرێتەوە کە لە حەقیقەتدا سەرمایەیەکە،

وەک سـەروەری خـۆی دەسەپێنێت و داوای دانپێدانان دەکات. سەرمایەی سیمبولی تەنیا ڕێگەیەکی ترە بۆ ئەو مانایەی ماکس ڤێبەر ناوی ناوە «کاریزما»، ئەگەر ئەم زانایەی کە دیلی دەستی لۆژیکی نمونەی واقعیە، زیاتر لە هەر کەسێکی تر پەیدەبات بەوەی سۆسیۆلۆژیای ئایین بەشێکە لە سۆسیۆلۆژیای دەسـەڵات، ئـەگـەر ئـەو لـە کـاریـزمـا شـێـوەو فۆرمێکی تایبەتی دەسەڵاتی دروستنەکرد، بە سەرباری ئەوەی ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی دەسەڵاتی تێدا بیبینێت، واتە ناوێکی تر بۆ شەرعیەت و ڕەوایـەتـی. ئەنجامی دانپێدانان و لەبیرکردن و بڕواهێنان (ئەمانەش کۆمەڵێک لێکچووی هاومانان) «ڕێگەخۆشکەر دەبن بۆ کەسانێک، واتـە ئەوانەی مومارەسەی دەسـەڵات دەکەن وەک شکۆمەندی».

**سەرچاوە:**

Capital symbolique et classe socials، L›ARC،N 72

# بنەماکانی
# ئەندێشەی بۆردیۆ

## دیمانە لەگەڵ دکتۆر ناسر فەکوهی

سازدانی: عەلیرەزا جاوید

لە فارسییەوە: ئایدیا

*** بە مەبەستی تێگەیشتن و فامی باشتر لە ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی کە لەم دیمانەیەدا دێنە بەرباس، تکایە بڵێن کە پییەر بۆردیۆ لەژێر کاریگەریی کام بیرمەند و چ ڕەوتێکی فیکری و هزریدا بووە؟**

-دەکرێت پییەر بۆردیۆ لە سونەتی کۆمەڵناسیی فەرەنسا لە چەند ڕەهەندی گشتی، هەروەها لەناو هەندێ ڕەهەندی تایبەتیی فکریدا جێگەی بکەینەوە و بیگونجێنین. لە بواری مەیل و ڕەهەندە فکرییە گشتییەکانەوە، دەتوانین بڵێین بۆردیۆش وەکو زۆرێک لە بیرمەندانی هاوچەرخی خۆی، خاوەنی هەندێ بنەما و پێگەی خوێندەواری و خوێندنەوەی بەرینی فەلسەفی بوو، ئەو خوێندنەوە و توێژینەوانەی لە فۆرم و قەوارەبەخشین بە تیۆرییەکانی، تەنانەت شێوازناسییە زانستییەکانی خۆیدا بەکاریدەهێنا. پشکی ڕاڤە و شیکردنەوەی کۆمەڵناسیی فەرەنسی بەردەوام لە پشکی شرۆڤە نەریتییە ئەوروپاییەکان (بەتایبەت بەریتانی) زۆر زیاتر بووە و ئەگەر لەگەڵ کۆمەڵناسیی ئەمریکاییدا بەراوردی بکەین، ئەم مەودایە دیسان زیاتر دەبێتەوە.

ئەم ڕەوت و ڕەهەندە فکرییە لە هەندێک نموونەدا بە درێژایی مێژووی کۆمەڵناسی، کەوتۆتە بەر ڕەخنەی توندی بەڕێوەبەرانی ئەم بوارە زانستییە و بەتایبەت توێژی زانکۆیی و ئەو توێژەرانەی، کە سەرقاڵی بوارە پراکتییەکان بوون. لەبارەی ڕەهەندی تایبەتیی فیکری بۆردیۆوە، ڕەخنەگرتن لە زمانی ئاڵۆزی بەم بابەتە زیادکراوە. هەڵبەتە ئەم ڕەخنە سەرەکییە لە مەودای نێوان ساڵانی 1950 هەتا 1990 زۆر بە توندی لە ئارادا بووە. هەرچەند ئەم ڕەخنەیە لە جێگای خۆیدا نییە، بەتایبەتی ئەم ڕەخنەیە لەمەڕ بیرمەندێکی وەک بۆردیۆ وەڕاست ناگەڕێ، چونکە ئەو خۆی یەکێک لە دژبەرانی «گوتاری فەلسەفی» لە کۆمەڵناسیدا بووە، بەڵام مەبەستی خۆی لەم گوتارە بە ڕوونی لە ڕەخنەیەکدا کە ڕووبەڕووی هایدگەری کردۆتەوە، دەربڕیوە، ئەویش ئەوەیە کە فەلسەفە ئەگەر بیەوێت، دەبێت بە پشتبەستن بە گشتبێژی و هێنانەگۆڕی پرسە گشتییەکان، خۆی لەسەرووی کاری کۆمەڵایەتییەوە دابنێت و «فۆرمگرتنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی»ی

خۆی و فەیلەسوف بشارێتەوە. ئەگەر ئەم باسەش وەلا بنێین، بۆردیۆ وەکو زۆرێک لە کۆمەڵناس (Sociologist) و مرۆڤناسە (Anthropologist) فەرەنسی و غەیرە فەرەنسییەکان کەوتە ژێر کاریگەریی ئەندێشە فەلسەفییەکانی سەدەی بیستەم، کە کاریگەرترین فەیلەسووفەکان، (کە دەکرێت مارکس وەلا بنێین، چونکە بەجیا باسی لەبارەوە دەکەین) کانت، هایدگەر پاسکاڵ، ویتگنشتاین بوون کە لە چەندین شوێنی بەرهەمەکانیدا ئەو کاریگەرییانە بەجوانی بەرجەستە دەبنەوە. هەڵبەتە نابێت پەیوەندیی دۆستانە و هاوکاریی فیکری و هاوبیری لە تیۆرییەکان لە بواری بەربەرەکانیێ و بەریەککەوتنی فیکری لەنێوان بۆردیۆ و فەیلەسوفانی پۆست مۆدێرن بەتایبەت «فۆکۆ و دریدا» لەبیربکەین. بەپێچەوانەوە بۆردیۆ زۆر بە توندی بێزاریی خۆی لە هەمبەر ئەو رەوتەی کەلە فەرەنسا بەناوی «فەیلەسووفانی نوێ« ناودێر دەکرا دەردەبڕی، کە زۆربەیان لە مارکسیست و ماویستە لەمێژینەکانی وەکو «بێرنار هانری لۆی، ئاندرێ گلوکسمان

و ئالن فینكل كراوت و...هتد) بوون و كاری ئەوانی بە چالاكییەك لەنێوان رۆژنامەوانیی سونەتی و خراپترین جۆری راستگەرایی نوێ لیبراڵ، دادەنا. دەبێت ئەم خاڵەش زیادبکەین، كە كۆمەڵناسیی فەرەنسی لەوانەیە بەهۆی لەسەرەوە بوونی كەسایەتیی «ئۆگۆست كۆنت و ئیمیل دۆركهایم»،تەنانەت كەسایەتییەكی دواتر وەك «ریمۆن ئارۆن» بە توندی لەژێر كاریگەریی فەلسەفەی كلاسیكی كۆمەڵناسیدا بووە.

رەهەندێكی گشتیی دیكە كە بۆردیۆ لە فەرەنسا كاریگەریی لێوەرگرتووە، ماركسیزمە، لە سەرەتای دەیەی 1960دا رۆشنبیرانی فەرەنسا هەتارادەیەك لە هەموو بوار و رەهەندە فیكرییەكاندا، لەژێر كاریگەریی ماركسیزمدا بوون. سیمایەكی بەرجەستەی وەكو « لۆیی ئاڵتوسێر» لە بواری فەلسەفە و شوێن و رۆڵی دەبڕی ئەم راستییە بوو. هەڵبەتە ماركسیزم كاریگەریی لەسەر هەندێ لە زانستە كۆمەڵایەتییەكان زیاتر بووە. لە مرۆڤناسیدا هەرچەند «لۆیی شتراوس» هەتاڕادەیەك خۆی

لە دەرەوەی کاریگەریی مارکسیزم دادەنا، بەڵام بەگشتی مرۆڤناس و ئەفریقاناسانی وەک «ئیمانۆیل کلود، ژان کۆپنس، هەروەها «موریس گودولییە» بوون، کە بە جوانی ئەو کاریگەرییەیان بەسەرەوە دیار بوو، تەنانەت مرۆڤناس (ئەنترۆپۆلۆجیست)ێکی وەکو «مارک بلۆک» کە دوراودوور پەیوەندیی لەگەڵ فەرەنسا هەبوو و زۆربەی رەوت و قۆناغە پسپۆڕییەکانی خۆی لە بەریتانیا گوزەراندبوو، ئەویش لەو قۆناغەدا کەوتبووە ژێر کاریگەریی مارکسیزمەوە. دواتر ئەو کاریگەرییانە بە رێژەیەکی زۆر کەمبوونەوە، بەڵام لەبارەی بۆردیۆوە دەبێت بڵێین، کە کاریگەری ئەو لە مارکسیزم بەگشتی لە تیۆریی سەرمایەکەی بووە. هەڵبەتە تیۆریی سەرمایە لەلای بۆردیۆ فۆرمێکی بەتەواوەتی جیاوازی لەگەڵ تیۆرییەکەی مارکس هەیە، کە تیۆرییەکی ئابوورییە. لە نێوان ئەو دوو کەسەدا لەلایەک، نەریتی قوتابخانەی فرانکفۆرت، توێژینگەی کەلتووریی بیرمنگام، لەلایەکی دیکەشەوە نەریتی «ئەتۆنیۆ گرامشی»مان هەیە، کە

لە ئەنجامدا دەگاتە پۆلێنبەندیی چەمکەکانی سەرمایەی کەلتوری، سەرمایەی کۆمەڵایەتی و سەرمایەی کاریزماتیک و سەرمایەی گشتی و بنەمای ئاڵوویری نێوان سەرمایەکان لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکاندا.

دەکرێت بۆردیۆ لەناو دوو رەهەندی تایبەتیی فکریدا دەستنیشانبکەین، یەکەمیان نەریت و فیکری دۆرکهایم، دووەمیش نەریتی فیکریی شتراوس. کاریگەریی دۆرکهایم لەسەر میتۆدناسی و تیڕوانینی گشتیی بۆردیۆ لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆر بەرچاوروونە. لەوانەیە بتوانین بەرجەستەترین شکڵی ئەم کاریگەرییە لەو پێناسەیەی، کە ئەو بۆ کۆمەڵناسی دەیخاتەروو، دەستنیشانبکەین. لەلای بۆردیۆ چەشنی (واتایی کانت) هەموو شتێک کۆمەڵایەتییە و کردەی کۆمەڵایەتی بە شێوەی کامڵ لە زانستێکدا، کە ئەو وەکو دۆرکهایم بە کۆمەڵناسی ناودێری دەکرد و(لەلای کنت فیزیای کۆمەڵایەتی بوو) جێگادەگرێت، بەڵام جیا لەم باسە، بۆردیۆش چەشنی «مارسل موس» چەمکی «واقیعی

کۆمەڵایەتی» دۆرکهایمی لە چەمک و ڕەهەندە فیکرییەکانی خۆیدا پۆلێندەکرد. ئەگەر «موس» چەمکی «واقیعی پەتیی کۆمەڵایەتی»ی دانا، کە مرۆڤناسەکان هۆگرییەکی زۆریان پێبوو، بەڕای ئێمە ئەگەر ئەم چەمکە تەنانەت بە جۆرێک لە لقەکانی زانستی کۆمەڵایەتی وەکو مێژوو (بە قوتابخانەی ئانال) و لە ئابوریشدا (بە قوتابخانەی پولانی) توانی گەشەبکات، بۆردیۆ بەو چەمکە تایبەتییانە بە شێواز و ڕێچکەی خۆی چەمکێکی داهێنا، کە تێیدا نەتەنیا کەڵکەڵە کۆمەڵناسانەکانی دۆرکهایم و مەیل و ڕەهەندە ئەنترۆپۆلۆجیستەکانی «موس»، بەڵکو هەوڵیدا بتوانێت دەروننناسی و ئابووریش لەناو ئەو سیستەمە فیکریەی خۆیدا بگونجێنێت، بەڕای من لەم ڕووەوە سەرکەوتنێکی گەورەی بەردەستهێنا و توانی بەستێنگەلی بەرین بۆ بەهێزترکردنی تیۆرییە گشتییەکانی خۆی دابینبکات.

جیا لەمەش و لەوانەیە زێدەتر لە خاڵی یەکەم، بەڕای من کاریگەریی دۆرکهایم بەسەر بۆردیۆوە زیاتر لە بواری میتۆدناسیدا بووە.

دەزانین کە دۆرکهایم جیا لە پێگەی کۆمەڵناسیی خۆی (کە ئەنترۆپۆلۆجیشی بە بەشێک لەوە دەزانی)، یەکێک بووە لە کەسانی نەوەی یەکەمی مرۆڤناسی، کە نە دەرەتانی کاری مەیدانییان هەبوو، یان لەوانەشە باوەڕێکیان پێنەبوو بێت، بەڵکو زۆرتر گرنگییان بە شرۆڤەی داتاکان دەدا، نەک کۆکردنەوەیان. جیا لەمەش دۆرکهایم هیچ دەمارگرژییەکی تایبەتی لە بەرانبەر میتۆدناسیی چەندایەتی، یان چۆنایەتیدا نەبوو. ئەو لە کتێبێکدا بەناوی «خۆکوژی» هەتاڕادەیەک بەتەواوەتی میتۆدناسیی چەندایەتیی بەکارهێنا و لە کتێبێکی دیکەدا بەناوی «فۆرمە سەرەتاییەکانی ژیانی دینی» بەتەواوەتی میتۆدی چۆنایەتی و بەتایبەتی بەڵگەمەندیی بەکارهێنا. هەمان ئەو تایبەتمەندییە لەلای بۆردیۆ بۆ وێنە لە دوو کتێبی «عەشقی هونەر» لەلایەک و «هەژاریی کۆمەڵگە»لەلایەکی تر دەبینین، بەڵام تایبەتمەندێتی و نوێگەریی کاری بۆردیۆ لە پێکهاتەیەکدا بوو، کە لە نێوان دوو جۆر میتۆدناسیدا بەدیهێنا، کە دەکرێت لە کتێبی «جیاوازی»دا بەدیبکەین.

کەسایەتییەکی تر کە کاریگەریی لەسەر بۆردیۆ هەبوو، دەکرێت بە کورتی لەبارەیەوە بدوێین، «کلود لیڤی شتراوس»ـە. هەڵبەتە نفوزی شتراوس بەڕادەیەک لە بواری زانستی مرۆیی و کۆمەڵایەتیدا زیادە، کە کەمتر بیرمەندێک هەیە لە قۆناغی مێژوویی نێوان ساڵانی 1960 هەتا 1980 کاریگەریی لێی وەرنەگرتبێت، بەڵام بەڕای من ئەم کاریگەرییە لەسەر بۆردیۆ بەرچاو و زەق بووە و ڕێگای بۆ دیاریکردووە. کارەکانی بۆردیۆ بەگشتی تێڕوانینێکی پێکهاتەیی بەدەستەوەدەدەن. هەرچەند من لەو باوەڕەدام، پێکهاتەخوازیی بۆردیۆ چ لەگەڵ شێوازی شتراوس، یان شێوازی پێکهاتەخوازیی بەریتانی، هەروەها ئەو ڕەهەندە فکرییانەی، کە لە نێوان بیرمەندە فەرەنسییەکان بە پۆست پێکهاتەخوازی ناسرابوو، جیاوازە. لێرەدا بێگومان دەبێ باس لە مۆدێل و شێوازێکی تایبەتی بۆردیۆ بکەین، بەڵام هێندە داپەروەرانە نییە کە هەتاڕادەیەک کە بە قەرزداری پێکهاتەخوازیی شتراوسی نەزانین. بۆ وێنە، ئەو سیستەمە هاوتەریبانەی

کە بۆردیۆ لە تیۆرییە سەرمایەکانی خۆیدا دەیانخاتەڕوو، شێوازێکی پێکهاتەیییە، کە لە تیۆریی شتراوسەوە وەرگیراوە. هەمان شێواز لەبارەی دیاریکردنی تێڕوانینێک کە ئەو لەمەڕ دیاریکردنی خەسڵەت و پێوانەکان و بەراوردی ئاست و ژیان، کە بەپێی پێوەر و تیۆرییە جیاوازەکان دەیخاتەروو، دەکرێت باسیان لەبارەوە بکرێت. هەڵبەتە ئەو باس لە شێوازێکی ئاڵۆزتر لە شێوازەکەی شتراوس دەکات، کە هەڵبەتە بە شێواز و مۆدێلێکی دیاریکراو نەک هاوبەش باسی لێوەدەکات. هەڵبەت کاتێک بۆ وێنە چاو لە تیۆرییە سەرمایەکانی بۆردیۆ دەکەین، دەبینین کە ئەم سەرمایە جیاوازانە لە پەیوەندیی نێوان پێکهاتەکانیان لەگەڵ یەکتر، زۆر جار مۆدیلی هاوبەش و یەکسانی پێکهاتەیی شرۆڤە ئاسا دەخوڵقێنن. لە کۆتاییدا دەبێت ئەو خاڵەش زیادبکەم، کە بۆردیۆش وەکو هەموو گەورە بیرمەندانی ئەندێشەی کۆمەڵایەتی، کە بۆ خۆشی دەسپێشخەری چەند تیۆرییەکی نوێیە لەم بوارەدا، تەنیا باسکردن لە یەک هێڵ و ڕێبازی کاریگەر و شوێندانەر لە واتایەک

کە ئێمە بۆ بیرمەندانی دیکە بەکاریدەهێنین، هێندە دروست نییە، چونکە تیۆرییەکانی ئەم بیرمەندانە بەگشتی فۆرمێکی پێکهاتەیی و لە هەمانحاڵدا رەسەنیان هەبووە و هەر ئەمەش رەمزی مانەوەیانە.

*** بۆردیۆ بەپێی بەرهەمەکانی، هەروەها ئامادەبوونی لە مەیدانی چالاکیی زانستی و کۆمەڵایەتیدا، وەک یەکێک لە دوایین رۆشنبیرانی گەورەی فەرەنسا لە سەدەی بیستەم ئەژماردەکرێت. هەر ئەم بەهێزییە لە بواری فیکر و پێگە بەرزییەی بوو، کە پاش مەرگی لە ساڵی (2002) بینیمان لەلایەن بەناوبانگترین و گرنگترین رۆژنامە و گۆڤارە زانستی و رۆشنبیرییەکانی جیهانەوە چەندین دۆسییە و فایل لەبارەیەوە بڵاوکرایەوە. پرسیارەکە ئەمەیە کە لە پرۆسە رۆشنبیریی فەرەنسا و لە ئاستێکی بەرینتر (رۆشنبیریی جیهانی) پێگە و رۆڵی بۆردیۆ لە چ ئاستێکدایە؟**

-دەبێت سەرەتا بڵێین هەندێک کەس لەو باوەڕەدان، نابێت وەها مۆدیل و شێوازێک لە رۆشنبیری لەلای بۆردیۆ، یان تەنانەت لای فۆکۆش ببینین، چونکە ئەو کەسانەی کە خوێندەواریی زانکۆییان هەبووە، زیاتر باوەڕیان

بە پێکهاتەی زانستیی رۆشنبیریی هەبووە (جیا لەوەش کە لە بواری کۆمەڵایەتیشەوە خۆیان بە بەرپرس زانیوە و زۆر خۆیان پێوە سەرقاڵدەکرد، بەڵکو دەبێت ئەم مۆدیلە لەلای کەسانێکی وەک کامۆ و سارتەر ببینین کە بە هیچ لەونێ ئامادە نەبوون، تەنانەت مۆدیلە ئەکادیمییەکان قەبووڵ بکەن و لە راستیدا لە ژیانی تاکەکەسیی خۆیاندا، شێوازی رۆشنبیرییان وەک رەخنەگر و نارەزایەتییەک لە سیستەم و هاوکات (خاوەن فیکر) خستەڕوو.

سارتەر لەوانەیە زیاتر لە کامۆش هەڵگری ئەم تایبەتمەندییە بوبێت. پێموایە ئەم مەسەلەیە بە هیچ شێوەیەک بە هەڵکەوت، یان لە رووی هەست و سۆزەوە نەبووە کە کەسایەتییەکی وەکو سارتەر، بەو تێگەیشتنە رووناکەی، هەروەها ئەو شارەزاییەی کە بەسەر زانستدا هەیبوو، هەم دوای نووسینی شانۆنامە دەکەوێت و هەم نامیلکەی کۆمەڵایەتی و فەلسەفیش بڵاودەکاتەوە. گۆمانی تێدا نییە، کە سارتەر نموونەیەکی دوایینی (وەکو بۆردیۆ) لە جۆری زانستی بوونی ئینسکلۆپیدیایی (لە مۆدیلی رۆسۆ

و مۆنتسکیۆ)ش بووە، بەڵام ئەگەر تێڕوانین و پێشینەی زانستیی بۆردیۆ لەگەڵ کەسایەتییەکی دیکەی فەرەنسی و دیسان ئەکادیمیی و زانستگایی و بەهێزی وەک «ئەدگار مۆران» بەراوردبکەین، دەبینین کە مۆران بەتەواوەتی تێڕوانینێکی ئەکادیمیی رەچاوکردووە، بەڵام لە فەزای زانکۆدا ئامادەبوونێکی ئەوتۆی نییە، ئەمە شتێکە کە دیسان لەبارەی کەسایەتییەکی هاوچەشنی ئەم دووە یانی «رۆلان بارت»یش، کە زۆر دێر رۆیشتە ناو زانکۆوە، بەڵام تێڕوانینەکانی زۆر ئەکادیمییانە دێنەبەرچاو. لەناو هەموو ئەو کەسایەتییانە بەڕای من، تەنیا سارتەر بوو، کە بەتەواوەتی رێگای حاشاکردن لە سیستمی ئەکادیمی و تێڕوانینی زانستیی بە واتای رۆشنبیریی پاوانخوازانە بۆ بەرجەستەکردنەوەی بیرۆکەی رۆشنبیری گرتەبەر. ناکرێت ئەم مەسەلەیە بۆ بۆردیۆ باسبکرێت، چونکە لەلایەک، نابێت چاوەڕوانیی ئەوەمان هەبێت، کە بۆردیۆ وەکو سارتەر کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر رۆشنبیریی فەرەنسا، یان جیهان هەبووبێت،

چونکە باسکردنی نابەجێیە. لەم بارەوە پێموایە کەسانێکی وەک: فۆکۆ و بۆردیار زۆر شوێندانەرتر بوون، تەنانەت فەیلەسوفێکی وەک دریدا کە پێچەوانەی فۆکۆ هێندە چالاک نەبووە. پێموایە بۆردیۆ زۆر کاریگەریی لەسەر ناوەندی ئەکادیمی و زانکۆیی هەبووە و ئێستاش هەیە، خاڵی بەرجەستە لێرەدا ئەوەیە، کە پاش تێپەڕینی ساڵانێک ئەم کاریگەرییە هەر لە برەو دایە، لە حاڵێکدا ڕەهەند و لایەنەکانی چالاکیی سیاسی و ڕادیکاڵیزمی بۆردیۆ بە تێپەڕینی زەمەن بەرەو لاوازی دەچێت. لێرەدا کە باسی سارتەر هاتە پێشێ، بەراوردێک بە پێویست دەزانم، ئەگەر کاریگەریی فیکریی ساتەر، یان کامۆ لەگەڵ فۆکۆ و دریدا، بەتایبەت بۆردیۆ بەراوردبکەین، بێگومان گروپی دووەم لە ناوەندە زانکۆ و ئەکادیمی، هەروەها فیکری پێشکەوتوی ئەمڕۆدا کاریگەر و شوێندانەرترن. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕادیکاڵیزم لە جۆری سارتەر، تەنانەت ڕادیکاڵیزمی دژە ئەکادیمی، بەبێ چوارچێوەیەکی تیۆریی بەهێز، بۆ وێنە کە لەلای بۆردیۆ بە چەمکی سەرمایە و لەلای

فۆکۆ لە چەمکی «هێز»دا دەیبینین، ناتوانێت خۆی لەخۆیدا گرەنتیی نەمریی بیرمەندان و بەردەوامیی شوێن و رۆڵیان لە رەهەندی فیکریدا بێت. ئەگەر مارکس ئێستا لەم بوارەدا شوێندانەرە، بەهۆی نووسینەکانی سەردەمی لاوێتیەتی وەکو بەیاننامەی حیزبی کۆمۆنیست نییە، بەڵکو بەهۆی نووسراوەکانییەوەیە لە سەردەمی پێشگەیشتوویی فیکریدا، وەکو سەرمایە و ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی، دەکرێت ئەم مەسەلەیە بۆ بیرمەندانی دیکەش باسبکەین، کە بە هیچ شێوەیەک چالاکی سیاسی و رادیکاڵ نەبوون، وەکو دۆرکهایم، ماکس ڤێبەر و شتراوس هەروەک لەبارەی «مارسل پروس»یشەوە کە بە چڕی سەرقاڵی چالاکیی سیاسی و رادیکاڵ بووە، ئەمڕۆ ئیدی کەمتر کەسێک هەیە وەک پێشوو بە نیسبەت ئەم پرسەوە هەستۆک بن و دژکردەوە نیشانبدەن، بۆیە کاریگەریی بۆردیۆ بەو هۆیەوە نییە.

بۆیە ئەگەر بمانەوێت بگەینە ئەنجامێک، لەو باوەڕەدام، کە کاریگەریی بۆردیۆ لە جۆرە درێژخایەنەکەی لە بیاڤە زانستی و

ئەکادیمیەکاندا و لەو ڕێگایەشەوە ناڕاستەوخۆ لە بیاڤی ڕۆشنبیری و کردەی کۆمەڵایەتیدا، زیاتر لە چەشنی کەسێکی وەک «زیمل، ماکس ڤێبەر، دۆرکهایم و شتراوس»دا دەرکەوتووە هەتا شێوازە ڕاستەوخۆ سیاسییەکەی، تەنانەت دەتوانین بڵێین لە بوارە ئوستورەیەکەشدا چەشنی کەسانێکی وەک «دیدرۆ، جان جاک ڕۆسۆ» و لە نەوەی نوێشدا «سارتەر و کامۆ» و تەنانەت لە بواری ئەدەبیشدا لەگەڵ «ئاندرێ ژێد، ژان ژنە، سامۆیل بێکت و یۆنسکۆ» بەراوردبکەین.

**❊ یەکێک لەو گرفتە سەرەکییانەی کە هەر هۆگر و لایەنگرێک لە تێگەیشتنی ئەندێشەی بۆردیۆدا لەگەڵی بەرەوڕوو دەبێت، دژوارییە لە نەناسینی ڕەهەند و هێڵی فیکریدا. هەڵبەتە شێوازی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دیاردەکان پێکهاتەییە و لەو ڕەهەندەوە پۆلێنبەندییان دەکات، یان بە زمانێکی تر بڵێین، ئەو گۆڕانە زمانییەی کە لە کتێبەکانی بۆردیۆدا بەدیدەکرێن، بیرمەندێکیان لێ بەرهەمهێناوە، کە لەناوە (تەمومژ)دایە، بۆ وێنە ئەو کاتێک لە کۆمەڵناسیی «پەروەدە و بارهێنان» لەبارەی «توندوتیژی هێمایی»یەوە قسەدەکات، دیار نییە ئەم توندوتیژییە(نیگەتیڤ)،**

**یان(پۆزەتیڤ)ە، بۆردیۆ بە هێماییکردنی «کردەی توندوتیژی» یەکەم لە دەرەوەی توانای بەرهەڵستکارانی کۆمەڵایەتی پێناسەی دەکات و دووەم، دژبەرانیش لە چەق و هۆکاری گۆڕانکاریی بنەڕەتی دەناسێنێت؟**

– هێڵی فیکریی بۆردیۆ، لەسەر بنەمای تیۆرێک راوەستاوە کە ئەم تیۆرە زۆر بەهێز پۆلێنبەندی کراوە و لە لق و پۆپی فیکری خۆیدا گەیشتوەتە هەندێ وردە تیۆر، کە زۆربەشیان بەهێزن. ناسین و دەستنیشانکردنی ئەم رەهەند و تیۆرە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام بەتەواوەتی گونجاوە، بەو مەرجەی سەرنجبدەین، یەکەم: لەگەڵ دەزگایەکی فیکری بەرەوڕووین، دووەم، ئەم دەزگا فیکرییە پەیوەندی بە بیاڤێکی کۆمەڵناسی، یان باشتر وایە بڵێین زانستی کۆمەڵایەتییەوە، نەک فەلسەفە و زانستە مرۆییەکانی دیکە. هاوکات بەهۆی سەرەکی، واتە بە کۆمەڵایەتی دانانی هەموو دیاردەکان، ئەو ئیزنە بەخۆی دەدات لەبارەی ئەو بیاڤانەشەوە قسەبکات، بەبێ ئەوەی کە ناچاریان بکات، کە ئەم خاڵە کۆمەڵایەتییانە قەبووڵبکەن. لەبارەی ئەوەی کە دەڵێن تیۆرییەکانی بۆردیۆ بەردەوام لە

«تەمومژ» یان بە واتایەکی تر «ناڕوون»ن، لە ڕاستیدا ناتوانین ئەم مەسەلەیە تەنیا ببەستینەوە بە بۆردیۆوە، چونکە زۆرینەی تیۆریداڕێژانی نوێی زانستی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە. لە دەیەی 1980 بەملاوە، ئەوەی کە بە «تیۆرە مەزنەکان» و بە واتایەکی سادەتری پۆست مۆدێرنەکان «گێڕانەوە مەزنەکان» ناودێریان کردووە، بە جۆرێک وەلا نراوە و پێگەی خۆی لەدەستداوە. مەبەست لەم جۆرە تیۆرییانە، ڕاست هەمان ئەو شتەیە، کە لەوانەیە بە واتایەکی تر بکرێت بە «ڕوون» و «ورد» بوونی تیۆری و «پوختە بوونی» تیۆر و بە چەمک یان سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ناودێربکرێت، بە جۆرێک کە بکرێت بە خێرایی و لە پانتایی جوگرافیایی و مێژوویی بەرینتردا پێناسەی بکەیت. ئەمڕۆ نە دەکرێت ئەم کارە بەپێی پارادایمە لۆژیکی بەراوردییەکان ئەنجامبدەین و نە بەپێی مۆدیلە مێژوویی و جوگرافی و دەروونناسییەکان، نە بەپێی هیچ پارادایمێکی تر. هەڵبەتە ئەم پرسە لەلایەن بیرمەندە جیاجیاکانەوە بە یەک جۆر

باسنەکراوە، ئەدگار مۆران ئەم مەسەلەیە لە چوارچێوەی تیۆریی ئاڵۆزی خۆیدا باسدەکات، پۆست مۆدێرنەکان بە جۆرێکی تر بە بردنە ژێر پرسیاری هەموو ئەنجامەکان، هەندێکی دیکەش بە تیۆریی قۆناغبەندی و هتد باسیان لێوەکردووە. دەبێت لەم گۆشەنیگایەوە بڕوانینە تیۆریی بۆردیۆ. ئەم تیۆرە لەسەر چەند بنەما بنیاتنراوە کە ئێمە لێرەدا بەپێی بەرچاوترین فۆرم دەیخەینەڕوو، بنەمای تیۆریی بۆردیۆ، لەسەر بنیاتی «کۆمەڵایەتی بوون»ی هەموو بوون و کەونی مرۆیی، شاخەگەلێکە کە لەو بوونەوە سەرچاوەیان گرتووە، کەوایە ئەم تیۆرە بەدوا دیتنەوەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی بەدیهاتنی «کـردەی کۆمەڵایەتی» و چەرخەگەلێکە کە ئەم هەلومەرج و دیاردانە بدیدێنێت و هەمدیس دیانژێنێتەوە. لە وەها دۆخێکدا، بۆردیۆ رۆڵی «بـە کۆمەڵایەتیکردن» یـان پــەروەردە، یان گواستنەوەی کەلتووری بە پێوەر دادەنێت و پێچـەوانـەی زۆر کـەس لـەو بـاوەڕەدایـە، کە سیستەمەکانی دەســەڵات زیاتر بەتەمای

پاراستن و بەرهەمەهێنانەوەی دەسەڵاتن، هەتا گۆڕانکاری و ڕەخساندنی دەرەتان بۆ بزاوتی کۆمەڵایەتی. لەم تەوەرەشدا بەڕای بۆردیۆ هەم دامەزراوە و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان شوێندانەرن و بەرهەڵستکارانی کۆمەڵایەتی بە شێوەی ئاگایانە و هەندێ جار خۆڕسک دەوریان هەیە. بەڕای بۆردیۆ سیستەم لەسەر بنەمای گروپێکی گەورە لە ئاڵوێر پێکدێت، کە نەتەنیا دڵخوازانە، ئاگایانە و بەپێی ئیرادەی تاکەکان فۆرم دەگرن، بەڵکو لە شێوازی زەروورەتی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریدا لەناکاو لە هەلومەرجی قەیراناویدا دێنەکایەوە. جیا لەمەش، ئاڵوێرە کۆمەڵایەتییەکان چ تەنیا فۆرمێکی ساکار و هەست پێکراوی چەشنی دانوستانیان هەبێت، چ لە فۆرمی خەبات و بەریەککەوتنی مەیدانە کۆمەڵایەتییەکاندا دەربکەون، دیسان لەو دوو فۆرمەدا بەرهەڵستکاران لەسەر ئیمتیاز و پوانەکان پێکەوە دەرگیردەبن. لەم ئاقارانەشدا، سەرمایەکانی تاک، لە جۆری سەرمایە مادی، فەرهەنگی، پێگەی کۆمەڵایەتی

یان کاریزماتیکدا خۆیان دەردەخەن، کە تاکەکان وەک چەکێک بۆ وەدەرنانی رکابەرەکان لە مەیدانەکە بەکاریاندەهێنین. بەم پێیە بۆردیۆ هەموو بوارە جیاجاکانی ژیانی مرۆڤی بە چەندین مەیدان دابەشکردووە، بەرهەڵست و دژبەرانیشی دیاری کردووە و پێشبڕکێشی لە نێوانیاندا خستۆتەگەڕ، ئەمە کارێک بوو کە بۆردیۆ نەیتوانی بە ئەنجامی بگەیەنێت، بۆیە دەستەبەربوونی بە درێژەدان بە رێبازە فیکری و تیۆریەکەی مسۆگەر دەبێت، کە ئەویش رەخنە و دزەکردنە بۆ نێو مەیدانە کۆمەڵایەتییەکان و سازدانی کردەوە و دژکردەوەی بەرانبەرە لە نێوانیان بۆ فۆرم بەخشین بە سیستەمە گەورە کۆمەڵایەتییەکان. ئەمە بۆ خۆی پڕۆژەیەک بوو کە بۆردیۆ رەچاوی دەکرد، بەڵام بەپێی نەبوونی دەرەتان و هەلومەرجی ژیان و کەمیی تەمەنی نەیتوانی بیگەیەنێتە ئەنجام.

*** کەوایە ئەو پارادۆکەسەی کە ئێوە لە «نیگەتیڤ یان پۆزەتیڤ» بوونی توندوتیژیی هێمایی و رۆڵی بەرهەڵستکار و دامەزراوەکان تێیدا دەیبینین، پارادۆکس نییە، بەڵکو بەشێکە لە خودی سیستەم کە بەم چەشنە**

**هەڵسوکەوت دەکات، تەنانەت ئەم مەسەلەیە لە کتێبی «لەبارەی تەلەفزیۆن و دەسەڵاتی ژۆرنالیزم»یش دیار و بەرچاوە. لەلایەک بۆردیۆ باس لە پێکهاتەی تەواو زەبروزەنگی راگەیاندن دەکات، لەلایەکی تریش دان بەوەدا دەنێت، کە دەکرێت لەو راگەیاندنەدا بە جوانی هەست بە ئازادی بکەیت. بە واتایەکی تر ئەرکی بەردەنگ و خوێنەری بۆردیۆ، بەپێی ئەو شرۆڤە پێکهاتەییانەی خۆی دیار نییە و ناڕوونە، ئاخۆ خوێنەر (بەرهەڵستکار) دەبێت لە هەمبەر پێکهاتەکاندا مل بۆ زۆر و «زەبروزەنگ» کەج بکات یان «هەڵبژاردن»؟**

- دەبێت بگەڕێینەوە بۆ پرسیارەکەی پێشوو، زەبروزەنگ و هەڵبژاردن دوو چەمکن کە بەپێی سیستەمە تیۆرەکانی پێشوو هەندێکیشیان لە زانستی کۆمەڵناسیدا هەبوون. تیۆریی بۆردیۆ هەوڵێکە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە دوو چەمکی «زەبروزەنگ و هەڵبژاردن» لە راستیدا لە ناخی خۆیاندا دوو چەمکی پوخت و ڕێکوپێک، هەروەها دوو بەهای بەتەواوەتی دیار و پێکناکۆک و دژبەری یەکترنین. بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ ئەوە، نموونەیەک کە ئێوە باستان لێوەکرد، لە سیستەم و دەزگایەکی وەک تەلەفزیۆن یان

ڕۆژنامە، بێگومان بەڵگەی زۆر هەن کە هەردوو دەزگا لە بزاوت و قەوارە و ئاراستەی فیکری، یان ڕەوتە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی بیروڕای گشتیدا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە، یان بەلاڕێیدا دەبەن، یان ڕاستییەکان بەپێچەوانە دەخنەڕوو، کەوایە دەکرێت ئەو ڕەهەندانە لەو دەزگایانە بە نەرێنی لێکبدرێتەوە، بەڵام هەمان ئەو سیستەمانە لە هەناوی خۆیاندا هەڵگری گەلێک وزە و تواناییین، کە دەتوانن بەدژی خۆیان بگەنە گەڕ و هەمان ئەو بەرهەڵستەی، کە بینەر و خوێنەرانی چەواشەی دەکەن، بەبێ ئەوی بزانن، چەواشەکاریش هەڵدەوەشێننەوە. ئەوەی کە باس دەکرێت، بە هیچ شێوەیەک دژبەیەک و پێکناکۆک نین، لەڕاستیدا شرۆڤەی سیستەمە تۆتالیتەرەکانی سەدەی بیستەم دەریدەخات، کە گەورەترین دوژمن، گوتارە تۆتالیتار و دژە دیموکراتیکەکان، خودی ئەو گوتارانەن کە لە هەڵسوکەوت و کردارێکی پێکناکۆکدا خۆیان هەڵدەوێشننەوە. هۆی سەرەکیشی ئەوەیە، کە دیکتاتۆر و تۆتالیتارەکان لەناوچوون، ئێستا

لەم بارەوە نەتەنیا خەباتێک بەدژیان لەئارادا نییە، بەڵکو هەندێ دژبەر و پێکناکۆک هەن، کە بەهۆی نەبوونی هاوئاهەنگی و نەبوونی دەرەتانی یەکدەنگی لە نێوان سیستەمە ئاڵۆزە کۆمەڵایەتییەکان، لە ڕێگای ئامرازە زمانییەکانەوە دەرکەوتوون.

*** بەڕای من یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی بۆردیۆ، کە گونتەرگراس (لە دیالۆگێکی ڕووندا لەگەڵ بۆردیۆ، کە لەبارەی «ڕۆشنبیری ناڕازیی» هەیەتی) بەشێوەی لاوەکی باسی لێوەدەکات. ئایا ئەمە لەزمان زبرییەوەیە. تاڵی و زبرییەک کە بەهۆی ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە، یان بەڕای خودی بۆردیۆ «جەهەنمی بوونی ئەو سەردەمەیە کە تێیدا دەژین»، بەڵام ئەم تاڵییە لە هزری پراکتیکی بۆردیۆدا وزەیەک بەرهەمدەهێنێت کە لەو ڕێگایەوە دەکرێت بەپێی هەڵسەگاندنی خۆی بە ئاقاری یۆتۆپیایدا بکێشی. بەڕای ئێوە بۆردیۆ چۆن چۆنی ئەم بەرهەمهێنانە «پێگە»یەی بەدیهێنا؟**

ئەو تاڵییەی کە ئێوە باسی لێوە دەکەن، لەلای بیرمەند زۆر درەوشاوەیە، بەڵام بەتەواوەتی جیاوازە لەلای بۆردیۆ لەگەڵ

«کلود لیڤی شتراوس» کە بە هیچ شێوەیەک سیاسی، تەنانەت نارازیش نەبووە. ئەم تاڵییە لە راستیدا جۆرێکە لە واقیعبینی. ئەو راستییەی، کە دەگەڕێتەوە بۆ شرۆڤەی قووڵی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان کە لەگەڵ رەهەندەکانی هاوچەرخ و مێژوودا هاوتەریبە. لە هەردوو رەهەندەوە شرۆڤەی کۆمەڵایەتی (منیش ئەوەی پێ زیاد دەکەم شرۆڤەی بیۆلۆژیک) ئەگەر بێت و لە ئاستێکی بەرزدا توانایی شرۆڤە و شیکاریمان نەبێت، لە زۆر بواردا بەرەو لای جۆرێک لە بێ ئومێدی پەلکێشمان دەکات، چونکە رێژەی کۆلانە بنبەستەکان لەناو کۆمەڵێکی زۆر رێگە و کوێرەڕێی کۆمەڵایەتیدا هێندەزۆرن، کەلە ئەنجامدا هەموو کەس دەتوانێت پاش ماوەیەک بەو ئەنجامە بگات، کە هەموو هەوڵەکان بێهۆن و مرۆڤ یەخسیری دۆخێکە، کە ئەوەی بە مانای مرۆڤ پێناسەکردووە. هەندێک لە فەیلەسووفانی رادیکاڵی پۆست مۆدێرن دەگەنە ئەو ئەنجامە و هیواخوازی بەبێ هیچ ئەڵتەرناتیڤێک، بۆ دەربازبوون لە دۆخی قەیراناوی دێننە گۆڕێ و فەوتان و نابووتی بە تاقە رێگەی کۆتاییهێنان

بە ژان و ئازار لە قەڵەمدەدەن. بۆردیۆ قەت ناکەوێتە بازنەی ئەم تێڕوانینەوە و پێیوانەبوو، کە ڕێگاچارە لەئارادا نییە و دەبێت پەنا بۆ زەبروزەنگێکی تاڵ و هیوابڕاو بەرین. بۆردیۆ پێیوابوو، ئەم کارە تەنیا لە ڕێگەی تێگەیشتنی قووڵ لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەستەبەردەبێت، دەیوت بۆ باشتربوونی قۆناغ بە قۆناغی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، دەبێ لە ڕێگای کار و چالاکیی درێژخایەنی بەرهەڵستکاران و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەوڵبدەین. لەم ڕووەوە من پێموایە کە شرۆڤەکارانی کۆمەڵایەتی نابێت هیچکات ڕوانگەی ڕەخنەگرانە، بۆ وێنە لەبارەی خۆیانەوە لەدەستبدەن و بەتایبەتی دەبێ ئاگارداری سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان بن، چونکە بۆ دەربازبوون لە دۆخە پڕ کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەو هەلومەرجانەی کە کەلتوور هەموکات مەیلی زیاتری بۆ دوورکەوتنەوە لە چەندایەتی و چۆنایەتیی سروشت هەیە، سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان بەدوای دیتنەوەی ڕێکارگەلی یۆتۆپیاییەوەن، یان باشتر بڵێین بەتەمای ڕێگاچارەی ئوستوورەیی..

**سەرچاوە:**

1- مجله اطلاعات حکمت و فلسفه به تاريخ 14 ابان 1388 شمسی

2-http://anthropology.ir/node/440 _

3- سايت انسانشناسی و فرهنگ

# مـــن کێـم؟
## وتووێژ لەگەڵ پییر بـۆردیـــۆ

**سازدانی: ئیزابێڵ گـراو**

**وەرگێڕانی: دانـا شوانی**

گراو (Isabelle Graw): زۆرجار لەبارەی منەوە دەگوترێ بە شێوەیەکی سیستماتیک ئەو کەسانەی کە «هەڵگری زانستن» دەخەمە ژێر پرسیارەکانمەوە کە دەشێ بە زەمینەی ئیستاتیکاوە پەیوەست بن، زەمینەیەک کە تێیدا بە گشتی بۆشاییەکانی تیۆرێک یان کۆنزەرڤاتیزمی شاراوە تێیدا بەدەردەکەون. بەرێز بۆردیۆ لە لای ئێوە، من ناتوانم هیچ شتێ بدۆزمەوە بۆ ئەوەی بتوانرێ ئەم کارە ئەنجام بدرێ یان بەرەو پێگەیەکی ترتان ببات. بەم چەشنە بڕیارمدا بە سەرەنجدان لەم پێگە تازەیە هەوڵ بدەم هەندێ بیروبۆچوون و تیۆری ئێوە دژی خۆتان و دژی خۆم لە کایەی هزرینی خۆیی «self-thing» (یان خۆپەرچێنەر) بەکار بهێنم.

ئەگەر خوازیار بم لەم گفتوگۆیەدا، لە هەمان کاتدا هەلومەرجی ئەنجامدانی شی بکەمەوە پێویستە لە پەیوەندیەکانی دەسەڵاتێکی نادیار تێڕابمێنم کە لە نێوان خۆم وەک کەسێ کە پرسیار دەکات و دەخوازێ بزانێ و ئێوە کە وەڵام دەدەنەوە و پێویستە بانگەشکاری زانین بن، دێتە کایەوە. لەم دۆخەدا دەتوانرێ بە تایبەت لە دەقە تیۆرییە ئەمریکاییەکاندا ببینرێ کە چەشنێ «خۆپەرچێنەری ناوەکیکراو» «Auto- reflexion incorporee» بەردەوام وەک بنەچەیەکی سەرەکی بەڵگەنەویست پەسەند دەکرێت. بەم چەشنە ئایا دەتوانرێ بگوترێ کە خۆپەرچێنەری بۆ راهێنانێکی ستایل ئاسا بگۆردرێت نەک بۆ چەشنێ ئاراستەی

**پراکتیکی بە چەشنێ کە ئێوە پەی بێ ببەن؟ و لەم زەمینەیەدا ئایا ناتوانرێ بگوترێت کە ئەمەش ئەو کاتە ڕوو دەدات کە خۆپەرچێنەریی زیاتر بە مەسرەفی ئاراستەکردنی پێگەی خۆی بگات لە کاتێکدا کە تاک بەرامبەر بە پێگەی خۆی «لە ڕووی دامەزراوەییەوە» هوشیارە، تاوەکو بەم شێوەیە خۆی لە هەڵوێستێکی بەهێزتردا دادەنێت؟**

**پییر بۆردیۆ:** من تا ئێستا بە چەشنێکی روون و بێ ئاڵۆزی، ئەوەی ئێوە دەیڵێن ئەزموونم نەکردووە، بەڵام کاتێ ئێوە پرسێک دەخەنەڕوو بە دڵنیاییەوە هەندێک لەو خاڵانە دەبینم کە بەردەوام سەرەنجی من بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێ. پێویستە بگوترێت کە ئێمە شێوەگەلی هەمەچەشنمان لە خۆپەرچێنەریی هەیە. هەندێ لەم شێوازانە زیاتر دەروونشیکارانەن و هەندێکی تر رەخنەگرانە. ئەوەی زیاتر دەگمەن و دانسقەیە، هزرینی خۆییە لە کۆمەڵناسیدا. پێویستە بگوترێت کە ئەمەش لەو زەمینەیەدا هەم سەیر و هەم سەرسورهێنەرە، تەنانەت شتێکی هاوشێوەی ئەمەشمان لە کۆمەڵناسیدا نییە. هەڵبەتە من نیشانەگەلێ لەو خاڵانەی کە ئاماژەتان پێکرد دەبینم، بەڵام لێرەدا زیاتر رووبەرووی رواڵەتەکانی هزرینی خۆیی

دەبینەوە. پێموایە ئەمە چەشنێ میکانیزمی پاڵنەریی شیاو و شایستەیە کە سەرچاوەی خۆی لەدژە رامکردن دەبینێتەوە. فرۆید بەردەوام لە میکانیزمە پاڵنەرییەکان دەدوێت: لە بەرامبەر بردنە ژێر پرسیارەوە، میکانیزمگەلێکی پاڵنەریی تاکەکەسی و میکانیزمگەلێکی پاڵنەریی کۆیی بوونیان هەیە.

**گراو:** بۆ نموونە لە وولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یەکێ لەو نەریتانەی کە بۆ دەرخستنی خود وەک تاکێک لە ڕووی سیاسی گونجاوەوە بوونی هەیە، ئەمەیە کە لە سەرەتای کۆنفرانسێک کەسێک خۆی وەک «سپی پێستێکی پیاوی هۆمۆسێکسواڵ» دەناسێنێ، گوایە ئەمە بۆ ئەوە بەسە کە کەسێ خۆی بناسێنێ و پێگەی خۆی روون بکاتەوە, هەڵبەت ئەوەش راستە کە لەو ژینگەیەی کە ئاوا توخمگەلێ دەخرێتە ڕوو، ئەم فاکتەی کە کەسێ «نەژاد، رەگەز و چینی کۆمەڵایەتی» خۆی دەرببڕێت، چەشنێ ئەرکی سیاسی هەیە، لێ هەر چەندە کەسێ خۆی زیاتر بە چەشنێکی فۆرماڵی پێناسە بکات، زیاتر ئەم ئەرکە سیاسییە لاواز دەکاتەوە.

**بۆردیۆ:** پێموایە لێرەدا سەروکارمان لەگەڵ چەشنێ خۆشیکردنەوەی لادانکاریی هەیە کە ئەرکەکەی دژە رامکردنە. لە ڕاستیدا مانای ئەم کارەش ئەوەیە کە توانای بەدیهاتنی سازشکردن لەگەڵ چەشنە نۆرمێکی پیشەیی، کە شەفافیەت دەکاتە شتێکی پێویست، بوونی هەیە. لە دوای ساڵانی 1968، زۆرجار دەبینین کە گووتەی تاکەکان بە یەکجاری دەبڕدرێن تاوەکو لێیان بخوازن هەڵوێستەکانیان ڕوون بکەنەوە. ئەمەش چەشنێ شێوەی زێدەگۆئامێزە لە خۆپەرچێنەریی.

**گراو: تەنها لەبەرئەوەی فۆرماڵییە؟**

**بۆردیۆ:** چونکە بەتەواوی فۆرماڵییە و مانایەکی ئەوتۆ لەخۆناگرێت. بۆ نموونە ئەگەر دەخوازین ئەوەی هەنوکە خەریکی ئەنجامدانین شیبکەینەوە دەتوانین شتگەلێکی زۆر ببێژین. پێویستە ئێوە زیاتر لەبارەی خۆتان بدوێن و منیش لەبارەی خۆم. بۆ نموونە ئێوە بە شێوەیەکی بزواو هاورێیی زۆرتان هەیە و ئەمەش بێگومان لە پەیوەست بەم پێگەیە بوونی هەیە کە مانگنامەکەتیان بینیوە و بەرامبەر بە ستایلە مرۆییەکان هەستیارن...

**گراو: بەرامبەر بە هابیتۆسەکان؟**[1]

**بۆردیۆ:** بەڵێ. بەرامبەر بە هابیتۆسێک کە ئێوە پێکتانهێناوە. سیمای ئێوەش کۆمەک بەم فاکتە دەگەیەنێت، و پێوستە ئەم پرسیارەش بخرێتەڕوو کە پەیوەستی و هۆگری من لەسەر چ شتێ ڕاوەستاوە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاڵۆزە. چ شتگەلێکی هەیە کە ئێمە «ناتوانین» بیڵێین، چونکە پرسیارتان لەم بارەیەوە لە من نەکردووە؟ یان ئەگەر پرسیاریش دەکەی من وەڵامیانم نەداوەتەوە. من پێموایە ئەگەر ئەم چەشنە لە هزرینی خۆیی بۆ فاکتێکی باو بگۆردرێت، ژیانی رۆشنبیری بە چەشنێکی قوڵ گۆڕاوە و زۆرێ لە تاکەکان ئیدی ناتوانن وەک پێشوو بژێن. لەو کاتەی کە کتێبی «مرۆڤی ئەکادیمیک»م نووسی، بەردەوام ئەم پرسیارە بۆ من خراوەتەڕوو کە بە چ هۆیەک بەوێ گەیشتوومە کە لەسەر چ کەسانێ کار بکەم (فەیلەسوفان و ...هتد) کە ئیشەکانیان بیرکردنەوە (هزرین) بووە. چۆن ئەوەم گوتووە، و هەمووان کەم تا زۆر ئەوە دەزانن. کتێبی «مرۆڤی ئەکادیمیکی» لە بەراورد بە کارێکی هاوشێوە کە بۆ نموونە من دەتوانم

لەبارەی کرێکارانی پرۆلیتێر ئەنجامی بدەم، بە کارێکی پر مەترسی هاتە هەژماردن. بۆچی؟ چونکە لێرەدا، میکانیزمگەلێکی پاڵنەری کۆیی بوونیان هەیە. با نمونەیەکتان لەم بارەیەوە بۆ بهێنمەوە: ژیانی زانستی زۆر سەخت و دژوارە – هەڵبەت ژیانی کولتوریش بەم چەشنەیە. ئێمە لەم زەمینەیەدا بەردەوام رووبەرووی پرسی مەرگ یان مانەوە دەبینەوە، مرۆڤەکان بەردەوام ناچارن لە خۆیان بپرسن ئایا ئەو کارانەی کە دەیکەن مانایان هەیە یان نا، ئایا لە بنەڕەتدا ئەم کارانە زەحمەتە یان نا. بەم چەشنە ئەم ژیانە هێندە دژوارە کە بەکارهێنانی چەشنێ هزرینی خۆیی تێیدا، بۆ زۆر کەس، ئەوە تەحەمول یان قبوڵ ناکرێ. بەم هۆیەیە کە تاکەکان ئەم نەبینینانە بە یەکتر دەبەخشن.

**گراو: ئەم نەبوونی هزرینی خۆییە لەوانەیە بۆ کۆمەڵناسی ڕاست بێ. بەڵام لە کایەکانی تر بۆ نمونە لە کایەی بەرهەمی ئەدەبی، هزرینی خۆیی بۆ چەشنێ دۆکسا گۆردراوە (بۆ ئەوەی سوود لە ووشەکانی خۆتان وەربگرم). لەم کایەدا دەتوانرێ تەنانەت ناواخنێ لەو هزرانەی کە خۆهزرینانەن ئامادە بکرێ: زۆرێ لە هونەرمەندان بە شێوەی خۆکار (ئۆتۆماتیک)**

**پشت بە خۆیان دەبەستن، لە بەرامبەر بە مێژوو و هەلومەرجی بەرهەمی هونەری خۆیان و ئەو توانایییە هونەرییەی کە بۆ ئەوان بوونی هەبووە، ئەوان دەست بە کردنەوەی گەلەری و گوێدێرانی خۆیان دەکەن، بەو چەشنەی کە ئەم کارەش لە بارەی تێگەیشتن لە کار و فەزای کۆمەڵایەتیان ئەنجام دەدەن. ئایا گومان ناکەیت لەو هەلومەرجەی کە خاڵێکی کوێر جارێکی تر بایەخ پەیدا بکات بتوانرێ بوونی هەبێ؟ بۆ نموونە ڤیمینیستەکان لەم بارەیەوە توێژینەوەگەلێکیان ئەنجامداوە کە ئایا شیاوێتی گشتێنراو «دژە گەوهەرگەرایی» «ant-essentialisme» جارێکی دیکە گەوهەرگەرایی وەزیفیی «functional» نابێتە پێویست. ئایا ناتوانرێ بگوترێ ئەو هەلومەرجەی کە لە هزرینی خۆییدا دۆکسایەک دەسازێنێ، ناتوانن خۆیان لە دووبارە ڕاوەستانەوە ئاراستە بکەن؟**

**بۆردیۆ:** من زیاتر ئەم هەستەم هەیە کە ئێمە هەرگیز ڕووبەڕووی هزرینی خۆیی لەڕادەبەدەر نەبوینەتەوە. لەم دواییە دەقێکم بۆ گۆڤارێکی ئەڵمانی نووسی. ناواخنی ئەم دەقە دژایەتی نێوان هزرینی خۆیی و هزری مەیلدار بە ئۆبجەکتیڤێک بوو. ڕستەیەکی مارکس هەیە کە من زۆرم خۆش دەوێ لەو ڕستەیەدا مارکس جۆرێکی تایبەت لە هزرین بە چەشنێ

خۆهزرینی خۆ - رازیکەر بەراورد دەکات. لەم شێوە تایبەتەی خۆهزرینی خۆ- رازیکەر، مەسەلەکە ئەوەیە کە کەسێ دەخوازێ لەززەت بە خۆی بدات. لە کاتێکدا کە جۆرێکی تر لە هزر هەیە کە رووی بەرەو دەرەوە کراوەیە و هەوڵدەدات خۆی یان پێگەی گروپیی خۆی شی بکاتەوە تاوەکو لەم رێگەیەوە بتوانێ بە شتێکی تازە بگات، گۆڕانێ بهێنێتە کایەوە و بە هۆی پێگەکەیەوە تووشی دەستکاری نەبێ، بە دەربرینێکی تر خۆی بە بابەتێ بۆ پێگە نەگۆرێت. پێویستە بگوترێت کە رۆشنبیران (لە کاتێکدا پێویستە ئەوان مرۆڤگەلێکی پیشەیی هزرین بن) وێرای ئەوەی کە رۆشنبیربوون یانی چی یان پەیوەندیەکانی تیۆریە و پراکتیک چییە، بە شێوەیەکی سەیر زۆر بەکەمی دەهزرێن. لەم دۆخەدا ئەوان بە شێوەیەکی نائاسایی جۆرێ ساویلکەیی لە خۆیان نیشان دەدەن (و ئەمەش بێ هەر چەشنە خودخوازییەک) هەنوکە پێویستە ببینرێت کە بۆچی بەم چەشنە دەبێت. ئەم سادەبینیە ئاکامگەلێکی زۆر قورسی هەیە، چونکە رۆشنبیران گرنگتر لەو شتەن کە بیر

دەکەنەوە. بۆ نموونە من بیر لە کەسایەتییەکی وەک ئالتوسێر دەکەمەوە. ئەو کەسێکی کاریگەر بوو لە فەرەنسا و بۆ من سەرسورهێنەرە کە لە سەرگوزەشتەی ژیانی ئەودا دەبینین کە تا چ ڕادەیەک بەرامبەر بە خۆیشی بێ جیاوازی بوو. ئەوەی کە مرۆڤەکان وەهان نەک تەنها بەرامبەر بە جیهانی کۆمەڵایەتی بەڵکو بەرامبەر بە دونیای خۆیشیان کوێر بن بە دیدی من زۆر توندە. لەمەڕ ئەو هونەرمەندانەی کە بەرامبەر بە هۆگرییە هونەرییەکانی خۆیان کوێرن هەلومەرجەکە بەم چەشنەیە. کوێر بەرامبەر بەوەی ناتوانن بیڵێن. کاتێ ئەم هونەرمەندانە لە کردەی هونەری، لە چالاکی هونەری، کۆمەڵێ سیمبول دەکەنەوە، بەم کردارە خۆیان جۆرێ کردەی هونەری تر دەئافرێنن. ئەمەش بۆ خودی زۆربەی پرسەکان توندە، چونکە زۆربەمان سەروکارمان لەگەڵ مرۆڤگەلێکی زۆر کاریگەردا هەیە. بەم چەشنە، پێموایە ئێمە ناتوانین لە رادە بەدەر «هزرینی خۆیی»مان هەبێ و هەڵبەت مەبەستم لێرەدا خۆهزرینی خۆ رازیکەر نییە. نەخێر، مەبەستی من چەشنێ هزرینی خۆیی کارا و پر بەرهەمە،

لێ نەک بۆ ئەوەی کە لێبدرێ. پرسی هێرشکردن نییە. لە زۆرێ لە بوارەکاندا من خۆم دەبینم کە سەرقاڵی جۆرێ هزری خۆیین بۆ نموونە کاتێ لە گرووپێک دەپرسین کە بە راستی ئەمانەوێ چی بکەین. پرسیارگەلێکی لەم چەشنە هەموو شتێ دەگۆرێت. ئەم نموونەیە ئەوەیە کە گروپ کورت بکرێتەوە. جۆرێ هەستی ئارام دەهێنێتە کایەوە و دەتوانرێ قسە بکردرێ. هەڵبەت هەندێ کاتیش دۆخێکی نارێک دێتە پێشەوە.

**گراو: من پێموایە هزرین بە هەلومەرجی «هزری خۆیی بەناوەکیکراو» و بەو ئەرکانەی کە دەتوانرێ بۆی لەبەرچاو بگیردرێ، بۆ خۆی دەتوانێ چەشنێ خۆ هزری بێت.**

**بۆردیۆ:** هەڵبەت هەق بە ئێوەیە. من پێموانییە کە پێویستە چەشنێ بۆرۆکراسیبوونی «خۆ هزری»مان هەبێ یان ئەوەی کە پێویستە بۆ چەشنێ کردەی خۆکار بگۆردرێ بە ناچاری شێوە و ناوەرۆکی پێ بدەین. ئەمەش خۆی لە خۆیدا کارێکی زیانبار دەبێت. هەروەها پێموایە کە خۆ هزری تەنها دەتوانێ کردەی کۆیی بێ, بەم چەشنە پێموانییە کە پێویستە هەموو کەسێ فیشی خۆی پێ پر بکرێتەوە و خۆ هزری بکات.

زۆرجار رۆشنبیران وەهایان کردووە بۆ نموونە سارتەر لە بارەی خۆیەوە دەبێژێت: «من رۆشنبیرێکی بۆرژوام»، لێ ئەو هیچ ئاکامێکی لەم گووتانە لە کاری خۆیدا نیشان نادات، ئەمانە ووشەگەلێکی فرەن ... پرسەکە ئەمەیە کە بتوانین ئەو روحە بئافرێنین کە بەرووی هزرین بکرێتەوە. پێویستە «خۆ هزرین» هاوشێوەی شمشێرەکەی دامۆکلیس بێ، ئەو شمشێرەی کە بێ هیچ خراپەخوازییەک لەگەڵ هەموو گروپێ لە بەرهەمهێنەرانی کولتوری ئاوێزان بێت. ئەمەش نەک هەرەشەیەک بەڵکو راگەیاندنی مەترسییەکی تایبەت بەرامبەر بەو کارەیە کە ئێمە ئەنجامی ئەدەین، چونکە ئێمە خۆمان بە سەبجێکتێکی ئافرێنەر دەژمێرین.

**گراو: بەم چەشنە پێویستە جۆرێک نیگای خۆشیکەرەوە بوونی هەبێ کە بەردەوام لە باری ئیشکردندا بێت.**

**بۆردیۆ:** بەتەواوی وایە و ئەم نیگایەش هەموو شتێک دەگۆرێت. من هەموو رۆژێ شتگەلێک دەخوێنمەوە و هەستی ئەو کەسەم هەیە کە دەبینێت، شتگەلێکی سەیروسەمەرە دەبینێت. مرۆڤەکان بە چەشنێکی سادەبین

دەنووسن و ئەمەش بێ ئەوەی کە کارێکی وەها شی بکرێتەوە و ئەمەش مرۆڤەکان بە ئامرازی ئەوانی تر دەخوێنرێنەوە. ئەمە لە بارەی لێۆ توێژینەوە ئەو «کولتورەی» کە ئێمەش هەمانە دەتوانرێ شتێکی وەها بگووترێت (بلۆم لە ئەمریکا، رێژەبڕوایی، هەموو ئەم شتانە، فەیلەسوفانی گەورە) بە خۆمان دەڵێین، ئۆو خودای من! خۆزگە لانیکەم مرۆڤەکان کاتێ ئەم شتانە دەنوسن، لە خۆیان دەپرسن چ کارێکیان هەیە دەیکەن. ئەو سوودمەندییە سادەبینینانەی کە من ئەتوانم بە نووسینەکانم درێژەی پێ بدەم چیین؟ ئەم کارە، بەرهەمگەلێکی پۆزەتیڤن.

**گراو: ئایا ئێوە دەتوانن وێنای ئەو هەلومەرجە ئابووری و سیاسییە بکەن کە تێیدا چەمکگەلێکی وەک «هابیتۆس»، «کایە» و «بەرهەمهێنانەوە» بۆ مۆدێلگەلێکی روونکەرەوەی بەڵگەنەویست بگۆردرێن؟**

**بۆردیۆ:** دەتوانم وا وێنای بکەم، بەڵام ئەوەش ئەوەندە بە بڕواپێکەر نازانم. من گومانم هەیە و لە دۆخی ئەنجامدانی هزرینی خۆیین، پێویستە چی بڵێین، ئایا چەشنێکی شیاو لە خۆخوازی لێرەوە دەرناکەوێ، ئایا من لە رۆڵی پەیامبەری

نەفرەتلێکراودا نابم، رۆڵێکی کلاسیکی رۆشنبیر، و ئایا ئەمەش لە لای من شێوەیەکی بێ فیزی درۆینە نییە؟ بەڵام پێموایە بتوانم بێ ئەوەی کە هیچ فێڵ و تەڵەکەبازیەک لە کارەکەمدا بێ، شتێکی وەها زۆر ناکاریگەرە، چونکە پرسەکە لەسەر ئەو ئامرازانەیە کە بە دیدێکی زۆر باشەوە دەردەکەون لە کاتێکدا کە لەراستیا توندوتیژییەکی گەورە لە خۆیان بار دەکەن، چونکە ئەم ئامرازانە بە شتگەلێکی سەرەکی پەیوەست دەبن کە بە گشتی پارێزگاریان لێکراوە. بەم هۆیەش پێموانییە کە خۆ هزرین بەم سادەییە بتوانرێ بگشتێنرێ. هەڵبەت بە شێوەیەکی تایبەت هەڵوێست وەردەگرم تاوەکو ئەوانیتر بوروژێنم.

**گراو: چۆن چۆنی پێویستە بەهۆی چەمکەکانتان بەرەو شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان هزرینی خۆیی لە رەفتاری کولتووری و ئەو هەڵاوسانەی کە ئێمە بە شێوەیەکی تایبەت لە بازاری هونەردا دەیبینین، بچین؟ ئەگەر من گریمان بکەم کە پەیوەندییەک لە نێوان ئەم داتەپینە لە بازار و هزرین بەرامبەر بە هەلومەرجی ماددی بوونی هەیە، چۆن دەتوانین سوود لە ئامرازەکانتان وەربگرین؟**

**بۆردیۆ:** سەرەتا پێویستە کارێکی مێژوویی ئەنجام بدرێت. خۆهزرین کورتە مێژوویەکی دورودرێژی هەیە و پێویستە بە پرۆسەگەلی خۆرسکبوونی کایەی هونەری[3] ببەسترێتەوە. من ئاماژەم بە پرۆسەگەلێکی هاوشێوە لە زەمینەی ئەدەبیات، شیعر و هەروەها مۆسیقاش کردووە. لەم دواییانە کتێبێکم لەبارەی شوئنبێرگ خوێندەوە، کە نووسەرەکەی (مۆسیقاناسی فەرەنسی) بێگومان تیۆرەسازێکی مۆدێرن نییە[4]. لەم کتێبەدا کە لە ساڵی 1947 نووسراوە، ئەو نیشانی ئەدات کە پرۆسەی گەرانەوەی مۆسیقا تاوەکو بە ئامانجی خۆی بەرەو پێشەوە بروات. ئەمە رێک هەمان ئەو پرۆسەیە کە لە زەمینەی ماتماتیکیش لەگەڵ ئەکسیۆماتیک (axiomatique) شاهیدی بووین. بەو چەشنەی کە لە شیعر و لە مۆسیقا: هەر کەس دەست پێ دەکات بە پرسیارکردن لەوەی کە پێویستە لە خۆی بپرسێت بۆچی ئەوەی دەیڵێین دەتوانرێ بگوترێت؟ بەم چەشنە پێویستە دیراسەیەکی مێژوویی و پراکتیکی لەبارەی هونەرەکان و زانستەکان

ئەنجام بدرێ، بەڵام لە زەمینەی ئەم سەردەمە، پرسێکی ئاڵۆزترە. من پێموایە پرۆسەی هزرینی خۆیی لە ساڵانی 1960 و 1970، لە کاتێکدا کە هێشتا قەیرانێک بوونی نەبوو، ئەم پرۆسەیەش بوونی هەبوو. بەم هۆیەش لەم بوارەدا من هیچ پەیوەندیەک بە قەیرانی ئابووری نابینین. پرسەکە زیاتر ئەوەیە کە ئایا قەیران نابێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤەکان زیاتر لە پێشوتر لە بردنە ژێر پرسیاری ئەوەی لەبارەییەوە دڵنیا بوون، سەرقاڵ بێ. ئەوەی بۆ ئێمە لە هەنوکە لە کایەگەلی هاوشێوەی شێوەکاری ئەدەبیات شاهیدیین، جۆرێ گەرانەوەیە بۆ فۆرمی زۆر نەریتی و دێرین. ئێمە لە سەردەمی «گەرانەوەی دەسەڵاتدارێتی» ژیان بەسەر دەبەین. ئەمەش روونتر لە هەموو شوێنێ لە ئەدەبیات دەبینرێت: ئێمە هەر چی زیاتر بەرەو جۆرێ لە هونەر لە پێش جۆیس و ڤێرچینیا ۆولف و رۆمانی نوێ دەرۆین. و ئەم گەرانەوەیەش بۆ حەکایەت لە زەمینەیەک لە کۆنزەڤاتیزمی گشتی لە رێگا سەردەردێنێ، کە لە هەر زەمینەیەک کاریگەری بە جێ دەهێڵێ و ئەم کاریگەرییەش لە هەر

کایەیەکی تایبەتدا، بە هۆکارگەلێکی تایبەت شێوە دەگرێت. لێرەدا من بیر لە رووداوەکانی مانگی مەی 1968 دەکەمەوە کە کاریگەرییەکی زۆر قوڵی لە هزری ئەکادیمی و زانکۆییەکان لە لۆس ئەنجلۆسەوە تا مۆسکۆ بەجێ هێشت.

**گراو: بۆ نموونە دەتوانرێت سەرلەنوێ گەرانەوەی نەریت لە شێوەکارییە گەلەرییەکانی نیۆیۆرک کە مەیلدار بە فرۆشی بازرگانین قسە بکرێت (بۆ نمونەیە لە گالەری گی کورنە) ئەو گالەرییانەی کە دەزانن شێوەکاری بەهای بازرگانی جێگیرە کە تەنانەت لە قۆناغگەلێکی قەیرانیش بە باشی دەفرۆشرێت، بەڵام گەلەرییگەلێکی دیکەش لە نیویۆرک هەن کە بە شێوەی «فۆرماڵی» بانگەشە دەکەن بەرامبەر بە قەیرانەکان هوشیارن و بۆ ئەمەش بەرنامەگەلێکی هەفتانە دادەرێژن.**

**بۆردیۆ:** دونیای هونەر بە مۆدێلە ئابوورییەکان ئاڵودە بووە. ئەمەش تەنانەت بە بەرپرسانی مۆزەخانەکانیش کە بۆ ئەکتەرگەلی زۆر گرنگ لە کایەی هونەری گۆڕدراون، گەیشتووە، ئەو بەرپرسانەی کە لە هەمان کاتدا بۆ کارگوزارانیش گۆڕدراون کە هاوکاری پێشکەش بە گەلەرییە بەناوبانگەکان دەکەن و شێوە و ناوەرۆک بە بەرنامە پروپاگەندەییە گەورەکان دەدەن. لە

هەنوکەدا لە پاریس پێشانگایەکی زۆر گەورە کراوەتەوە کە بە ڕادەیەکی وا تورەی کردووم کە تەنانەت ناوەکەیشم لە یاد نەماوە...

**گراو: مەبەستان پێشانگای تۆلۆز لۆترکە؟**

**بۆردیۆ:** بەڵێ، ئەم پێشانگایە بەراستی مۆدێلە. ئەم پێشانگایە ڕێک وەک فاکتێکی ڕاگەیاندنی، بەرنامەڕێژی بۆ کراوە.

**گراو: ئێوە بەردەوام «کایەی هونەری»تان وەک کایەک دەستنیشان کردووە کە دیسپلینەکانی کایەی ئابووری بە فەرمی ناژمێرێت. لەم بوارەدا بەندە لەگەڵ تۆ هاودەنگ نیم. گرنگترین شتێک کە لە کایەی هونەری دێتە بەر چاو کەڵەکردنی میکانیزمە ئابوورییەکانە تێیدا. بۆ نموونە خۆوەبەرهێنان فاکتێکی باوە لەم کایەیەدا، تاکەکان بە شێوەیەکی خۆویستانە بۆ ئایدیالگەرایی هونەری خۆیان وەبەرهێنان دەکەن. وێرای ئەوەش، کایەی هونەری، کایەیەکە ئەوەندە جێی بەرگری نییە، چونکە لەو کایەیەدا سندوقە خانەنشینییەکان و بیمەیەکی ئەوتۆ بوونیان نییە. پەیوەندییە ئاڵوگۆڕییەکانیش زۆر کۆنن و دواجار شایەنی پەیپێبردنن. بەرهەمهێنەرەکان زۆرجار مەسرەفکەریشن. بەم چەشنە ناتوانرێ بگوترێ کە کایەی هونەری «لە دەرەوەی کایەی هونەری کار دەکات».**

**بۆردیۆ:** ئەو شتەی کە بەڕێزتان دەیڵێن دژایەتی لەگەڵ گووتەکانی مندا نییە. لەو کتێبەی کە لەم دواییە نووسیومە پەیوەندیگەلێ لەو چەشنەی کە فلوبێر لە «پـەروەردەی عاتفی» وەسفی کردوون، شیمکردۆتەوە: پەیوەندیەکانی نێوان بەڕێز ئارنۆ کە بەچەشنێ لە چەشنەکان بەڕێوەبەری گەلەری ئەمرۆییە و ڕۆژنامەیەکی بچوک بە ناوی «هونەری پیشەسازی» هەیە، لەگەڵ هونەرمەندەکانی.

بـەڕێـز ئـارنـۆ (Arnaux) هـەڵگری دەستوپێوەندێکی بچووکە بە شێوەکارییەکانی خۆیشی یەکێک لەوانە بە ناوی پلرنە و فلوبێر دەرکەوتەگەلێ لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەم تاکانەمان پێ نیشان دەدات. ئەو دەڵێت کە ئارنۆ ئـەوانـی زۆر خـۆش ئـەوێ و ئەگەر ئەوانە بە شێوەیەکی نمونەیی وەبەربهێنێ بە هۆی عاشقبوونیانەوەیە. بە دیدی من هیچ شتێ بۆ ئەو پەیوەندییە دەسەڵاتداریانەی کە لە کایەی هونەری یان ئەدەبییدا بوونی هەیە، زیاتر لە پەیوەندیەکانی نێوان دوو ڕەگەز نییە: ئەو پەیوەندییەی کە بە گوێرەی دەسەڵاتی

رەمـزی شـێوەی گـرتـووە. لـێـرەدا پرسـەکە لەسەر جۆرێ وەبەرهێنانی توندی ئابووری نییە کە لـەسـەر سـوودوەرگـرتـن لـە هێزی فیزیکی جێگیر بێ، بەڵکو ئەو وەبەرهێنانەیە کە بەگوێرەی هاودەستی و عەشقی تاکی جێ وەربەرهێنان جێگیرە. یان بە گوێرەی ئەو شتەی کە بە ناوی وەبەرهێنەوە، شتی دیکە وەبەر بهێنێ: هونەر، کولتور یان هەر شتێکی تر. ئێمە لە هەمان کاتدا سەروکارمان لـەگـەڵ چـەشـنـێ هـەڵـگـەرانـەوەی جیهانی ئـابـووریـدا هـەیـە: تـاکـەکـان بـە شێوەیەکی میکانیکی ناکرێدرێن، بەڵکە بە مانای جادوویی ووشـەکـە، رام دەکرێن. بۆ ئـەوەی تێبگەین چۆن سیستەمێکی وەها کار دەکات پێویستە بزانین مرۆڤگەلێ بونیان هەیە کە هەڵگری لۆژیکی هەڵگەرانەوەیین و مرۆڤگەلێ هەموو ئامادەییەکیان تیایە بڵێن ئـامـادەن خۆیان بکەنە فیدای هونەر. ئێمەش ئەمە لە جیهانی ئـابـووری نابینین. لـەم جیهانەدا مرۆڤەکان بۆ کرێ کار دەکەن، هەڵبەتە لەم جیهانەشدا فۆرمگەلێ لە دژە ئەفسوونی بوونی هەیە.

**گراو: هەرچەند زیاد لە پێشووتر. کار لە دەرەوەی کایەی هونەریش بۆ کاری کولتوری دەگۆردرێت کە لە چوارچێوەیەوە تاکەکان مەیلی بەدەستهێنانی جۆرێ ناسنامە و لەززەتیان هەیە – کار پێویستە سەرەنجراکێش بێ. تارادەیەک هەمووان هاوشێوەی کرێکارانی کولتووری کار دەکەن.**

**بۆردیۆ:** بەڵێ، هەق بە ئێوەیە. ئەم مۆدێلە لە دۆخی گشتاندندایە.

**گراو: بەڵام چەند دەقیقە لەمەوپێش وا هاتە بەرچاوم کە ئێوە لەوەی کە جیهانی هونەری لە دۆخی بەبازرگانیبوونە، بەداخەوەن، لەوەی کە ئەم کایەیەش ناچار بە پەسەندکردنی چەشنێک واقیبینی ئابووری کراوە.**

**بۆردیۆ:** بەدیدی من هۆکارەکەشی ئەوەیە کە، ئەم کایەیە ئەو شوێنەیە کە دەگمەنترین دیاردەکان لە جیهانی مرۆیی تێیدا بەرهەم دەهێنرێن. ئازادی، شۆرشی بۆدلێر دژی ئەکادیمی، سەرپێچییە دوولایەنەکان–کارگەلێکی زۆر ئازایانە. تورەیی من لەمەدایە کە ئەمرۆ بەشداربوونی ئابووری لە کایەی هونەر، بە شێوەی هاوکاتیش دووچاری وابەستەییبوون و گوێرایەڵی جیهانی ئابووری بێ. گومان دەکەم ئەو شوێنەی کە ململانێ تێیدا شێوە بگرێت، پانتایی کۆمەڵناسی بێ،

هەر چەند لەوانەیە ئەوەش بە دیدی ئێوە سەیر دەربکەوێ. ئایدۆلۆژیاکان لەوانەیە بۆ بەردەوامی ژیان خۆیان دڕندە بن (هاوشێوەی بۆدلێر کە بە پرسگەلێکی سەرەکییەوە خەریک بوو) و ئەمەش لە کۆمەڵناسی خراوەتە ڕوو. هەڵبەتە چەشنە کۆمەڵناسییەکی بۆرۆکراسییانە بوونی هەیە بەو چەشنەی کە چەشنێ هونەری بۆرژوازیش بوونی هەیە، بەڵام کەسانێ کە بخوازن کاری خۆیان ئەنجام بدەن بە خێرایی تێدەگەن تاوەکو چ ڕاددەیەک ئەم شوێنکەوتنە لە کایەی ئابووری ناچاریان دەکات کە توانای گەیشتن بە راستییەکانی خۆیان لە دەست بدەن.

**گراو: پێشگرتن لە شوێنکەوتنی کایەیەک لە سەپاندنەکانی کایەیەکی تر، ئایا ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە ئێوە بە «سەربەخۆیی ڕێژەیی» کایەیەک ناودێری دەکەن؟**

**بۆردیۆ:** هەر کایەیەک، تەنانەت کامڵترین کایەکان، هاوشێوەی کایەی ماتماتیکی پەتی، هەڵگری سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمییە. مرۆڤەکانی نێو ئەم کایانە ئەو کارانەی کە دەیخوازن ئەنجامی دەدەن. ئەوان شوێنکەوتووی ئەو

کۆنترۆڵانەن کە پەیوەندی بە کۆنترۆڵە دەرەکییەکانەوە نییە، بەڵام ئەم سەربەخۆییە تەنانەت لە پەتی ترین بواردا بەردەوام بە رێژەیی دەمێنێتەوە و دەکەوێتە ژێر هەرەشەی سەپاندنە گەردوونییەکان یان سەپاندنەکانی بازارەوە. ئەم سەپاندنانە دەتوانن ناخی کایەک وێران بکەن و هیرارکیەکەی سەرو ژێر بکەن. هەموو رۆژێ مرۆڤناسەکان دەمرن (بەو چەشنەی کە لە سەدەی نۆزدە شێوەکارییان دەکرد) کە لە رێگەیەکی دەستنیشانکراوەوە دەرکراون، چونکە لە شوێنکەوتەی کۆنترۆڵەکان نین و ئەمەش ئەو شتە نییە کە ئەوەندەی پێمان نیشاندرابێت. و ئەمرۆش بە دیدی من، مرۆڤگەلێکی زۆر، گەنجان و ژنان کە لە شوێنگەلێکی دیکەوە دێن و ئەوان بە میتۆدگەلێکی شیاو لە رێگەی بێهیواکردنیانەوەلە نێو دەبردرێن.

**گراو: ئایا بۆ کەسانێک کە هوشیارانە خۆیان پەراوێز دەخەن، پەیوەندیی بە پێگەوە نییە لە کایەی کۆمەڵایەتی؟ مەبەستم کەسانێک هەن کە لە بنەرەتدا گەرەکیان نییە خۆیان بخەنە نێو دیسپلین و کێبرکێییەکانی بەرهەمهێنان و میکانیزمەکانی بە فەرمی ناسین؟**

**بۆردیۆ:** کۆمەڵناسان بەشێکی ئەم گروپە نیین. ئەمە واقیعەتێکە کە هاوشێوەی هونەرمەندان لە دەرەوە دەبن و پێویستە لە دەرەوە بمێننەوە. چونکە ئەگەر ئەوان خۆیان ناچار بە شوێنکەوتووی لە سەپاندنەکانی بازار بکەن ئەوا کام هێز ئامادەیە بڕە پارەیەک سەرف بکات کە راستیەک لەبارەی کرێکارەکانی ببیستێت؟ من توێژینەوەیەکم لەبارەی قەشەکان ئەنجام داوە، بەڵام ناتوانم وا وێنا بکەم کە قەشەکانی تریش ئەم کارەیان بە من سپاردووە. گرووپە زاڵ و دەستباڵاکان بە هیچ شێوەیەک مەیلی زانینی هەقیقەتیان نییە. بەم چەشنە ئێمە پێویستمان بە ئازادی هەیە کە بە دەوڵەتەوە گرێدراوە و بەم راستییەی کە ئەوە دەوڵەتە ماف بە کۆمەڵناسان دەدات. لەمەڕ ئێمە ئەم ئازادییە بۆ ئەوە بەکار دەهێنین کە تێبگەین پەیوەندییەکانی نێوان بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی دەسەڵات کامانەن. بەم هۆیەیە کە ئێمە زۆر ترسناکین.

**گراو: بەڵام ئێوە بۆ نموونە بەم کارەش هەڵساون کە نیشانی بدەیت بە هەمان ئەو شێوەیەی کە سروشتی دێنە بەرچاو، وا نین، و لێرەوەیە ئێوە خزمەت بە چەشنێ**

**سەرمایەدار دەکەن کە پێویستی بە رووبەرووبونەوەیەک لە بکەرانی خۆهزرین بوونی هەیە بۆ ئەوەی خۆیان بەرامبەر بەم بابەتە ئاگادار بن.**

**بۆردیۆ:** ئەمە مەسەلەکەیە. بە دیدی من هەر چەشنە بیرکردنەوەیەکی رەخنەیی دووچاری ئەم مەترسییە دەبێتەوە کە خراپ سوودی لێوەرگیرێت. کەم تا زۆر کتێبی «جیاکاری» (Distinction) لە قوتابخانەکانی بازار پەیداکردنیشدا دەخوێنن.

**گراو: مەبەستی من لێرەدا ئەوە نەبوو کە بە گووتاری «هەموو شتەکان بەیەکەوە پەیوەستن» بگەین، بەڵکو مەبەستم زێتر ئەمە بوو کە بپرسم توانای سوودوەرگرتنێکی وەها لە تێزەکانی ئێوە دەتوانێ چ مانایەکی لە بەرهەمهێنانی زانستیتاندا هەبێت.**

**بۆردیۆ:** ئێوە لێرەدا بە یەکێ لەو پرسیانە دەگەیت کە بە زۆرترین رادە منی تورەکردووە و بەردەوام دژایەتی دەکەم. بۆ نموونە ئەزموونێ بە مێشکمدا هات کە هەم زانستییە و هەم سیاسی. سەرقاڵی کارێکم کە تێیدا سوودم لە میتۆدی چاوپێکەوتنگەلێکی زۆر دورودرێژ و تێروتەسەل وەرگرتوە، تا راددەیەک بە سوودوەرگرتن لە چاوپێکەوتنە دەروونشیکاریەکان، هەڵبەتە ئەو

چاوپێکەوتنانەی کە بە فۆرمگەلێکی روونکەرەوەی دیکە شی دەکرێنەوە، و من لە خۆمم پرسی ئایا ئەم میتۆدە دەتوانێ رێگەم پێبدا کە لە بەرامبەر ئەو ململانێیەی بەردەوام لەگەڵی رووبەرووم، بەرگری بکەم. دەتوانرێ ئەم ململانێیە لەم رەخنەیە کورت بکرێتەوە: ئەو کارانەی تۆ دەیکەی، زۆر باشن بەڵام تەنها کەسە زیرەکەکان دەتوانن سوودی لێ وەربگرن. زۆر باشە.

ئێمە تاوەکو ئێستا بەشێ لەم چاوپێکەوتنانەمان بڵاوکردۆتەوە. ئەو شیکردنەوە کۆمەڵناسییانەی کە لەسەریان ئەنجامم داوە زۆر ئەبستراکن و پێویستیان بە سوودوەرگرتن لە گروپێ لە چەمکەکان هەیە، بەڵام ئەم چاوپێکەوتنانە ئێمە بە شێوەی چیرۆکێک، وەک گروپێ لە رۆمانە کورتەکان خستومانەتەڕوو. ئەوە خەڵکن کە ژیانیان پێناسە دەکەن. و هەڵبەتە ئەم چیرۆکە هەموو کەسێ دەتوانێ بیخوێنێتەوە، هەموو کەسێ کە خۆی بە شێوەی دەرگیر بیانبینێ. ئەمەش زۆر باش کار دەکات. خوێنەر تاراددەیەک بێ دەنگ و رەنگ، ئامرازگەلی کۆمەڵناسی رابکێشێ و خۆی پەی بە بابەتەکە ببات.

**گراو: ئەمە من دەخاتە یادی هانس هاکەوە (Hans Haacke). ئەویش لە کۆمەڵناسییەوە ئامرازەکانی تێگەیشتنی وەردەگرت و لە گەلەرییەکان سوودی لێیان وەردەگرت، ئەو گوێدێرانی هونەری لەگەڵ ئەو پرسانە رووبەروو دەکردەوە کە بە هەڵوێستی ئەو لە زەمینەی کۆمەڵایەتی پێکەوە پەیوەست دەبن.**

**بۆردیۆ:** هانس هاکە ئەو کەسەیە کە من زۆر شت لێیەوە فێر بووم، یان باشترە بڵێم: من زۆر شت هاوشانی ئەو فێربووم. ئەو سەرنجی منی بۆ شتگەلێ راکێشا کە هەڵبەتە بەرامبەریان هەستیار بووم، بەڵام ئەم هەستیاریە شێوەیەکی ئاڵۆزی هەبوو و جورئەتم نەدەکرد ووشەکانم لەو بوارەدا بخەمە ڕوو. بۆ نموونە ئەم بیرەم هەبوو کە کایەی هونەری لە پێشتر زیاتر سەربەخۆتر دەبێت، و ئەو دەیگووت: بەڵام ئاگادار بە کە ئێمە ئەمانەوێ لە چنگی «چاکەکاران»ی دابنێین...

هانس هاکە ئەو مرۆڤەیە کە تێروانینێکی زۆر روونی بۆ شتەکان هەیە. لەو گفتوگۆیەی کە پێکەوە هەمان بوو[5] من بەوم گووت کە رۆشنبیران لەوەی کە ستراتیژگەلێکی رەمزی بە دەستبهێنن بێتوانان. «هاکە»م لێرەدا

وەک راوێژکاری هونەری بەکاردەهێنا تاوەکو هەڵوێستگیریگەلێکی جیاوازمان بۆ نموونە لەبارەی ئەوەی لە ئەڵمانیای رۆژهەلات دەگوزەرێ، بۆ بنوسێ. لە باتی دەرخستنی تیۆرگەلێکی ئەبستراکت، پێویستە لە خۆمان بپرسین کە دەتوانرێ چ شتێ بگووترێ کە هاوشێوەی بیرمەندانە، رەخنەگرانە و رەمزیبوون، کارا بێ. شتگەلێکی ئاوا ناتوانرێ لە سەرەتادا بینا بکرێ و رۆشنبیران لەم بوارەدا زۆر بێ توانان. ئێمە لە هەمان باردا هونەرمەندێکی زۆرمان نییە کە هەموویان هەم ژیانێکی فیکری بەهێز و سادەییانە و رەخنەگرانەیان هەبێ و هەم ئامرازگەلێکی دەربڕین بە دەسەڵاتێکی رەمزی هەبێت. بە دیدی من هاکە کەسێکە پێویستە ئەو بە نوێنەری چەشنێ پێشەنگ بزانرێ لەوەی ژیانی رۆشنبیرێک بێ. مەسەلەی من ئەوەیە کە گەرەکەمە خۆم لە زەمینەیەکی زانستی بە نۆرمگەلێگی زانستی بپارێزم. ئەگەر لەمە زیاتر برۆم، ئەوا بە نازانستیبوون تاوانبار دەکرێم – تەنانەت هەنوکەش کارەکانی من هۆکاری

ژاوە ژاوە، و یەکێ لەو توانایيانەی کە بۆ لە نێوبردنی کارەکانی من بوونی هەیە ئەوەیە کە بڵێین ئەم کارانە نازانستییە. بەم چەشنە من ناچارم شوێنکەوتەی یاسای زانستی بم و لە هەمان کاتدا هێزێ لە چەشنێکی هونەرییەوە بە دەست بهێنم.

**گراو: ئەگەر کاری ئامادەسازی ئەزموونی ئێوە (چاوپێکەوتنەکان، پرسیارنامەکان) لەگەڵ کاری رەخنەگرێکی هونەری بەراورد بکەین، ئەو کات دەبینین کە کارێکی وەها هاوشێوە دەبێت بە کارێکی پێویست، بەتایبەت بۆ وەسفکردنی هونەری بە شێوەیەکی رەخنەگرانە. وێرای ئەوەش، ئێوە بە چەمکی «کایەی هونەری» خۆتان بە شێوەیەکی روون لە چەمکی «پێشزەمینە» کە لە مێژووی هونەر و رەخنەی هونەردا باوە و ئەوەش بۆ نموونە لە کارەکانی ولفگانگ کمپ (**Wolfgang Kemp**) یان ب. ج. کلارک (**T.J. Clark**) دەیبینین، دوور دەکەویتەوە.**

**بۆردیۆ:** ئەم خاڵە روونکردنەوەیەکی تێروتەسەل دەخوازێ. دوو چەمک هەن کە وا دێتە بەرچاو لە چەمکەکەی منەوە زۆر نزیک بن. یەکەمیان «جیهانی هونەر» (Art world) و دووەمیان «پێشزەمینە» (Contexte)،

بەڵام لە هەر دوو بواردا ئێمە سەروكارمان لەگەڵ چەمكگەلێكی بەهێز و ناهەماهەنگدا هەیە كە دەتوانن ئەم پێگەیە وەسف بكەن كە هونەرمەندانیش لە جیهانی كۆمەڵایەتی بە هەموو دامەزراوەكانیەوە تیایە دەژێن. «ئارسەر دانتۆ» (Arthur Danto) من كۆپی ئەو دەقەی تێیاندا ئەم بوارە بە تێروتەسەلی خستومەتە بەر رەخنەوە دەنێرم) هەموو شتێ لە چەمكی «جیهانی هونەر» دادەنێت: هونەرمەندان، بازرگان، گوێدێران، گالەری، مۆزەخانەكان، مامۆستا. هەڵبەتە ئەمە لەوەی كە بڵێم هونەر بەرهەمی كاری هونەرمەندانە، باشترە. بەڵام خراپتریش هەیە، چونكە ئەم فاكتەش پەراوێز دەكات كە بەرواڵەت ئەو تاكانەن كە ( هەر یەک بە شێوەیەكی جودا) سەروكاریان لەگەڵ هونەردا هەیە. لە كاتێكدا كە ئێمە رووبەرووی كایەیەک دەبینەوە، لەگەڵ ئەو فەزایەی كە تێیدا پەیوەندییگەلێكی ئۆبجەكتیف بوونی هەیە، پەیوەندیگەلێ بەهەمان بەهێزی پەیوەندییە ئابوورییەكان. ت.ج. كلارک، درندانەیە من كاری ئەو لەبارەی مانێم (mannet) بینیوە

و ئەم کارەش پەستم دەکات. هەر چەند ئاوا کاریٚ شێوە و باڵایەکی بەهێزی کارەگەلی کۆمەڵناسییان هەیە، بەڵام لەراستیدا شتێکی جگە لە بەستنی پەیوەندی دوو گەوهەر نییە: لە لایەک هونەرمەندان و لە لایەکی تر جیهانی کۆمەڵایەتی.

ئەوەی ئەم تاکانە لە شیکردنەوەی خۆیاندا کەمیان هەیە، هزری فەزایەکە کە من پێی دەڵێم کایە «Filed» و تێیدا ئێمە سەروکارمان لەگەڵ پەیوەندییەکانی دەسەڵات، لەگەڵستراکتۆرە نادیارەکان، لەگەڵ فەرمانڕەوا و بەرفەرمان و لەگەڵ مۆنۆپۆلەکاندا هەیە – ئەو شوێنانەی کە سەرمایەی رەمزی تیا کەڵەکە دەبێت. بڵاوکەرەوەیەک یان بەرێوەبەرێکی گەلەری وێرای هەموو شتەکانی تر، سەرمایەدارێکی تایبەتە. و لەسەر بەرگی گەتەلۆگێک یان کتێبێک وەک ژمارە بانکیەک کار دەکات. ئەگەر من داهێنانێکم بۆ کۆمپیوتەرێک کردبیٚ، پێویستم بە بانکە کە سەرمایەگوزارییەکانم لە رووی ماددیەوە دابین بکات و پێویستە من ئەم بانکە رازی بکەم کە ئەو کارانەی هەمە

بە شێوەیەکی هۆشمەندانە ئەنجامی ئەدەم، کە بەراستی شتێکی تازەم دۆزیوەتەوە. ئەمەش لە پەیوەست بە گەنجێکی تازە نووسەر بە دیداری بەرێوەبەرێکی بڵاوکەرەوە دەڕوات، بەهەمان شێوە راستە. و بەرێوەبەر بە گوێرەی چ شتێ دەخوازێ داوەری بکات؟ ئەو بە گوێرەی کەسایەتی خۆی ئەم کارە دەکات. ئەگەر بڕوا بەم کەسە بکەیت ئەوا ئەو دەیەوێ سەرمایەگوزاری بکات. ئەو هاوشانی نووسەر ناونیشانێ هەڵئەبژێرێ، ئەو پارە نادات، بەڵکە ئەو سەرمایەیەکی کولتوری گەورە بە نووسەر دەدات، و ئەو کەسەی کە تا دوێنێ بوونی نەبووە، بوونی دەبێت. پاشان نۆبەتی رەخنەگران دەگات کە دەبینن کتێبێ لە بڵاوکراوەی سورکامیڤ (Suhrkampf) (بڵاوکراوەیەکی زۆر ناسراو و موعتەبەری ئەڵمانیا) بڵاو بۆتەوە و لەم مەسەلەیە ئەنجامگیرگەلێ دەکەن. کوڕی ئانسڵد (Unseld) کتێبێکی لەبارەی کافکا و بڵاوکراوەکانی نووسیوە. کتێبێکی زۆر جوانە. وادێتە بەرچاو، بۆ نووسەر دەزگای چاپەکە، خودی خوایە.

**گراو: وەک خاوەن گەلەری بۆ هونەرمەند.**

**بۆردیۆ:** ڕێک خودی خوایە. ئێمە لە نەبووندا هەین، بەڕێز کافکا بەتەواوی نەناسراوە! کەسێ ئەو بۆ جیهان بوون دەهێنێ، کەسێ کە هەڵگری دەسەڵاتێکی یەزدانییە. لە کاتێکدا کە دەتوانێ ئەو بۆ دۆزەخ بنێرێ و بڵێ کە ڕۆمانەکەی هیچ سەرکەوتوو نەبووە یان هیوای پێ بدات و بڵێ بەڵام بە هەر ڕێزێکیش دووبارە کارەکەی چاپ دەکات.

**گراو: هەڵبەتە پێویستە پەی بەوە ببردرێ کە ئەم مەسەلانە هیچ پەیوەندیەکی بەوەوە نییە کە پێی دەوترێت «چۆنایەتی».**

**بۆردیۆ:** لێرەدا ئێمە سەروکارمان لەگەڵ ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و نەستییەکانەوە هەیە. بڵاوکەرەوەیەکی بەتەمەن شتگەلێ بڵاودەکاتەوە کە سی ساڵ پێشتر بڵاوی دەکردەوە و نووسەرانی لاو کە لە بنەڕەتدا نایەتە بەرچاوی، لە نێو دەبات. نووسەرانی کۆن نووسەر تازەکارەکان لە نێو دەبەن و پارێزگاری لەو نووسەرانە دەکەن کە لەگەڵیاندا هاودەنگیان هەبێ و بۆ ئەم کارە پێشەکی بۆ کتێبەکانیان دەنوسن – ئەم پێشەکیانە چەشنێ

گواستنەوەی سەرمایەی رەمزین. هەموو ئەمانە زۆر لە کاری بانکەکان دەچێت: پەیوەندیەکانی سوودوەرگرتن، پەیوەندییەکانی دەسـەڵات و پەیوەندییەکانی خاوەنداریێتی، بەو چەشنەی کە ئێوەش دەیڵێن، زۆریش توندوتیژئامێزن، چونکە سەروکارمان لەگەڵ توندوتیژیەکی رەمزیدا هەیە.

**گراو: بە وشەگەلێکی دلێرانە و ماتریالیستیانەی وەها، هەندێ کات مرۆڤ فەرامۆش دەکات لە خۆی بپرسێت ئایا بەراستی دەتوانرێ بەرهەمهێنانی هونەری بۆ ململانێگەلی نووسەرانی ناو کایەیەک کورت بکرێتەوە.**

**بۆردیۆ:** ململانێ نەک تەنها لەنێو نووسەران، بەڵکو لەنێوان بڵاوکراوەکان و رەخنەگرانیش بوونی هەیە ئەوانیش بەشێکن لەم کایەیە. ململانێیەکی ئاوا لە تەواوی کایەکان لە ئارادایە، بەڵام پرسێکی زۆر ئاڵۆز و زۆرجار پەی پێ نەبردراوە، چونکە بـەردەوام دوو ئاست تیایاندا بوونی هەیە. من لە دوایـن کتێبم بە تایبەت جەختم لەسەر ئەم پرسە کردۆتەوە، چونکە هەمیشە بۆ دەرککردنی رووبـەرووی گرفت بوومەتەوە. ئێمە لە لایەک سەروکارمان لەگەڵ فەزای واقیعی مرۆڤەکاندا

هەیە کە تێیدا هەر یەک لەو هەڵوێستە تایبەتەی بەرامبەر بە ئەوانی تر دادەنرێن (بۆردیۆ بە دەستی بازنەیەک دەکێشێ و چەند خاڵێ) و لەگەڵ یەکتر ململانێ دەکەن و پاشان ئەوەی من ناوم لێناوە فەزا (بۆردیۆ بازنەیەکی دیکەش دەکێشێ). ئەوەی لە ساتەوەختێکی تایبەت مومکینە، ئەنجامدراوە یان ئەدرێت، چەشنێ خەیاڵ کە بە شێوەی کۆمەڵایەتی شێوەی گرتووە. بەم چەشنەیە کە دەگووترێت ئەمڕۆ ئیدی نابێت ڕۆمانگەلێکی وەک ڕۆمانەکانی باڵزاک بنوسێ یان ئەوەی کە شتێ لە سەردەمی دوشان (Duchamp) بە دواوە بە کۆتایی گەیشتووە. بۆ ئەوەی کە تاکەکان بتوانن لەگەڵ ئەوانی تر بدوێن و لەگەڵی ململانێ بکەن پێویستە سەرپەرشتیاری زمانی هونەری خۆیان هەبێ. ئەگەر ئێوە لە پەراوێزی کایەیەک دابنرێن ئەو کات چارەنووسی شێوەکارێکی وەک «ڕۆسو»تان (Rousseau) بەسەرتان دێت، «هونەرمەند-شت» بەو دەستەواژەیەی کە من بەکارمهێناوە: ئەو هونەرمەندانەی کە بە شێوەیەکی ئۆبجەکتیف هونەرمەندن، بەڵام بە شێوەی سەبجەکتیف هونەرمەند نین. ئەو

هونەرمەندانەی کە لە بۆتەی هونەرمەندان ، گۆردراون، بەڵام نازانن چ کاریگکیان هەیە بیکەن. هونەرمەندێکی هاوچەرخ پێویستە هونەرمەندی پۆست کۆنسێپتواڵی (post-conceptuel) بێ. واتە هەر چەند ئەوەی کە بە شێوەی نیۆ واقیعگەرایانە شێوەکاری بکات پێویستە بزانێ بۆچی ئاوا دەکات.

**گراو: هونەرمەند پێویستە مێژووی هونەر بناسێت، دەرکەوتە جیاوازەکانی و داوەرییە هەمە چەشنە بەهاییەکان و لە کاری خۆیدا بانگەشە شیاو و نەشیاوە هونەرییەکان بەزاتی کرد بێت.**

**بۆردیۆ:** ئەو هونەرمەندەی داهێنەر بێ بۆشاییەک دەبینێ، بەڵام ئەمە تەنها هۆ نییە کە ئەو بە کارێکی وەها هەڵبستێ، چونکە لەم شێوەیەدا تەنها دەبێتە هونەرمەندێکی سەگ سیفەت (cynique). ئەو هونەرمەندەی کە باوەڕی هەبێت، بەم هۆیە کارێ ئەنجام ئەدات کە دڵەراوکێیشی هەیە. بۆ ئەوەی کە ئەیەوێ ئەو کارە ئەنجام بدات و بەم کارە پێویستە بە چەشنێ ئەنجام بدرێت کە ئەو وا هەست بکات دەستی بە ئارەزووەکەی گەیشتووە.

**گراو: ئەمە منی هێنایە بیری ئەو چەمکەی ئێوە «هەستی گەمەکردن» (feel for the game)، من وا هەست دەکەم ئەم چەمکە لەوانەیە بەم مانایە بێ کە بتوانرێ چەمکی داهێنانی هونەری لە گۆشەیەکی شاراوەوە بکرێتە نێو کارەکەوە. لەوانەیە کەسێ کە ئەمرۆ «هەستی گەمەکردن»ی هەیە کەسێ بێ کە پێشووتر پێی دەوترێت داهێنانی هونەری، بەڵام ئەوەی تووشی سەرسورمانم دەکات، ئارەزووی ئێوەیە بۆ ئەو کەسانەی کە ئەم هەستەیان هەیە. ئێوە پەیوەندیەکی زۆرتان بە گەمەکەرێکی باشەوە هەیە کە بتوانێ تێکەڵەیەکی گونجاو لەگوێرایەڵی و ئازادی لە ساتەوەختێکی داواکراو بەدەست هێنابێ، بەڵام ئەو هەلومەرجەی کە لە کەسێ گەمەکەرێکی باش دروست دەکات چییە و چ کەسێ بڕیار دەدات کە ئەو گەمەکەرێکی باش بووە؟**

**بۆردیۆ:** بەڵێ، ئەمە پرسیێکی گرنگە. باشە پێویستە بگوترێ «هەستی گەمەکردن» شتێکی ئاڵۆزە. هەندێ لە تاکەکان ئەم شارەزاییەیان بە شێوەی سەگ سیفەت هەیە و بە شێوەیەکی نیوە ئاگایانە بە باشی سوودی لێ وەردەگرن. بە دیدی من، جیهانە هونەری و زانستییەکان، کۆمەڵەیەکی زۆر ئاڵۆزن کە لە ناوەوەیان تاکەکان تارادەیەک بێ ئەوەی کە ژمێریارێ لە

کار دابێ ئەوەی راست و پێویستیە بە ئەنجام دەگەیەنن. پێویستە بگوترێ ئەنجامدانی ئەم کارە تارادەیەک مەرجێکە بۆ سەرکەوتن. بەهاگەلێکی وەک جددیبوون و رەسەنایەتی بوونی هەیە کە بـەردەوام لە لایەن ئەفرێنەرانەوە جەختی لەسەر دەکرێتەوە...

**گراو: بە پێچەوانەوە، لانیکەم لە سەردەمی وارهۆڵەوە** (Warhol) **یان هەروەها لە لای کۆنز** (Koons) **ئەوە بەهاگەلی دروستکراو و نارەسانەیاتیبوون کە کاریگەرییان هەیە...**

**بۆردیۆ:** راستە -ئەم بەهایانە وەک شێوەیەکی بەتاڵ لە داهێنان کاریگەرییان دەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەم توانایەش هەیە کە لە خزمەتی رەسانەیەتیەکی گەورەتردا بێت. بەم چەشنە ئەم بیرە دێتە کایەوە کە رەسانەیەتی فاکتێکی سادەڕوانانەیە و بانگەشە دەکرێت کە رەسەنایەتیەک بوونی هەیە کە هەمدیس راستەقینەترە و دەتوانێ ئەفسانەی رەسەنایەتی لە نێو بەرێت، و ئەمەش ئەو گلۆڵەیە کە ناتوانرێ لێی بەدەر بکرێ. لە کاتێکدا کە بە دیدی من پێویستە لەم گەمەیە بخرێتە دەرەوە و بگوترێ کە

مۆزەخانەکان شتێکی جگە لە بینایەک نین، بەڵام نازانین کە هونەرمەندان تەنانەت خۆشیان لە ناوەندێکی باڵا دادەنێن و وەک کارێکی هونەری خستویانەتە ڕوو. هەر چەند بیریش بکاتەوە ئەنجام دراوە. ئەمە راستە کە تاکەکان لەو بڕوایەدان و ئەم بڕوایەش خۆی مەرجێکە بۆ بەژداریکردن و پەیوەستبوون بە گەمەکەوە. من دووبارە ناواخنی دەقێکم لە مالارمیەوە (Mallarmé) وەرگرتووە و لەم ڕووەوە زۆر خۆشحاڵم. لەم دەقەدا ئەو دەڵێت کە پێویستە پێشگیری لە دابرانی بێ بەزەییانەی خەیاڵ بکردرێ (کە ماناکەی ئەمەیە پێویستە دوورە پەرێزی لە دابرانی خودیی بکردرێ) ئەوە بۆ خۆی خەیاڵکردنەوەیەکە. هیچ کەسێ بۆی نییە گەمەکە پێکەوە بکات چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی لەززەتەکەی لە نێو بچێت و ئەو لەم بارەیەوە دەڵێت (شتێ کە منیش هەوڵم بۆ داوە لە کتێبەکەم نیشانی بدەم) کە لێرەدا سەروکارمان بە گەمەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە. من لەبەر ئەوەی ئەو دەقەم وەرگرتووە زۆر خۆشحاڵم. وەک ئەمەیە کە لە لای هایدیگەر، دەقێ بهێنم کە بڵێت ئەوە جیهانی کۆمەڵایەتییە کە هوشیاری روون دەکاتەوە.

**گراو: سلاڤۆی ژیژک (Slavoj Zizek) دەڵێت ئەوە سەگ سیفەتەکانن کە باشتر لە هەمووان ئەرکیان هەیە و من خۆمیش لە کۆڵن بینیومە کە لەنێو گروپەکانی هونەرمەندان ململانێگەلێ بوونی هەیە تارادەیەک هەموو ساڵێ دووبارە شێوە دەگرنەوە، هەر چەند بەشداریکەران لەم ململانێیاندا خۆیان دانی پیا ئەنێن کە ئەوان تەنها بە دووبارەکردنەوەی ئەو گۆشەبەندیانەوە خەریکن کە لە نێوان گۆشەی جوانیناسانە و گۆشەی کۆمەڵایەتی-رەخنەگرانە بوونی هەبووە. هەمووان دەزانن کە ئەم ململانێیانە کورتکردنەوەگەران، بەڵام گەمەکە بەم چەشنە درێژەی دەبێت. من پێموایە تەنانەت شیاوترین شیکردنەوە لەم گەمەیە بە هۆی گەمەکەرانەوەش ناتوانێ خەسڵەتەکەی بگۆڕێت.**

**بۆردیۆ:** هەقی ئێوەیە و بەم چەشنەیە کە چەمکی کایە ڕووندەبێتەوە. پرسەکە ئەمەیە کە ئێمە سەروکارمان لەگەڵ تاکەکاندا نییە، بەڵکو هێزگەلێ لە ئارادان کە لەوان گەورەترن و دەمانکەنە دیلی خۆمان. ئەو هێزانەی لە ناخی واقیعەتدا بوونیان هەیە: گەلەرییەکانی کۆڵن کە مێشکی مرۆڤەکانیان زاتی کردووە. چەمکی «کایە» بەرامبەر بە چەمکی «ژینگە» ڕوونترە، چونکە ئەم بیرەش دەگرێتەوە کە چەشنێ دەزگای دۆزەخی بوونی هەیە. وێرای

ئەوەی کە کەسێ دێتە نێو ئەم گەمەیە وەک لە تراژیدیایەک. ناچارە گوێرایەڵی لە ڕێساکەی بکات، و ئەگەر گەمەکەرێ بخوازێ لە ژێر باری ئەم ڕێسایانە خاڵی بکاتەوە، دەخرێتە لاوە. خودی منیش، زۆرجار بێ ئەوەی بمەوێ زۆر وەسواسم، بە زەحمەت دەتوانم ئاگاداری ئەو گەمەیەی کە دەرگیری بووم، بم. با گریمانە بکەین کە ئێوە ئەتانەوێ لەبارەی پێگەکەم لە کۆمەڵناسی فەرەنسی وتووێژم لەگەڵدا بکەیت. ئەم پرسە یەکسەر ئازارم دەدا، و یەکسەر دەڵێم ئێوە پێتانوانییە کە من بەراستی بەم چەشنە بیر دەکەمەوە. کە من ئەمەوێ درێژە بە ستراتیژێ بدەمن کە من سوود لە کۆمەڵناسی وەردەگرم تاوەکو گەمەکەم بشارمەوە، ناخوازم دەستم بەرز بکەمەوە تاوەکو نیگەرانیەکانمان لە کایەکە بە دەر بکەم.

**گراو: لە بارەی تیۆری سیستەمی نیکۆلاس لۆمان (Niklas Lumann) چ ڕاوبۆچوونێکتان هەیە؟**

**بۆردیۆ:** لە کتێبی «وەڵامەکان» ڕایەکەم خستۆتە ڕوو. هەروەها لە کۆنفرانسێ هەر دوو چەمکی سیستەم و کایەم تێیدا بەراورد

کردووە. بە دیدی من لێکچوونگەلێ لە نێوان ئەم دوو چەمکە بوونی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەمانە تیۆرگەلێکی تەواو پێکدژن. خەیاڵی لۆمان ئایدیاڵگەرا و هێگڵییە. ئەو پێیوایە کە سیستەم لە هەماهەنگی لەگەڵ لۆژیک گەشە بە خۆی دەدات، بێ ئەوەی ئەکتەران، بێ ئاڵۆزی، بێ پەیوەندییەکانی دەسەڵات و بێ ململانێ. هەڵبەتە پێویستە بە تێروتەسەلییەکی زێتر روون بکرێتەوە، بەڵام بە هەر حاڵ بە دیدی من ئەم سیستەمە ترسناکە، چونکە خۆی بە هەڵگری ڕواڵەتی لە هەقیقەت دەردەخات.

**گراو: پەیوەندیتان بە دەروونشیکاری چۆنە؟ لە کتێبەکانتان، ووشەی دەروونشیکاری کاریگەری خۆی بەسەرتانەوە بەجێهێشتووە، بەڵام وا دێتە بەرچاو کە ئێوە لە بارەی بایەخی «لایەنی سێکسی» وەک بنەچەیەکی روونکەرەوەی گەردوونی بە گومانیت. ئایا دەتوانرێ چەمکی هابیتۆس لەگەڵ چەمکی نەزمی رەمزی بەراورد بکردرێ؟**

**بۆردیۆ:** من تا ئێستا بیرم لە گاتیگۆریەکی وا نەکردۆتەوە. ئێوە زۆر بەباشی هەڵوێستی منتان کورتکردەوە. من زۆر بە دەروونشیکارییەوە پەیوەستم، بەڵام گومانگەلێکی زۆریشم

لەبارەیەوە هەیە، ئەو شتەی کە پێویستە لە ڕێگەی کاریگەرییەکانی کایەوە ڕوون بکرێتەوە. لە فەرەنسا ئێمە قۆناغێکمان هەیە کە هەمووان بە شێوەیەکی وەسواس ئامێز لە بارەی «ئارەزوو»ەوە دەدوێن. من تا رادەیەک بەرپەرچی ئەم رەوتەم داوەتەوە، چونکە رۆشنبیران زۆرجار تورەم دەکەن. وێرای ئەوەش، ئەو توێژینەوەیەی کە کەمێ لەمەوپێش ئاماژەم پێکرد، هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی پرسێک بە شێوەیەکی قوڵ لە ماوەی بەسەرهاتە تاکەکەسییەکانی پەیوەندییە خێزانییەکان تاوەکو لێرەوە بەو بونیادانەی کە هابیتۆس دروستیان دەکەن، بگەین. با نمونەیەکتان بۆ بهێنمەوە. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا وتووێژگەلێکم ئەنجام داوە، لە کۆی دە بوار لە نۆ بواردا، ئەو کلیلەی کە تاکەکان ئەزموونی دەکەن لە پەیوەندیان بە دایک یان باوکیان شاردراوەتەوە. لێبگەرێ با نمونەیەکی دیکەشتان بۆ بهێنمەوە کە کەمێ سەرسورهێنەرە، بەڵام زۆر روون و بەرچاوە. کوڕی کرێکارێک کە ئەندامی سەندیکایە و پێویستە بچێتە قوتابخانەیەکی

بچوکی شارەکە، بە هۆی باوکی و بە چەشنێ لە بەرپەرچدانەوەیەکی شۆرشگێری، لە خوێندنگایەکی سەنتەری شار ناوی نووسیبوو. ئەو لێرەوە رووبەرووی ژینگەیەکی بۆرژوازی دەبێتەوە و ئاستە وانەییەکەی دەروخێ. خێزانی ئەم کوڕە، ئەم بابەتە بە چەشنێ شکست دادەنێن و هەموو هیوا و ویستەکان لە دەست دەدەن، و کوڕەکە لە تەواوی تەمەنی ئەم روداوە وەک شۆکێکی روحی بنەرەتی هەست پێ دەکات و کاریگەرە پێی. و ئەمەش مۆدێلێکی گشتی: دایک و باوک رێگەگەلێ کە خۆیان لێی سەرکەوتوو نەبوون، بۆ منداڵەکانیان نەخشەی بۆ دەکێشن و منداڵان دەبنە میراتی خوار شکست و ویستە بەدینەهاتووەکانی دایک و باوکیان.

**گراو: ئایا تاک دەتوانێت واز لە هابیتۆسی خۆی بهێنێت یان دەتوانێت پەرەیپێبدات؟ وا دێتە بەرچاو کە بەدید ئێوە، ئەو کەسانەی کە لە هابیتۆسی خۆیان زیاتر دەڕۆن، گیرۆدە دەبن، بۆ نموونە کەسانێ کە بە شتگەلێکی «هەمووەکی»یەوە پەیوەستن. بەتایبەت کاتێ کە سەروکارمان لەگەڵ خێزانێ لەئاستی باڵادا هەبێ. تاکەکان تا رادەیەک زیندانی هابیتۆسی خۆیانن؟ ئایا هیچ کەسێ ناتوانێ سپیپێست،**

**نێر، هۆمۆسێکسواڵ، و ئەندامی چینی ناوەڕاست بێ و وێرای هەموو ئەمانەش حەزی لە مۆسیقای راپ بێت؟ ئایا هیچ کەس ناتوانێ بەچەشنێ پەیوەستی کولتوری هەبێت کە لەگەڵ پێگە کۆمەڵایەتییەکەی هاوشان نەبێ، بەڵام لە هەمان کاتدا نەتوانرێ ئەو بە چەشنی بێگانەگەرایی مۆدپەرستانە تاوانبار نەکردرێ؟**

**بـۆردیـۆ:** ئـەمـە بـۆ خـۆی پرسـێـکی زۆر گـەورەیـە. یەکەمین بـیـرکـردنـەوەی مـن لـەم بوارەدا کە پایەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە ئەوەیە کە بە گوماناوی هەڵیبسەنگێنین. عادەتەن ئەوانە مرۆڤگەلێکن کە زیاتر دڵەراوکێی خۆیان هەیە، بۆنموونە سوود لە مۆسیقای راپ وەردەگرن کە هەندێ ژمێرکاری لە نێو کایەی خۆیان ئەنجام ئـەدرێـن، بـۆ نموونە شۆستەر مان Shustermann کە خۆی بە فەیلەسوفێکی رادیکاڵ دەناسێنێ. ئەمە کارێکی زۆر روون و بەرچاوە کە بۆ نموونە لە کۆنفرانسێکی نیلسۆن گـۆدمـەن elson Goodman، کاستێتێکی مۆسیقای راپ پـەخـش بـکـەیـتـەوە. ئـەمـە بۆ هونەرمەندان بەچەشنێ کاری سـەرەنجراکێش دێـتـە هـەژمـاردن، بـەڵام مـن بـەرامـبـەر بـەم چەشنانە کارانە بە چاوێکی گومانابییەوە لێی

دەڕوانم، واتە پێموایە کە لێرەدا سەروکارمان لەگەڵ چەشنێ «رادیکالیزمی جوانکۆڵە»دا هەیە کە زۆر ترسناکە، لەبەرئەوەی دەست بە پێکهاتنی هیچ شتێ ناکات. ئەمە بۆخۆی چەشنێکە لە شۆرشگێری زمانەوانیی. بەم چەشنە لەمەر کەسانێ دەبێ بگوترێت کە زمانی گیتۆکان، بۆنموونە زمانی سپیپۆستانی دانیشووی ئەوێ، بە شتێکی زۆر جوان دەزانن، بەڵام مەسەلەکە ئەمەیە کەسێ بە زمانێکی وەها ناتوانێ لە زانکۆی هارڤارد بخوێنێ. لە بەرامبەر دۆخێکی وەها لە نارێکی، زۆرجار ئەوەی لە بیر دەچێتەوە کە زمانێکی وەها لە زۆربەی بازارە کۆمەڵایەتییەکان بەهای خۆی لە دەستداوە. بەم چەشنە، ئەگەر پەیوەستی مۆسیقای راپ، پەیوەستییەکی واقیعی بێ، بەهەر حاڵ بە شێوەیەکی زۆر لە دونیای خۆمان یارمەتیمان ئەدات. هەڵبەت من بە هیچ شێوەیەک ئەوەی کە کەسێ لە هابیتۆسی خۆی زیاتر بەرەو پێشتر بڕوات بە قەدەغەکراو یا تاپۆ نازانم، بەڵام ئەمانە ئەو بوارانەن کە هزرینی خۆیی رۆڵێکی زۆر گرنگی تیا دەگێرێت.

**گراو: وا دێتە بەر چاو کە لە تەواوی دەقەکانتان سەروکارمان بە جۆرێک لە ئینفراتێکستەوە (infratexte) هەیە: ئایا ئێوە خۆتان بە کۆمەڵناسێکی کلاسیک نازانن. لە سیستەمی پشتبەستنە خەیاڵییەکانتان، زیاتر خۆتان بە نووسەران و هونەرمەندان بەراورد دەکەن...**

**بۆریدۆ:** لە دواین رستەی کارێک کە هەنوکە سەرقاڵی ئەنجامدانیم، بەراستی نووسەران و رەخنەگرانێک هەن کە نزیکایەتی زۆریان لەگەڵ مندا هەیە و کەمێکیش ئەم بابەتەم شاردۆتەوە، چونکە لە ژینگەیەکی زانستیدا بووم، من بە شوێنێ گەیشتووم کە بە فەرمی دەناسرێم و دەتوانم بێ ئەوەی کە پێویست بێ خۆم بناسێنم، بەو پرسانەوە خەریک بم کە تاوەکو هەنوکە دەمشاردنەوە. هەڵبەتە هەندێ کەس ئێستا دەڵێن: ببینە! ئەمەش بۆردیۆ – ئێمە هەمیشە دەڵێین کە بەڕاستی ئەمە مرۆڤێکی زانستی نییە!

**گراو: ئەمرۆ، ئەم کارە هەمدیس بۆ ئێوە دژوارترە، چونکە ئێوە ئیدی بە فەرمی ئەندامی ئەکادیمیای فەرەنسان و بۆ خۆتان وەک بیرمەندێک دەناسرێن. ( لە راستیدا ئەمە هەڵەی بەرێز گراوە کە بەرواڵەت کۆلیژ دو فرانس و ئەکادیمیای فەرەنسای تێکەڵاو کردووە، و بۆردیۆش بە رواڵەت بە هۆی**

**ئـەوەی کە وتوویژەکە بە زمانی ئەڵمانی ئەنجام دراوە، هەستی بەم هەڵەیە نەکردووە، چونکە کۆلیژ دو فرانس و ئەکادیمیای فەرەنسا تارادەیەک لە یەک ئاستی زانستیدان. و)**

**بۆردیۆ:** بەتەواوی وایە. من ئەتوانم سوود لەو دەسەڵاتە کۆمەڵایەتییە وەربگرم کە ئەم پێگەیە بە منی دەدات. ئێوە چەند خولەک لەمەوپێش لەمنتان پرسی ئایا ئەو ڕۆژە دەگات کە هەمووان سوود لە ووشـەی «هابیتۆس» وەربگرن. پێموانییە. تەنها هێزی کۆمەڵایەتی من – لە تـەک ڕۆشنبیربوون، هەماهەنگی، کـە دەسـەڵاتـە کۆمـەڵایـەتـییـەکەی نـەشـیـاوە، بەم ڕاستیەوە لکاو دەبێت کە من مامۆستای دامەزراوەیەکی گەورەم و کتێبەکانم بۆ هەموو زمانەکان وەرگێردراون. ئەگەر ئەمە وێران بکەم چی...

**گراو: لە چ هەلومەرجێکدا تێکدانێکی وەها شیاوە؟**

**بۆردیۆ:** ئەگەر بۆ نموونە لە ڕادە بەدەر لە کارەکانم زیادەڕەوی بکەم، لەو تێگەیشتنەی کە لە «فاکتی جەنجاڵی» (happening) تێدەگەین. (بۆردیۆ مەبەستی لـەم چەمکە جوڵانـەوەی جەنجاڵە لە کۆبوونەوە گەورەکاندا بۆ نموونە کەسێکی ڕووت لە ناوەڕاستی یاریگای فوتبۆڵ

ئاگر بکاتەوە) بۆ نموونە بۆ من لە پێشوو زیاتر، ڕوویداوە کە ناچار بم لە گروپگەلێکی تایبەت یان کۆنفرانسگەلێکی جیاواز «وتار» بخوێنمەوە. ئەم ڕادەربڕینە هاوشێوەیە بە «فاکتی جەنجاڵی». هەندێ کات زۆر خێرا دەرۆم و هەموو شتێ وێران دەکەم. دواتر تا چەند ڕۆژێ حاڵم خراپ دەبێت، چونکە ئەزموونێکی دژوارم تێپەڕاندووە. بەم چەشنە لە کۆتاییەکانی یەکێ لە کۆنفرانسەکان بوو (ڕێک لە ناوەڕاستی هاویندا کە وەرزێکی باش نییە بۆ من) کە ڕۆیشتم بۆ ئەوێ. لەم دانیشتنەدا چەندین خانمی مەجەری و تەلەفزیۆنیش ئامادەییان هەبوو و منیش «فاکتێکی جەنجاڵ»م هێنایە کایەوە، واتە بە «کریستین ئۆکرنت»م (Christine Ockrent) (مەجەریەکی ناسراو و تەواو بۆرژواز) گووت کە هەر کات لەسەر تەلەفزیۆن دەتبینم ئەوا کەناڵەکە دەگۆڕم. نیوەی سالۆنەکە لە دوای ئەم گووتەیە لایەنگیرییان لێ دەکردم: گەنجەکان، ژنەکان و ...هتد و نیوەی تری سالۆنەکە بە تەواوی دژایەتیان دەکردم و ئەگەر دەستیان بڕۆیشتایە هەر لەوێ دەیانکوشتم. و هەڵبەت

لە دوای ئەوەش گوتیان کە من کەسێکی چالاک و زانستەکەشم وروژێنەرە و گووتیان کە لە گووتەی خۆیان پەشیمانن. بەم چەشنەیە کە من خۆم وێران دەکەم.

**گراو: ئێوە خۆتان لە بەردەم ئەم مەترسییە دادەنێن بۆ ئەوەی هێندەی شتێک کورت بکرێنەوە بۆ نموونە وەک «وروژێنەر»؟**

**بۆردیۆ:** من ئەم ریسکە قبوڵ دەکەم کە ئەو هێزە کۆمەڵایەتیەی بایەخی هەیە، وێران بکەم. پێموایە ئەم کارەی من بە «شێوەی بەچێژی ئازادیبەخشە» و خۆشحاڵ دەبم ئەگەر لە رووی پیشەییەوە کەسانێک هەبن لە مەڕ خۆیان کارێکی وەها بکەن. بەم چەشنە ئێمە پێویستمان بە مرۆڤگەلێکی پیشەیی لە زەمینەی کردەی رەمزی و رەخنەگرانە هەیە.

**گراو: لە کۆتاییدا ئەخوازم پرسیارێکتان لە بارەی پرۆژەی رۆژنامەی ئەوروپایی «لیبر» کە دەستان پێ کردووە، بپرسم. چی روویدا، من ئەم رۆژنامەیە جگە لە پاشکۆکانی FAZ هیچی تر نابینم.**

**بۆریدۆ:** لە سەرەتادا پێموابوو کە رۆشنبیران پێویستە ئامادەییان هەبێ، ئەو کارەی کە زۆر

دژواره، چونکه ئەوان درێژە بە پاپەندییگەلێکی لێکدژ دەدەن. بەم چەشنە بە سوود بوو کە ئـەوان لـە کارێکی هـاوبـەش کۆ بکەینەوە و ئەوەش ئەم ڕۆژنامەیە بوو، بەڵام ئەوەی لەم کارە بەرهەم هات، کارێکی هاوبەش نەبوو.

لە هەنوکەدا «لیبر» بە زمانی ئەڵمانی بڵاو نابێتەوە و من لەم بوارەدا زۆر بە داخـەوەم. ئێمە لەگەڵ تاکگەلێکی هەمە چەشن لە هەوڵدابین کە ڕەنگە پارێزگاریمان لێ بکەن. من ناخوازم زۆر بەخێرایی کار بکەم، لەبەرئەوەی سەرەتا مەبەستمان ئەوە بوو کە زۆر خێرا و تا زۆر بـەرز بڕۆین. ئەمە قورساییەکی زۆر گەورە بوو بە هەنگاونان و بەم هۆیەش شکستمان خوارد و هەڵبەت من بەرپرسیاری ئەم کێشەیە نەبووم. لە ڕاستیا من بەرپرسی ئەو یۆتۆپیا بەراییە بووم، پاشان ڕووداوەکە کەمێ تووشی خۆگەورەبینی بوو. لە هەنوکەدا زۆر ئارام کار دەکەم، چونکە بە بڕوای من پێویستە و لەوانەیە لەگەڵ مانگنامەیەکی تر کارێکی هاوبەش ئەنجام بدەین و هەڵبەت ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی کە مانگنامەیەکی تر بخەینە لاوە. بەم چەشنە

پێویستە کارەکان زۆر بە ئارامی بەرەو پێش بڕۆن تاوەکو واقیعی بن و بتوانن بەردەوام بن. ئێمە تارادەیەک گروپێکی پەنجا کەسیمان لە «دۆستانی لیبر» لە ئەڵمانیا هەبوو کە کۆمەڵناس، هونەرمەند و ....هتد بوون و لە شارەکانی فرایبۆرگ و بەرلین پێکەوە وتووێژ دەکەن تا بتوانن کۆپییەک بە زمانی ئەڵمانی بڵاو بکەنەوە: کۆپیەکی سادە بەڵام کاریگەر. بەم چەشنە کارەکە درێژەی دەبێت بەو چەشنەی کە هەوڵماندا لە ئیتاڵیا، لە ئیسپانیا، لە چیکسلۆڤاکیا، ڕۆمانیا، سوید، بولغارستان و مەجارستانیش ئەم کارە بکەین. کارەکان بەرەو پێش ڕۆیشتن.

**پەراوێزەکان**

1) «هابیتۆس» بۆردیۆ وەک قاڵبێ لە کردەکان، تێگەیشتنەکان و هزرەکان لەم چەمکە دەگات، هەر تاکێ بە گوێرەی بە کۆمەڵایەتبوونی بەرایی خۆی یان بە گوێرەی سیستمی رووبەرووبونەوەی بەردەوام و گواستراوەی خۆی هەڵگری هابیتۆسێکی تایبەتە. بۆردیۆ لەم بنەچەیەوە هەنگاو دەنێ کە «گروپەکان و چینە کۆمەڵایەتییەکان هەڵگری فۆرمەکانی هابیتۆسن کە بە شێوەیەکی ئۆبجکەتیف شێوەیان گرتووە.»

2) «دۆکسا» لە کۆمەڵێ لە تێزە بەراییەکان کە بە شێوەی نادیار و دوور لە دەستگەیشتن بە هەر چەشنە بردنە ژێر پرسیارلێکردنێکەوە، پێک دێن، و بەم چەشنەش تەنها بەشێوەیەکی ڕوو بەرەو دوا یان بە دەربرینێکی تر ئەو کاتەی کە وازیان لێ بهێنین خۆیان نیشان دەدەن.

3) لە کۆمەڵگە زۆر جیاوازەکاندا، جیهانە کۆمەڵایەتییەکان لە وردە جیهانە کۆمەڵایەتییە سەربەخۆ و ئۆتۆنۆمییەکان پێکدەهێنن کە ناوم لێناوە کایە واتە ئەو فەزایانەی کە لە ناوەوەڕا پەیوەندیگەلێکی ئۆبجەکتیف دەستبالان کە هەر

یەکەیان هەڵگری لۆژیکی خۆی و زەرورەتە تایبەتەکانی خۆیانن. (بۆردیۆ)

4) بۆردیۆ پاشان روونی دەکاتەوە کە مەبستی کتێبەکەی «شوئنبێرگ و قوتابخانەکەی» نووسینی لایبوویتس، پاریس، ژ.ب. ژاننە کە لە ساڵی 1947 بڵاوبۆوە (Schoenberg et son scole" de" r>leibowitz, paris,j.b.janiin)

5) هانس هاکە لە لایەن مانگنامەی «ئۆکتۆبەرەوە» (ctober) چاوپێکەوتنی لەگەڵ بۆردیۆ ئەنجام داوە.

* ئەم گفتوگۆیە لە ساڵی 1996 بە زمانی ئەڵمانی ئەنجامدراوە (The Thing 1996) و ڤرونیک گۆلا(Véronique Gola) بۆ سایتی پی یر بۆردیۆ وەریگێراوە.

# وانەیەك دەربارەی وانە

پییەر بۆردیـــۆ
لە عەرەبییەوە: هاوار محەمەد

*توخمە ریزکراوەکان لە جیهانی مرۆییدا و بەتایبەتیش ئەوانەی کە پلەکانی خوارەوە داگیردەکەن، دەتوانن گومانی فەیلەسوف-شا لەناوبەرن*

**وتاری دەستبەکاربوونی پییەر بۆردیۆ لە کۆلێژی دوفرانس لە ساڵی 1981 وتراوەتەوە**

رەنگە وا پێویست بکات، بە هەر جۆرێک بێت وانەیەک بڵێیینەوە، ئەگەرچی وانەی دەستبەکاربوونیش بێت، بەبێئەوەی بپرسین بە چ هەقێک ئەم کارە دەکەین. ئەوەتا ئەم دەزگایە (مەبەست لە کۆلێژی دو فرانسە —و-) دروستبووە، تا زەمینەی بە تەنگەوەهاتنی ئەم پرسیارانەمان بۆ برەخسێنێت و ئەو نیگەرانییەمان لابرەوێنێتەوە کەوا هۆکارەکەی ئەو رێکەوتنەیە، وا شەقڵی خۆی بەسەر سەرەتاکانەوە جێدەهێڵێت. وانەی دەستبەکاربوون وەک ئەوەی دەکەوێتە نێو دروشمەکانی ناساندن و پۆست گرتنەدەست، وەک ئەوەی سەرەتا و کردنەوەیە، لەڕووی رەمزییەوە پرۆسەی دەسەڵاتپێدان و سەرپشککردن وەدیدێنێ و

بەهۆیەوە ڕێ بە مامۆستا نوێیەکە دەدرێت، بە جۆرێک لە بالادەستییەوە بدوێت و وتەکانی بکاتە گوتارێکی ڕەوا و بیدات بەگوێی ئەو کەسانەدا کە سەروکاریان لەگەڵ بابەتەکە هەیە. کردەی ئەفسوناوی ئەم پرۆسە دروشمگەراییە، وا لە ئالوگۆڕی نەبینراوی بێ دەنگی نێوان کاندیدە نوێیەکە، کە گوتارەکەی خۆی لەبەردەم کۆمەلانی خەڵکدا پێشکەشدەکات، لەگەڵ ئەو مامۆستایانەدا کە کۆبوونەتەوە تا بە ئامادەبوونی بە کۆمەڵیان گەواهی لەسەر ئەوە بدەن، ئەم وتانە هەرکات لەلایەن گەورە مامۆستاکانەوە بووە مایەی گرنگیپێدان، ئیدی شیاوی ئەوەیە هەمووان پەسەندیبکەن، واتە ئەو وتانە دەبنە وتەگەلێکی دیار و ناسراو، بەلام ڕەنگە وا باشتربێت لەم وانەی دەستبەکاربوونەدا لەبارەی وانەی دەستبەکاربوونەوە، زۆر دوور نەڕۆین: سۆسیۆلۆژیا، کە زانستێکە بایەخ بە دامودەزگاکان دەدات و توێژینەوە لە پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوەکاندا و چۆنییەتی ئەو پەیوەندییە دەکات، مەودایەک دەسەپێنێت و دروستدەکات ناتوانین بیسڕینەوە، نەک

هەر ئەوەندە، بەڵکو هەندێ کات ناشتوانین تێیبپەڕێنین، ئەم مەودایەش لە دامەزراوەکە جیاماندەکاتەوە. نەک تەنیا لە دامەزراوەکە، بەڵکو سۆسیۆلۆژیا لەو دۆخی بەرائەتیش دامانەدەماڵێ کە وامان لێدەکات بە هەموو خواستی خۆمانەوە ئەوە جێبەجێ بکەین، کە دامەزراوەکە لێمان چاوەڕوان دەکات.

وانە دەربارەی وانە، ئەم گوتارەی کە هەر لە کردەی گووتارەکەدا لە خۆی هەڵدەگەڕێتەوە، جا چ وەک رەمز لێی بڕوانین یان ئایدیاڵ، ئەوا لایەنی کەم یەکێک لە گرنگترین ئەو خەسڵەتانەمان بۆ زەقدەکاتەوە، کە بە تێگەیشتنی من سۆسیۆلۆژیا خۆیی پێ جیادەکاتەوە و تایبەتمەند دەبێت: ئەویش ئەوەیە هەموو ئەو پرس و بابەتانەی ئەم زانستە بڕیاریان لێ دەدات، دەکرێت و دەبێت بۆ ئەو سوبێکتەیش راستبێت و بەسەریدا بچەسپێت کە پسپۆری زانستەکەیە. کاتێک سۆسیۆلۆژیست ناتوانێت ئەو مەودا دروست بکات کە بابەتگەرایی لێدەکەوێتەوە، واتە مەودای ڕەخنەیی، ئەوا مافی تەواودەدات بەو کەسانەی وا لێی دەڕوانن پشکنەرێکی تۆقێنەرە

و دەتوانێت پیادەی رەمزییانەی سەرجەم کارەکانی پۆلیس بکات. کایەی سۆسیۆلۆژیا تێناپەڕێنین بە بێ بڕینی داوی ئەو پەیوەندییەی کە هەمیشە بە دەستەو تاقمی دیاریکراوەوە گرێمان دەداتەوە، بە بێ فەرامۆشکردنی ئەو دروشم و دۆکترینانەی کە وابەستەییمان دروستدەکەن و دیاریدەکەن، بەبێ نکوڵیکردن لە سەرجەم ئەو پابەستی و وابەستەییانەمان. بەم جۆرە ئەو سۆسیۆلۆژیستەی کەوا مەیلی لە کۆمەڵی تاقمخوازەوە بەرەو دەستەبژێر دەجوڵێت، ناتوانێت بگاتە پلەیەکی تایبەتی ئاگایی کە پەیوەستە بە سەرجەم جۆرەکانی نامۆبوونی کۆمەڵایەتییەوە، ئەگەر بێتوو پەردە لەڕووی چەمکی میللییانەی کۆمەڵ، ئەو چەمکەی کە دەتوانێت تەنیا لایەنگرانی فریوو بدات، چەمکی دەستەبژێرانەی دەستەبژێر، کە لە یەک کاتدا هەم دەستەبژێران و هەم خەڵکانی دیکەش فریوو دەدات، لا نەدات.

ئەو کەسەی پێیوایە وابەستەیی کۆمەڵایەتی بۆ جیهان بەبێ دامەزراندنی سۆسیۆلۆژیایەکی زانستی وەک ئامرازی گۆڕین، کۆسپ و

تەگەرەیە، ئەوە لەبیردەکات کە کۆمەڵناس لە زانستەکەدا چارەسەرێک دژی سنووداركردنە کۆمەڵایەتییەکان دەدۆزێتەوەو بەم هۆیەشەوە ئەو سنووردارییانە روون و هەستپێکراودەبن. سۆسیۆلۆژیای سۆسیۆلۆژیا، کە رێ بە بەکارهێنانی دەستکەوتەکانی زانستی تەواو پێگەیشتوو دژی زانستی تازەپێگەیشتوو دەدات، میکانیزمێکی ناچارییە لەبەردەم میتۆدی سۆسیۆلۆژیدا: ئێمە زانست، بەتایبەتی سۆسیۆلۆژیا، بەو ئەندازەیە دژی هەبوونی خۆی دروستدەکەین، کە لە کاتی هەبوونیدا پێماندەکرێت دروستی بکەین. تەنیا مێژوو خۆیەتی کە دەتوانێت لە مێژوو رزگارمان بکات. بەم جۆرەش مێژووی کۆمەڵایەتی سۆسیۆلۆژیا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو وێنەیەی کە ئیپستمۆلۆژیای مێژوویی کێشاویەتی و هەریەکە لە (ج. کانگلیم) و (م. فۆکۆ) بەرجەستەی دەکەنەوە، بەو مەرجەی وەک زانستی نائاگایی لێی بڕوانین، میکانیزمێک لە گرنگترین میکانیزمەکانی دەربازبوون لە مێژوو پێکدێنێت، مەبەستم لە هەژموونی رابردوویەکی

بەرجەستەبووی ئەوتۆیە کە لە ئێستادا دەژی، یان هەژموونی ئێستایە، کە هەر لەگەڵ دەرکەوتنیدا، هاوشێوەی مۆدێلێکی کولتووری، ئیدی دەبێتە رابردوو. ئەگەر سۆسیۆلۆژیا ئەو سیستەمە فێرکاری و بوارە کولتوورییە بێت، کە من پێموایە بایەخێکی زۆری هەیە، ئەوا لەبەرئەوەیە سۆسیۆلۆژیا خۆی بەشداری لە مەعریفە و سەلیقەی سۆسیۆلۆژیستیشدا دەکات. لەمەیشەوە لە شیکارییە رەخنەییەکاندا راستەوخۆ و زیاتر رێخۆشدەکات بۆ دیاریکردنی کاتیگۆرییەکانی هزریی بیر لێ نەکراوە، ئەو کاتیگۆرییانەی هەموو ئەو شتانە دیاریدەکەن کە دەکرێت بیریان لێ بکرێتەوە و کایەی بیر تێداکراوەش دەستنیشان دەکەن. بۆ گەواهیدان و بەڵگەی ئەمە ئەوەندەمان بەسە ئەوە وەبیر بهێنینەوە، کە چەند حوکمی پێشوەخت و سنوور و چاودێری و چوارچێوە هەن، کە هەر پەروەردەیەکی کاریگەر کار بۆ قەبووڵکردن، ئینجا فەرامۆشکردنیان دەکات، تا بەم هۆیەشەوە بازنەی ئەفسوناوی ئەو قەناعەتە هەژارە بکێشێت، کە قوتابخانەکانی

دەستەبژێر ئەندامەکانی خۆیانی تێدا گیردەدەن.

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەبێت لەتەک ڕەخنەی ئیپستمۆلۆژیدا بێت. جا بۆئەوەی ئەو مەودایە بپێوین، کە لە سۆسیۆلۆژیای تەقلیدی جیاماندەکاتەوە، ئەوەندە بەسە سەرنجی ئەوە بدەین، نووسەری کتێبی «شێوە سەرەتاییەکانی پۆلێنکردن» هەرگیز پەی بەو مێژووە کۆمەڵایەتییەی سیستەمی فێرکاری رابردوو نەبردووە، کە لە کتێبی «پەرەسەندنی پێداگۆجی لە فەرەنسا»دا وەک سۆسیۆلۆژیایەکی بیناکاریی پێشنیازی کردووە و لەو کاتیگۆری و چەمکانە دەکۆڵێتەوە کە مامۆستاکان بەکاریدێنن، ئەویش ئەو سۆسیۆلۆژیایەیە، کە سەرجەم کەرەستە پێویستەکانی بۆ ڕەخساوە. ڕەنگە هۆی ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە (دورکهایم)، کە ڕاسپاردەی دابوو بەڵێنی ئاسانکردنی کاروبارە گشتییەکان بە کۆمەڵناسان بدرێت، نەیتوانیووە مەودای پێویست لە هەمبەر ڕەوشی کۆمەڵایەتی خۆی وەک کۆمەڵناسێک وەربگرێت، تا بیر لە ڕەوشەکە بکاتەوە.

بە هەمان شێوە مێژووی کۆمەڵایەتیی

بزووتنەوەی کرێکاری و پەیوەندییان لەگەڵ تیۆرسیێنەکانیدا، چ لە دەرەوەی بزووتنەوەکەدا و چ لە ناوەوە. ئەم مێژووە دەستەبەری ئەوە دەکات، دەرک بەوە بکەین بۆچی بانگەشەکارانی مارکسیزم هزری مارکسیان، بەتایبەت خستنەگەڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو هزرەیان، نەکردە بابەتێک بۆ سۆسیۆلۆژیای زانین، ئەو سۆسیۆلۆژیایەی کە مارکس یەکێکە لە پێشەنگانی: وێڕای ئەوەیش بێ ئەوەی چاوەڕوانی ئەوەبین، کە ئەم رەخنە مێژوویی و سۆسیۆلۆژییە پێش بە وەگەڕخستنە لاهوتی و «شۆڕشگێڕییەکان»ی کتێبەکانی مارکس بگرێت، لایەنی کەم دەتوانین ئەوەی لێ چاوەڕوان بکەین، مارکسیستە ئاگامەندتر و خۆڕاگرترەکانیان لەو سڕبوونە دۆگماتیکەیان وەخەر بێنێت و ئەو تیۆر و چەمکانە ملکەچی توێژینەوە و پشکنین بکەن، کە جادووی راڤەکردن و شرۆڤەکردن، کە هێشتایش دووبارەدەبنەوە، مۆرکی نەمرییان پێ بەخشیون.

لە رابردوودا دامەزراوەی فێرکاری رەخسێنەری متمانە بەخۆبوون و یەقینی

ڕەها بوو، کەچی دروسبوونی ئەم پرسیارە ڕەخنەییانە قەرزاربارى ئەو گۆڕانکارییانەیە کە بەسەر ئەم دامەزراوانەدا هاتووە، بەڵام نابێت ئەمە تەنیا بە هاتن و ڕۆشتنێکی مۆدێلە کولتوورییەکان دابنرێت، کە دژی دامەزراوەکان قوتدەکرێنەوە. ئەم پرسیارانە خۆیان وەک تاکە دەلاقەیەک دەسەپێنن بۆ دەرچوون لە سەرچاوەی ئەو هەڵەیەی، کە پاڵ بە سۆسیۆلۆژیستەوە دەنێت خاوەنداریێتی تیۆرە گشتییە پراکتیکییەکان لەسەر خۆی بسەپێنێت. کاتێکیش هەق بەخۆی دەدات، ئەو هەقەی کە هەندێ کات بەهۆیەوە دانی پێدا دەنرێت، سنوورە جیاکەرەوەکانی نێوان چینەکان و نێوان هەرێمەکان و نەتەوەکان بکێشێت و بڕیار لەسەر دەسەڵاتی سۆسیۆلۆژیست بدات، ئەوا ئەو کاتە ڕۆڵی Rex دەگێڕێت، ئەو پادشا کۆنەی، هەروەک (بینیفینیست) دەڵێت، خاوەنی دەسەڵاتی دیاریکردنی سنوورەکان و کۆتاییەکانە، واتە دەسەڵاتی دەستنیشانکردنی موقەدەس، جا ئەم چینە کۆمەڵایەتییانە بوونیان هەبێت یان نا، ژمارەیان هەرچی چەندە بێت،

ئەم چینە و ئەم یەکێتییە جوگرافییە واقیعی بێت، یان تەنیا وەهمێک.

لە زمانی لاتینیدا دەربڕینێکی دیکە هەیە، لێرەدا وەک وەفایەک بۆ کۆرسێل Courcelle باسیدەکەم، ئەگەرچی لە ئاست ئەوەی پێشتردا نییە، بەڵام باشتر گوزارشت لە واقیعی ئێستا دەکات، ئەویش وشەی Rectorـە کە ئاماژەیە بۆ ئەو کەسەی لەڕووی یاساییەوە دەسەڵاتی یاسادانانی بەدەستە، بەهۆیەوە دەبێتە خاوەن وتەی ڕێپێدراو، دەتوانێت لەنێو ئاگایی خەڵکیدا دابەشکارییەکانی کایەی کۆمەڵایەتی بنەخشێنێت و لەنێو شتەکانیشدا بیانخولقێنێت: ئەم وتە ڕێپێدراوەیش Consorـە و بەرپرسە لە پرۆسەی تەکنیکی بۆ دابەشکردنی هاووڵاتیان بەپێی سەروەت و سامانیان و لەویشەوە (Consus: ئامار) بڕیارێک دەردەکات، کە نزیکترە لە بڕیاری دادوەر وەک لە بڕیاری کۆمەڵناسەوە. ڕۆڵیشی، وەک(ج. دومیزێل) دەڵێت، لە «دانانی(مرۆڤ یان کار، یان بۆچوونێک)ە لە پێگەی خۆیدا لەگەڵ ئەو بەرەنجامە کردارییانەدا کە لێی دەکەونەوە،

ئەویش بەهۆی هەڵسەنگاندنێکی گشتییانەی دروستەوە».

ئەگەر سۆسیۆلۆژیا دەیەوێت دەستبەرداری ئامانجی میتۆلۆژیا بێت و هەوڵبدات لەسەر پرەنسیپێکی شیاو دابەشکارییە رێکەوتەکانی سیستەمی کۆمەلایەتی هەڵسەنگێنێت، بەشێوەیەکی سەرەکیش دابەشکردنی کار، ئەوا لەسەری پێویستە چارەیەرێکی لۆژیکی و کۆسمۆلۆژی بۆ کێشەی دابەشکردنی مرۆڤ بدۆزێتەوە، دەبێت توێژینەوە لە ململانێ لەپێناو مۆنۆپۆلکردنی تێگەیشتنی ڕەوا لە کایەی کۆمەلایەتی، بخاتە ئەستۆی خۆیەوە، لەجیاتی ئەوەی خۆی بخزێنێتە نێو ئەم ململانێیەوە، ئەو ململانێیەی کە رەهەندێک لە رەهەندەکانی سەرجەم جۆرەکانی ململانێی نێوان گروپەکان پێکدێنێت، جا چ گروپگەلی دابەشکراو بەپێی رەگەز بن، یان چینە کۆمەلایەتییەکان بن. دابەشکردنە مرۆییەکان بەوە لە پۆلێنکردنە ئاژەڵی و رووەکییەکان جیادەبنەوە کە ئەو بابەتانەی لێرەدا دەکەونەوە و لەشوێنی خۆیاندا دادەنرێن، خۆیان بریتیین لە کۆمەڵێک سوبێکتی

خاوەن توانای ریزکردن و دابەشکردن. ئەوەندە بەسە وێنای ئەو لێکدانەوەیە بکەین و بیهێنینە بەرچاوی خۆمان، چی دەبوو گەر هاتبا سەگەکان و ڕێوییەکان و گورگەکان بیانتوانیبا، وەک ئەوەی لە حیکایەتەکاندا هاتووە، لەبارەی پۆلێنکردنی سەگناسییەوە بدوێن و لە ئاستی ئەو هەمەڕەنگییەدا بوونایە، کە دەبێت بۆشایی و مەودا لەنێوان توخمەکانی ئەم جۆرە گیاندارانەدا دروستبکات، ئەگەرچی خەسڵەتە ڕەچاوکراوەکان بۆ دیاریکردنی پێگەی رەگەز و جۆرەکان بڕیار لەسەر دیاریکردنی خۆراکی بژێوی و شیاوبوونی بۆ خەڵاتی جوانناسی، دەدەن. کۆبەندی قسە ئەوەیە ڕەگەزە ریزکراوەکان لە جیهانی مرۆییدا و بەتایبەتیش ئەوانەی کە لە پلەکانی خوارەوە دانراون، دەتوانن گومانی فەیلەسووف- شا لەناوبەرن کە ماهییەتی ئەم ریزبەندییانە دیاریدەکات و بانگەشەی ئەوە دەکات، ئەو ڕێگەی بە بوونی بەم دابەشکارییانە داوە، بەدیاریکراوتریش بانگەشەی ئەوە دەکات ئەوەجێبەجێ دەکات کە پێی سپێردراوە، لێرەشەوە پلەکانی خوارەوە

دەتوانن بنەمای ریزبەندییەکە رەتبکەنەوە. لە راستیدا مێژوو گەواهی لەسەر ئەوە دەدات کە چەوساوەکان و ئەوانەی لەژێر سەرکردایەتی ئەو کەسانەدان کە بانگەشەی مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵاتی حوکمدان و پۆلێنکردن دەکەن، ئەوانەی پلەکانی خوارەوە داگیردەکەن، لایەنی کەم زۆرجار دەتوانن لە هەندێک رووەوە خۆیان لەو دابەشکارییە رەوایەتیپێدراوە رزگاربکەن و لەو سنوورە کێشراوانەی کاتیگۆرییە کۆمەڵایەتییەکان خۆیان ئازادبکەن و دیدگایان بۆ جیهان بگۆڕن، ئەمەش لە توانای پەیبردن بە کایەی کۆمەڵایەتییەوە دەبێت.

بەم جۆرە، جیاوازییەکی ئەوتۆ لەوەدا نییە زانست لەنێو ململانێ لەپێناو دانان و سەپاندنی پۆلێنکردنێکی رەوادا خۆی ببینێتەوە، یاخود زانینی ئەو ململانێیە بە شێوەیەکی کاتیی بخاتە ئەستۆی خۆیەوە، واتە زانینی ئەو چۆنییەتییەی کە دامەزراوەکان کاریپێدەکەن و ئەو وەزیفانەی کە ئەو دامەزراوانە جێبەجێیدەکەن، وەک سیستەمی فێرکاری و ئەو رێکخراوە فەرمییانەی کە بەدیار پرۆسەی ئاماری کۆمەڵایەتییەوە ئێشک دەگرن.

بیرکردنەوەیەکی لەم جۆرە لە کایەی ململانێ لەسەر پۆلێنکردنەکان – و لەسەر شوێنگەی سۆسیۆلۆژیست لەنێو ئەم کایەیەدا- هەرگیز لە بەهای زانستەکە کەم ناکاتەوە و فڕێی ناداتە گێژاوی ڕێژەگەراییەوە. ڕاستە سۆسیۆلۆژیست لەم حاڵەتەدا ئەو داوەرە دەسپاک و تەماشاچییە ترانسندنتالییە نییە کە ئیدی بەتەنیا بتوانێت ئەوە دیاریبکات حەقیقەت لە کوێدا خۆی حەشارداوە –وەکو ئەوەی زۆر جار دەڵێن و هەقیشیانە-، کە ئەمە وا لە ئۆبێکتیڤیزم دەکات تەنیا دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی پلەکانی ڕاست و هەڵە بێت. بەڵام سۆسیۆلۆژیست کەسێکە هەوڵدەدات بۆ کەشفکردنی ئەو ململانێیانەی لەبارەی حەقیقەتەوە دەگوزەرێن و لە دەوری دەسوڕێنەوە، بۆ نموونە لەبری ئەوەی مشتومڕی نێوان ئەو کەسانەی بڕوایان بە بوونی چین، یان هەرێم، یان نەتەوە هەیە و ئەوانەی کە نکوڵی لەمە دەکەن یەکلایی بکاتەوە، ئەو کار دەکات بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەو لۆژیکە جۆرییەی ئەم ململانێیە بەڕێوەدەبات و هەوڵدەدات بۆ دیاریکردنی بەختی سەرکەوتنی

لایەنە جیاوازەکان بەهۆی شیکارکردنی پەیوەندیی هێزەکان و ئەو میکانیزمانەی پەرە بەم پەیوەندییانە دەدەن.

کەواتە سۆسیۆلۆژیست بۆ سەپاندنی تێگەیشتنی راست و دروست لە واقیع، نموونەیەکی راستگۆی ئەو ململانێیانە پێش چاو دەخات کە دەگوزەرێن، ئەو ململانێیانەی بەشداردەبن لە دروستکردنی واقیعدا و خۆیان بەدەست وەسفکردنەوە دەدەن. ئەمەش ئەو میتۆدەیە، کە(جۆرج دۆبی) پەیڕەوی لێکردووە کاتێک تیشکی شیکردنەوەی مێژوویی دەخاتە سەر پەیژە سێ پلیکانەییەکە، ئەویش بریتییە لە سیستەمێکی پۆلێنکردن، کە مێژووناسی وا راهاتووە لەم سیستەمەوە کۆمەڵگەی فیودالی ببینێت، لەبری ئەوەی وەک میکانیزمێکی بێ چەند و چوون لەبەردەستی مێژوونووسدا باوەڕی پێبهێنێت. (دۆبی) ئەوەی دەرخست پرەنسیپی ئەم دابەشکردنە، کە تەوەر و بەرهەمی ململانێی نێوان ئەو کۆمەڵانەی بانگەشەی مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵاتی یاسادانان دەکەن و پیاوانی ئایینی و قارەمانەکانە، بەشداریکردووە

لە بەرهەمهێنانی هەمان ئەو واقیعەدا کە ڕێ بە تێگەیشتنیشی دەدات. ئەوەی سۆسیۆلۆژیست لە کاتێکی دیاریکراودا دەربارەی خەسڵەتەکانی پشت چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان دانی پێدادەنێت و ئەو پێوەرانەی کە لە سەلماندنی سەلمێنراوەکانیدا بۆ پۆلێنکردن و ریزکردن بەکاریدێنێت، بە هەمان شێوە بەرەنجامی مێژوویی ئەو ململانێ رەمزییانەن کەوا لەبارەی بوونی چینەکان و دیاریکردنیانەوە گوزەراوە و لێرەشەوە بەشدارییەکی کارای لە دروستکردنی ئەو چینانەدا کردووە، ئەگەر چی بەشێکی بەرچاو لەو ململانێیانەی پێشتر، کە ئێستا بۆ سۆسیۆلۆژیست گوزاراونەتەوە، بەهۆی کاریگەرییە تیۆرییەکانی سۆسیۆلۆژیاکانی پێش خۆیەوە بووە، بەتایبەتیش ئەو تیۆرییانەی کە دەستیان هەبوو لە دروستکردنی چینی کرێکار و چینەکانی تردا، ئاخر هەر تیۆرەکان بوون وایان لە چینی کرێکار کردبوو خۆی وەک پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕی ببینێت. دەبێت کۆمەڵناسان ئەوەیان لەبیر نەچێت هەرچەندێک کۆمەڵناسی زیاتر پێش بکەوێت و بڵاو ببێتەوە

و ناوبانگ پەیدا بکات، ئەوانیش سۆسیۆلۆیاکانی پێشتر تێکەڵ بە تیۆرەکانی خۆیان دەکەن و تا بێ لە توێژینەوەکانیاندا زیاتر بەرجەستەیان دەکەن.

بەڵام ئەوەندە بەسە باس لەوە بکەین، ململانێ سیاسییەکان چۆن سۆسیۆلۆیا بۆ پێشبینییە کۆمەڵایەتییەکان، یان تەنیا بۆ سەلماندن و دانپێدانان بەکاردەهێنن، تا پەی بەوە ببەین سۆسیۆلۆیست، تەنانەت ئەگەر لەسەری بسەپێنرێت کە وەسفی وردی دیاردەکان بکات، هەمیشە بەوە تۆمەتباردەکرێت هاندەدات و نەهی دەکات، ئێمە بۆیە هەمیشە کردەییانە دەربارەی ئەوەی هەیە دەدوێن، تا بڕیار بدەین ئایا بەپێی سروشتی بارودۆخەکانە یان نا، ئایا ئاساییە یان نا، پەسەندکراوە، یان قەدەغەکراو، رەحمەتە، یان نەفرەت. ناوەکان بە نازناوە شارەوەکان داچێنراون، کردارەکانیش وەسفە بێ دەنگەکان لە خۆ دەگرن، ئەو وەسفانە مەیلیان بەلای پشتگیریکردن و نکوڵیکردن، بەلای دانانان بە بوون و بەردەوامیدا، یاخود رووتکردنەوە و بریندارکردن و داماڵینی

سەنگ و قورساییدا هەیە. بەم جۆرە ئاسان نییە گوتاری زانستی لەو لۆژیکە دابماڵین کە دەخوازرێت بەسەریدا باڵادەست بێت، تەنانەت ئەگەر بمانەوێت بە برینداركردنیشی تەنیا ئازادی خۆمان وەربگرین. بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت بەشێوەیەكی زانستی وەسفی ئەو پەیوەندییە بكەین كە خاوەنی كولتووره هەژارەكان بە كولتووری جیهانییەوە گرێدەداتەوە، ئەوا دەبێت ئەمە یان وەك رێگەیەكی مەكربازانە تێبگەین بۆ هێشتنەوەی خەڵكی لەژێر رەحمەتی جەهلدا، یان بە پێچەوانەوە وەك میكانیزمێكی رازیكەر بۆ ستایشكردنی بێ كولتووری و وێرانكردنی بەها كولتوورییەكان لێی بڕوانین. زۆرجار وتەكانت، لەو حاڵەتانەدا كە هەوڵی راڤەكردن و هۆهێنانەوەی تێدایە و تەقەلاكانی زانستی تێدا چڕدەكرێتەوە، ئامرازێكن بۆ پاساودان و لابردنی تۆمەت. لەبەردەم بەكۆیلەكردنی سیستەمی هەنووكەی كاردا، لەبەردەم بەدبەختی شارە بەرفراوانەكان و توندوتیژی كەمپەكانی ئەشكەنجەدا گوزارشتی «ئیتر بارودۆخەكە وەهایە» كە دەربڕینی هیگڵە،

شێوەی پیلانێکی تاوانکارانە وەردەگرێت. کاتێک بابەتەکە پەیوەستە بە کایەی کۆمەڵایەتییەوە، هیچ شتێک لەوە لایەنگیرانەتر نییە حوکمگەلێکی پراکتیکی لەبارەی ئەوەی کە هەیە بدەیت، واتە ئەو حوکمەی کە پشت بە دەسەڵاتی دەربڕین و قەتاعەتپێکردن دەبەستێ و ددانانان بە توانا پێشبینیکارییەکەیدا لەم بوارەوە سەرپشکی کردووە، بۆیە لە سەلمێنراوەکانی زانستەوە کاریگەریی سیاسی ئەوتۆ پەیدا دەبن، کە سەر بەوە نین جیهانی دروستی دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی کە تانە لە ڕەشبینی و خۆ خەریککردن بە خۆڕاگرییەکانی شیکاریی کۆمەڵایەتی دەدەن، بۆ نموونە کاتێک یاساکانی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی دادەڕێژێت، لەوانە ڕاستتر نین کە بەهۆی دارشتنی یاسای کەوتنەخوارەوەی تەنەکانەوە تانەی ئەوەیان لە «گالیلۆ» دەدا، گوایە ئەو کەسانەی تووشی بێ ئومێدی کردووە کە خەونیان بە فڕینەوە بینیووە. دارشتنی یاسای کۆمەڵایەتی، ئەو یاسایەیش کە دەڵێت سەرمایەی کولتووری هەر دەگەڕێتەوە بۆ

سەرمایەی کولتووری، توانای شاڵاوبردنە بۆ سەر ئەوەی کە (ئۆگەست کۆنت) بە «کارکردە تێکڕاییەکان» نـاوزەدی دەکـرد، بۆئـەوەی بیخاتە نێو ئـەو دیـاریـکـراوانـەی پێشبینییان دەکـات. ئەو کارکردانە هۆکارگەلێکن هێزیان هەرچەندە بێت، دەکرێت بەس بن بۆئەوەی کە میکانیزمە کۆمەڵایەتییەکان بەو جۆرە کاربکەن کە دەمانەوێت. خۆ ئەگەر مەعریفە لەبارەی میکانیزمەکانەوە، وەکو لە کایەکانی تردا باوە، ڕێ بە دیاریکردنی مەرجەکانی باڵادەستبوون و میکانیزمەکانی ئەو باڵادەستبوونە بدات، ئەوا تەنیا ئەمە پاساوی ڕەتکردنەوەی ئەو ڕێبازە سۆسیۆلۆژییە دەدات کە شیمانەکراوەکان وەک قەدەرێکی حەتمی دەبینێت، ئەوەتا بزووتنەوە ئازادیخوازییەکان بەڵگەن لەسەر ئـەوەی کە کەمێک یۆتۆپیزم، واتە کەمێک لە نکوڵیکردنی سیحری لـە واقیع، کـە لـە کایەیەکی تـردا بە نکوڵیکردنی نیرۆسی ناوزەد دەکرێت، بەسە بۆ بەشداربوون لە خولقاندنی مەرجە سیاسییەکان بۆ لەناوبردنی کردارییانەی ئەوەی کە ڕیالیزم تەنیا وەسفی دەکـات و دەینرخێنێت. لەوەش

گرنگتر ئەوەیە تەنیا مەعریفە ئەو کاریگەرییانە دێنێتە ئاراوە، کە من پێموایە ئامرازی رزگاریخوازیین، چەندەیش ئەو میکانیزمانەی کە سەلمێنەری ئەو مەعریفەیەن، ئەو یاسایانە بن کە بەسەریدا باڵا دەستن، ئەوا لە هێزی کاریگەربوونەکەیاندا لەمەڕ ئەو یاسایانەوە قەرزاربارى جەهلن، واتە بەو ئەندازەیەش بابەتەکە پەیوەست دەبێت بە بنچینەکانی توندوتیژی رەمزییەوە، لە راستیشدا ئەم جۆرە توندوتیژییە تەنیا لەسەر ئەو سوبێکتانەی زانین مومارەسە دەکرێت کە کردەی زانینەکەیان، بە لایەنگیری و شێواندنەکەیشییەوە، ددانپێدانانێکی ژێرەوانکێیانەی تێدایە بەو هەژموونەدا کە جەهل بەرامبەر رەگ و ریشە راستەقینەکانی ئەو هەژموونە، دەیسەپێنێت. ئێستا تێدەگەین بۆچی دان بە مۆرکی زانستییانەی سۆسیۆلۆژیادا نانرێت، بەتایبەتیش لای ئەو کەسانەی کە پێویستییان بە تاریکاییەکانی جەهل هەیە، بۆئەوەی پەیوەندییە رەمزییەکانیان بسەپێنن.

پێویستبوونی دەستبەرداربوون لە تەقەلا بۆ باڵادەستی و دەسەڵات ئەو کاتە لە هەموو

کاتەکان بە پێز و بایەخدارترە، کە بابەتەکە پەیوەست دەبێت بە بیرکردنەوەی زانستی لە بواری خودی زانستدا، یاخود بەشێوەیەکی گشتی لە بواری ڕۆشنبیریدا. خۆ ئەگەر زەرورەتی دووبارە بیرکردنەوەی رادیکاڵییانە لە سۆسیۆلۆژیای رۆشنبیرانمان خستوەتە ئەستۆی خۆمان، ئەوا لەبەرئەوەیە دژوارە بۆ رۆشنبیر، بە لەبەرچاوگرتنی مەترسی بەرژەوەندییەکان و ئامانجەکان لەم کایەیەدا، لەو لۆژیکە بترازێت کە ئەو ململانێیە هەڵدەسوڕێنێت، لەمەیشەوە هەر لایەنێک کۆمەڵناسێک بۆ خۆی دادەنێت تا توێژینەوە لە لایەنە دژەکەی بکات، ئایدیۆلۆژیایەکیش تایبەت دەکات بەخۆی تا بەهۆیەوە بەرگری لەخۆی بکات، ئەوەش بە گوێرەی یاساکانی نەبینین و بینین کە بەسەر ئەو ململانێ کۆمەڵایەتییانەدا باڵادەستن لەبارەی حەقیقەتەوە دەگوزەرێن. لەگەڵ ئەوەشدا مەرجە رۆشنبیر پەی بە باردۆخەکە بەرێت وەک ئەوەی کە هەیە، بە مۆرکی ریتمەکانییەوە و بەو بنچینانەوە کە رێکی دەخەن و بەو ئامانج و چاوچنۆکییانەوە کە لێیەوە پەیدا دەبن و بەو

بەرژەوەندییانەیشەوە کە لێیەوە وەدیدێن، تا بتوانێت بە یەکجار لە ڕێگەی ئەو مەودایەوە، کە تێگەیشتنی تیۆری دەیهێنێتە ئارا لێیان رزگاربێت و بتوانێت تێیاندا کەشفی نغرۆیی خۆی بکات، ئەوەیش بە داگیرکردنی پێگەیەکی دیاریکراو و گێڕانی ڕۆڵێکی تایبەت، کە ڕێک بەهۆیەوە بەرگری لە خودی ئامانجەکان دەکات. بەم جۆرە بابەتگەرایی (ئۆبژێکتیڤیزم) ئەگەر بێتوو لەو دیدگایە بێ ئاگابوو، یان ئەو دیدگایەی فەرامۆشکرد کە لێیەوە دەڕوانێت، ئەوا بانگەشە زانستییەکانی هەر چەندەیش بن، هەر وەک بەشێکی لاوەکی و ئینجا هەڵەشە دەمێنێتەوە، واتە ئەگەر هەر هەموو گشتەکە لەبەرچاونەگیرێت. نموونەی ئەم جۆرە دیدگایەی کە وەها لە «هەموو» دەڕوانێت وەک ئەوەی کایەیەکە بۆ هەڵوێستگەلێکی بابەتی کە لەنێو کارکردەکانی تردا باڵادەستە، ئەو تێڕوانینەیە کە داگیرکەری هەر شوێنگە و هەڵوێستێکی دیاریکراو لێیەوە لە شوێنگە و هەڵوێستەکانی تر و کەسانێک کە ئەو شوێنگانەیان پڕکردووەتەوە دەڕوانێت. وەها دیدگایەک توانای ئەوەمان پێدەدا لە تێڕوانینێکی

بابەتگەرایی- زانستییەوە لە هەموو هەڵوێستە بابەتییە کەم و کورتەکان بڕوانین، کە ئەندامەکان لە میانەی ململانێکانیاندا دەینوێنن، هەروەها ڕێمان پێدەدا پەی ببەین بە ستراتیژگەلێکی ڕەمزی وەک ئەوەی کە هەن و هەوڵدەدەن بۆ سەپاندنی حەقیقەتی بەشەکییانەی تاقمێکی دیاریکراو وەک ئەوەی حەقیقەتی پەیوەندییە بابەتیەکانی نێوان سەرجەم کۆمەڵەکان و دەستە و تاقمەکانە، سەرەڕای ئەوەش ئەم تێڕوانینە توانای ئەوەمان پێدەدا، پەی بەوە بەرین، کاتێک پیلانگێڕە پێکدژەکان ئەو گەمەیە لەبیردەکەن کە کردوونی بە رکابەری یەکتر، ئەوا بنچینەکە دەشارنەوە و جەوهەرەکە رووپۆشدەکەن، مەبەستیشم لەو بەرژەوەندییانەیە کە لە کاتی چوونە نێو گەمەکەوە شێتیان دەکات و ئەو ڕێکەوتنە بابەتییەی کە لەوەوە بەرهەمدێت.

بەڵگە نەویستە نابێت ئێمە لەو هزرەی کە سنوورەکان و کۆتاییەکان دەکێشێت چاوەڕوانی ئەوە بین، کە دەبێتە مایەی هزرێکی سنوورنەناس و بێ کۆتایی، ئەگینا ئەمە دەبێتە زیندوکردنەوەی وەهمەکەی (مانهایم)

واتــه وەهــمــی بــوونــی «گــروپــێــکــی رۆشنبیر، کە نە پەیوەندییەکان شەتەکی دەدەنــەوە و نـە ریشـەکانیش دەیـانـبـەسـتـنـەوە»، ئـەوەش خەونێکە بە بازدان و بەرزە فڕینی کۆمەڵایەتی ئەڵتەرناتیڤی مـێـژوویـی بـۆ ئـارەزووەکـانـی زانینی رەهـا پێکدێنێت، لەگەڵ ئـەوەشـدا هـەر دەسـتـکـەوتـێـک کـە سـۆسـیـۆلـۆژیـای زانسـت وەدەستی دێنێت، دەبێت کۆڵەکەی قایمکەری زانستی سۆسیۆلۆژیا بێت، ئەوەش بە کارکردن لەسەر زانینی دیاریکەرە کۆمەڵایەتییەکانی هـزری سۆسیۆلۆژی و زرنگکردنی رۆحـی رەخـنـە، کـە دەتـوانـێـت هـەر یـەکـێـک لـەسـەر مومارەسـەی خـۆی و مومارەسەی دژەکـەی رووبەرووی کاریگەری ئەو دیاریکەرانە بکاتەوە. هەرچەندەی پتەوی هێزی رەخنەی زانستی بە ئەندازەی گەشەسەندنی بەزانستیکردنی ئەو کەرەستانەی، کە لە بەردەستی رۆشنبیردان زیادبکات، ئەوا هێزی زانستیش و زەرورەتی بەکارهێنانی تفاق و کەرەستەکانی زانست بە تەنیا بە بێ کەرەستەکانی تر زۆر دەبێت. لە راستیشدا هـەر وایـە، کایەی زانستیش وەک

سەرجەم کایەکانی تر، کایەی ململانێیە، بەڵام بە بوونی ئەو هەڵوێستە ڕەخنەییانە جیادەکرێتەوە، کە بەهۆیەوە کێبەرکێ سەرهەڵدەداتەوە و تەنیا بەوە وەدیدێت، کە بتوانێت کۆی ئەو میراتە زانستییەی کەڵەکەی کردووە تەوزیف بکات، خۆ هەرچەندەی زانست پێشبکەوێت، واتە چەندەی دەستکەوتە دەستەجەمعییەکانی بایەخی زیاتر پەیدابکەن، ئەوا خۆ لە قەرەدانی ململانێی زانستی، پێویستی بە دەستڕاگەیشتن بە سەرمایەیەکی زانستی دەوڵەمەندتر و گرنگتر هەیە. بەرەنجام ئەوەیە کە میراتە زانستییەکان لای ئەو کەسانە دەرناکەوێت کە لەڕوویی زانستییەوە زۆر هەژارن، بەڵکو لای دەوڵەمەندترینییان بەدیار دەکەوێت. ئەم یاسا سادە و ساکارانە ڕێماندەدەن لەوە تێ بگەین، کە چۆن دەکرێت هەندێک بەرهەمهێنراوی کۆمەڵایەتی مێژوویی، واتە هەندێک لەو بەرهەمانەی کە لە هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمهێنانیان خاوەنی جۆرێک لە سەربەخۆی ڕێژەیین، لە ڕەوشی مێژوویی بونیادێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە، واتە لە کایەیەکی کۆمەڵایەتی وەکو کایەی

فیزیا، یان بایۆلۆژیای ئەمڕۆ، هەڵقوڵێن. بە گوزارشتێکی دیکە سۆسیۆلۆژیا دەتوانێت ئەو پێشکەوتنە دژیەکەی عەقڵمان بۆ راڤەبکات، کە بەتەواوی سەر بە مێژووە بەبێ ئەوەی تەنیا بۆ مێژوو بگەڕێینەوە: ئەگەر حەقیقەتێک هەبێت ئەوەیە، کە خودی حەقیقەت تەوەری ململانێکانە. وا دەردەکەوێت ئەم ململانێیە ناتوانێت ببێتە مایەی حەقیقەت، تەنیا ئەو کاتە نەبێت ملکەچی لۆژیکێک بێت و بەرمەبنای ئەو لۆژیکەیش بە بێ بەکارهێنانی چەکی زانست ناتوانین بەسەر دژەکانماندا سەرکەوین، بەمەش لە کاری پێشخستنی حەقیقەتی زانستیدا بەشداریمان کردووە.

ئەم لۆژیکە بۆ سۆسۆلۆژیایش راستە: دیارە ئەوە بەسە کە داوا لە سەرجەم بەشداران و بانگەشەکاران بکەین لە دەستکەوتەکانی ئەم بواری توێژینەوەیە –کە دەستگەوتگەلێکی زۆر و زەوەندە– کۆمەکمان بکەن بۆئەوەی هەندێک لەو مومارەسانە لەنێوبەرین کە پیشەی سۆسیۆلۆژی بە خراپی بەکاردێنن، بەڵام لە کایەی کۆمەڵایەتیدا، دامەزراندنی

زانستێکی سەربەخۆ لە کایەی کۆمەڵایەتی، لەبەرژەوەندی کێیە؟ بەهەرحاڵ ئەوانە لەڕووی زانستییەوە لەناو نەبراون: جا لەبەرئەوەی ئەوان مەیلییان بۆ دروستکردنی پەیوەندییە لەگەڵ هێزە دەرەکییەکاندا، پشت بە یاخیبوون دەبەستن لەو فشار و چاودێرییانەی کە لە کێبەرکێی ناوەکییەوە دەکەونەوە، ئەوا دەتوانن بە ناوبانگی سیاسی رازی ببن و قەرەبووی رەخنەی زانستی پێبکەنەوە، بەڵام ئەمانە خاوەنی دەسەڵاتە دنیاییی، یان ئاینییەکانیش نین. ئەگەر بێتوو سۆسیۆلۆژیا بەکردەیی بۆخۆی بە سەربەخۆیی دابمەزرێت، ئەوا دەبێتە گەورەترین کێبەرکێکاریان. بەتایبەت ئەگەر هاتوو ئەم زانستە ئارەزووەکانی خۆی بۆ داڕشتنی یاساکان و شەرعیەتپێدان فەرامۆشبکات، خۆی لە باڵادەستییەکی نێگەتیڤدا کورتبکاتەوە و تەنیا بە رەخنەگرتن و رەخنەگرتن لە خودی خۆی، ئینجا بە رەخنەگرتنی زێدەگۆییەکانی زانست و سەرجەم شێوەکانی قۆستنەوەی باڵادەستییەوە، کە بەناوی زانستەوە دەکرێت، بگیرسێتەوە.

ئێستا دەزانین بۆچی دامەزراندنی

سۆسیۆلۆژیا وەک توێژینەوەی زانستی، هەمیشە لەژێر هەڕەشەدا بووە، چونکە ئەو لاوازییەکی جەوهەری لەخۆدەگرێت، ئەم لاوازییەش لە توانای خەڵەتاندنی پێویستییە زانستییەکان لەڕێگەی سیاسەتەوە بەرهەمهاتووە، ئەمەش وای لێکردووە، هەمان ئەو شەڕەنگێزییانەی کە لەو دەسەڵاتانەی دەیانویست سەرنگونی بکەن چاوەڕوانی دەکرد، لەو دەسەڵاتانەیشی چاوەڕوان بکات کە بۆتە چەکی دەستیان و پاساویان دەدات. داواکارییە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە هاوڕێیە لەتەک فشارەکان و نیشانەکان و هەڵخەڵەتاندنەکاندا، باشترین خزمەتێکیش کە بکرێت بە سۆسیۆلۆژیای بکەین ئەوەیە، کە هیچی لێ داوا نەکەین. (پۆل فایل) تێبینی ئەوەی کردووە: «دەتوانین لە دوورەوە بەو ئێسکەپەیکەری ئەو کەسانە بناسینەوە کە لەمیانەی هەندێک لاپەڕەوە کە داینووسن، بایەخ بە سەردەمە کۆنەکان دەدەن». ئەی قسەی کۆمەڵناسان چییە، کە بە بێوچان رادەکێشرێنە نێو سنوورەکانی زانستەکەیانەوە؟ ئاسان نییە ئەو چاکە خێرا و دەستوبردە رەتبکەینەوە

کە پێشبینی ڕۆژانە بۆمان دروستدەکات – و بەتایبەت بێ دەنگییەک، کە لێی بێ باکن، بوار بۆ بۆشاییەکی زایەڵەدار دەهێڵێتەوە، کە زانستی ساختە و درۆینە پڕی دەکاتەوە. بەم جۆرە هەندێکیان ئەوە ڕەتدەکەنەوە دەستبەرداری ئارەزووەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و فێڵەکانی هەوڵە زانستییە بەربڵاوەکان ببن، کە لە هیچ کاتێکدا هیچ وەڵامێک نادەنەوە، ڕەنگیشە سەرپاکی ژیانی بەسەربچێت، تا شوێنگەی خۆی لە بوارگەلێکدا وەردەگرێت، کە زانستی ئەمڕۆ توانای سەرکەوتن و دەرچوونی تێیدا نییە. ئەمە لە کاتێکدا ئەوانی دیکە بە پێچەوانەی ئەمەوە لەم زێدە گۆیی و زێدەڕەوییانەدا پاساوی خۆیان بۆ ئەوە دەدۆزنەوە، کە بواری لێکۆڵینەوەکە جێبهێڵن و فەرامۆشی بکەن. ئەمەش ئەو هەڵوێستەیە کە بە زۆری دەچێتە خانەی پێداگرییەکی توندەوە لەسەر وردەکارییەکی وەسفی.

سۆسیۆلۆژیا تەنیا بە ڕەتکردنەوەی داواکارییە کۆمەڵایەتییەکان، کە داوای میکانیزمەکانی پێدانی ڕەوایەتی، یان کەرەستەکانی هاندانی

لێ دەکات، دەتوانێت سەرپێی خۆی بکەوێت. سۆسیۆلۆژیست نە ئەرکێکی هەیە خۆی بۆ تەرخانبکات و نە مەبەستێکیشی هەیە لە پێناویدا نوێنەرایەتی بکات، تەنیا ئەوە نەبێت کە لۆژیکی لێکۆڵینەوەکە بەسەریدا دەیسەپێنێت. ئەو کەسانەی کە لوتبەرزی پاڵیان پێوە دەنێت وا هەست بکەن مافی خۆیانە، یان ئەرکی ئەوانە، بۆ بەرگریکردن لە گەل و بەرژەوەندییەکانی گەل بێنە دەنگ، بەڵام لەبری و بە ناوی ئەویشەوە قسە بکەن، تەنانەت ئەگەر (وەک لە منیش روویدا) خۆیشیان نکوڵی لە مەیلە رەگەز پەرستییەکان بکەن و پەردە لە رووی کەڵکەڵە پۆپۆلیستییەکان هەڵماڵن، کە کەسانێک بۆ بەرگریکردن لە خۆیان بە ناوی گەلەوە قسەدەکەن، یان لایەنی کەم لە بارەی خۆیانەوە دەدوێن، ئەوا لە باشترین حاڵەتدا وەکو ئەوەی لای (میشیلی دەیبینین) تەقەلای کەمکردنەوە و سوککردنی رادەی ئەو ئازارە دەدەن، کە لە دابڕان (قطیعە)ی کۆمەڵایەتییەوە کەوتوەتەوە، بەوەی خۆیان بکەنە گەلێک لە ئاستی خەیاڵدا، بەڵام دەبێت لێرەدا کەوانەیەک بکەمەوە، تا

بڵێم کاتێک سۆسیۆلۆژیا داوامـان لێدەکات، زیاتر کارەکان و وتە «پاکەکان»، واتە وتەی زانا و هونەرمەند و تێکۆشەران، بەو رەوشە کۆمەڵایەتییەوە، کە کاری بۆ بەرهەمهێنانی کـردووە و بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی بەرهەمهێنەرەکانییەوە گرێبدەینەوە، ئەوا مەبەستی ئەوە نییە هانمان بدات هەڵوێستی بچووککردنەوەی و رووخـاندن وەربگرین، کە رادەی ناخۆشی و تاڵییەکان کەمدەکاتەوە، ئەو تەنیا ئامانجی دابینکردنی ئەو ئامرازانەیە، کە هەموو هەستکردنێک بە بێ هەڵەیی لە توندوتیژیی و هێزی کینەی کۆمەڵایەتی دادەماڵێت، سەرەتایش لە بەرەنجامەکانی گۆڕینی ویستی تۆڵەکردنەوەی کۆمەڵایەتییەوە بۆ داواکردنی یەکسانی، کە قەرەبووی ئەو نیاز و ویستەی پێدەکاتەوە، ئەم کارە دەکات.

لە رێگەی سۆسیۆلۆژیستەوە، ئەو توخمە مێژووییەی لە رووی مێژووییەوە پێگەیەکی هاوشێوەی خۆی وەردەگرێت و ئەو ئەندامە کۆمەڵایەتییەی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە شوێنێکی دیاریکراو داگیردەکات، واتە ئەو

کۆمەڵگەیەی کە مێژوو بەردەوامبوونی خۆی تێدا دەبینێتەوە، ساتێک بۆ خۆی دەگەڕێتەوە وبیری لێدەکاتەوە، لە سایەیشییەوە هەموو ئەندامەکانی کۆمەڵگە دەتوانن، باشتر ئەو رەوشانەی تێیدا دەژین و ئەو کارانەی ئەنجامیدەدەن، بناسن. ئەمە دوورترین ئەرکە بۆ کۆمەڵناس، کەچی ئەو کەسانەی لەگەڵ جەهالەت و نکوڵیکردن و رەتکردنەوەی زانیندا رێککەوتوون، ئەوانەی کە ئامادەن دان بە بەهای زانستی هەموو شێوەیەکی ئەو گوتارەدا بنێن کە دەربارەی کایەی کۆمەڵایەتی نادوێن، یاخود بە بێ کردار لەبارەیەوە دەدوێن، دەیانەوێت ئەم ئەرکە بدەنە پاڵ سۆسیۆلۆژیست. ئەم داخوازییە نێگەتیڤەیش پێویستی بەوە نییە بە چاودێریکردنێکی پەلەپروزکێ گوزارشت لە خۆی بکات. هەر بە کردەییش لەبەر ئەوەی زانستی دیسپلینکراو دابڕان لە بەڵگە نەویستەکاندا دەخوازێت، ئەوەندە بەسە لێگەڕێین هزری ئاسایی کاری خۆی بکات و لێگەڕێین مەیلەکانی زرنگیی بۆرژوازی ئاشکرا ببن، تا سەرنج بدەین لە هەڵقولانی هەوڵە سۆسیۆلۆییە بانگەشەییەکان

و بڵاوبوونەوەی مەعریفەی تەمبەڵانەی زانستی فەرمی.

لایەنێکی گەورە کە سۆسیۆلۆژیست هەوڵی کەشفکردنی دەدات، بە هەمان واتای ئەو بابەتانە شاراوە نین، کە زانستە سروشتییەکان هەوڵی دەرخستنیان دەدات. زۆرێک لە ڕووداوەکان، یاخود پەیوەندییەکان کە سۆسیۆلۆژیست کەشفیان دەکات نەبینراو نین، یاخود نەبیراوییەکەیان «شەوارەکەوتن»ی خۆمانە: بۆ نموونە «نامەی دزراو» کە (لاکان)شی دەکاتەوە: پێموایە وەکو ئەو پەیوەندییە سەرژمێرییەیە، کە مومارەسە کولتوورییەکان بە پەروەردەی پێدراوەوە گرێدەداتەوە. کاری پێویست بۆ دەرخستنی حەقیقەت و قەناعەتپێکردنی خەڵکی، کە دانی پێدا بنێن، تووشی بەریەککەوتن دێت لەگەڵ میکانیزمەکانی داکۆکی دەستە جەمعی کە ئامانجی وەدەستهێنانی نکۆڵی ڕاستەقینەیە بە واتا فرۆیدییەکەی وشەکە، لەبەرئەوەی ڕەتکردنەوەی داننان بە واقیعی بەریەککەوتندا، بە گوێرەی بەرژەوەندییە بەرگری لێکراوەکانە، ئەوا ئێمە پەی بەو توندوتیژییە توندە دەبەین

که شیکارییەکانی مەرجەکانی بەرهەمهێنان و دووبـــارە بـەرهـەمـهـێـنـانـەوەی کولـتـوور دەیوروژێنن، ئەو توندوتیژییەی شەقڵی خۆی بەسەر ئەو بەرگرییانەوە جێدەهێڵێت، کە لەلایەن مۆنۆپۆلکەرانی سـەرمـایـەی کەلتوورییەوە سەرهەڵدەدەن: ئەم شیکارییانە لای ئەو کەسانەی وا راهاتوون لە دیدگای تاکایەتی و خۆڕسکی خۆیانەوە بیربکەنەوە، جگە لە ئاڵوگۆڕکراو و وەدەستهێنراوەکان، هیچی دی کەشف ناکەن (تۆتۆلۆژی). لەم حاڵەتەدا ئەو وتەیەی کانت دەبینینەوە کە دەڵێت «کەوتنە ناو خەرەندی دۆزەخ» راستگۆیی مەعریفەی سوبێکتە. پیاوانی کولتووری، وەکو ئەو کەسانەی لە ئەفسانەی (ئیرا)دا هەن و دەبێت بەر لەوەی بگەڕێنەوە بۆ زەمین لە ئاوی رووباری (ئیمیلیس) بنۆشن، کە دەبێتە مایەی لەبیرچوونەوە، هەتا بەو جۆرە بژین، کە ئەو بۆی هـەڵـبـژاردوون، زۆرینەی چێژی پەتیی کولتوورییان تەنیا لە لەبیرکردنی دروستبوون و دامـەزراندنـەکـەدا دەبیننەوە، ئەو لەبیرکردنەی رێگەیان دەدات، کولتووری خۆیان وەک خەلاتێک لە خەلاتەکانی سروشت،

ببوژێننەوە. لەم روانگەیەوە، کە دەروونناسی بە باشترین شێوە پێی ئاشنایە، ئەوان ناکەونە ناو دژیەکییەوە تا بەرگری لەو هەڵە زەق و زیندووە بکەن کە پاساوی بوونیان دەدات و یەکێتی شوناسیان بپارێزن کە بەندە لەسەر ئاشتبوونەوەی دژەکان: ئەوان دەتوانن هەڵەی قەدەر کە فرۆید لە بارەیەوە دەدوێت بەکاربهێنن و تانە لە دژیەکی و رۆشنییەکەی بابەتگەرایی زانستی، ئینجا بێ کەڵکی و پوچییەکەی، بدەن.

دوژمنەکانی سۆسیۆلۆژیا مافی خۆیانە بپرسن، ئایا دەبێت کاریگەرییەک دروستبکرێت نکوڵێ دەستەجەمعییانە رەتبکاتەوە، بەڵام نە ئەمە و نە هیچ شتێک ئەوان سەرپشک ناکات لەوەی، مۆرکە زانستییەکەی دووربخەنەوە. ئەوەش راستە هیچ داوایەکی کۆمەڵایەتی نییە کە مەعریفەیەکی گشتی دەربارەی کایەی کۆمەڵایەتی لەخۆبگرێت.

تەنیا سەربەخۆیی رێژەیی سوبێکتیڤی کایەی بەرهەمهێنانی زانستی و ئەو بەرژەوەندییانەی لە نێویدا لەدایکدەبن، کۆمەک دەکەن و بگرە کاردەکەن بۆ بوونی پیشاندانی بەرهەمهێنراوە

زانستییە رەخنەییەکان، کە بۆ بەرگریکردن لە زانست، واتە بەرگریکردن لە سەردەمی رۆشنگەری و لابردنی تاریکییەکان، پێش هەموو شێوەکانی داواکاریی کۆمەڵایەتی دەکەون.

دەتوانین پوختەی ئەمە، بە هێنانەوەی دەقێکی دیکارت، تا ئەو جێیەی (مارسیال گیرولت) بۆمانی دەگێڕێتەوە، بخەینەڕوو: «هەرگیز رێنادەم مرۆڤ هەوڵی هەڵە بدات، ئینجا پەنا بۆ وەهمەکانی خەیاڵ ببات، بۆیە کاتێک بینیم زانینی حەقیقەت بەرزمان دەکاتەوە بۆ ئەو پەڕی کەماڵ، تەنانەت ئەگەر لە بەرژەوەندیشمان نەبێت، بۆم دەرکەوت وا باشترە کەمتر بەختەوەربین و زیاتر بزانین». سۆسیۆلۆژیا ئەو فێڵە کەشفدەکات، کە هەمووان دەیپارێزن و پشتیوانی لێ دەکەن و لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بنچینەیەک بۆ زۆرینەی بەها پیرۆزەکان و بۆ تەواوی بوونی کۆمەڵایەتی، پێکدێنێت. سۆسیۆلۆژیا لەگەڵ (مارسیل موس)دا فێرماندەکات، کە «کۆمەڵگە بە بەردەوامی خۆی دەخەڵەتێنێت» ئەمەش بەڵگەیە لەسەرئەوەی، کە ئەو زانستەی لەو

کۆمەڵگەیانەی کە بەرەو پیربوون دەڕۆن دەکۆڵێتەوە، لایەنی کەم، هیچ نەبێت دەتوانێت بەشداربێت لەوەی بمانکاتە باڵادەست بەسەر سروشتی کۆمەڵایەتیدا و بمانکاتە خاوەنداری ئەو سروشتە، ئەمە بە کارکردن بۆ پێشکەوتنی زانین و هۆشیاربوونمان بە میکانیزمە هەڵسوڕێنەرەکانی هەموو شێوەکانی فیتشیزم: ئاساییە لێرەدا ئاماژە بەوە بدەم کە (ریمۆن ئارۆن) ئەم جۆرە فێرکردنە، ناو دەنێت «ئاییینی کۆن»، مەبەستیشم پەرستنی دەوڵەتە، کە پەرستنی دەوڵەتە بەخۆی و جەژنە نیشتمانی و ئاهەنگە مەدەنی و ئەفسانە نەتەوەییەکانییەوە کە بە بەردەوامی بێڕێزی پێکردن و گاڵتەپێکردن، یان توندوتیژی دە ئافرێنێ و پاساویان دەدات، ئەمەش تەنیا تایبەت نییە بە دەوڵەتە تۆتالیتارییەکان، بەڵکو مەبەستم پەرستنی هونەر و زانستیشە، کە دەتوانن وەک بتانێکی رێنمونیکەر، بەشداربن لە سەربارخستنی رەوایەتی بۆ سیستەمێکی کۆمەڵایەتی، کە لە بەشێکیدا لەسەر دابەشکردنی ناهاوتای سەرمایەی کولتووری بەندە. بەهەرحاڵ لایەنی

کەم دەتوانین لە سۆسیۆلۆژیا رابببینین، کە فریوو و فێڵی سیحر و شەیتانی نەزانی و نەزان لەخۆیدا، کەوا لە کایەی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەون، دووربخاتەوە، پێشتریش ئەمە لە کایەی پەیوەندی سروشتی دوور خراوەتەوە. واقیع رەحم بە ئیرادەی کوێری گەشبینانە، یان ئیرادەی یۆتۆپیزم ناکات، ئەوەتا دۆخی تراژیدی، کە سەرجەم ئەو هەوڵە سیاسییانەی پشتیان بەستبوو بە کۆمەڵناسییەکی فشۆڵ دەدرانە پاڵی، شاهیدی خولیایەکی ئەفسوناوییە، کە دەیەوێت کایەی کۆمەڵایەتی بە بێ زانینی لایەن و قوژبنەکانی بگۆڕێت، ئەمەیش شیاوی دووچاربوونە بەوەی لە هەندێک کاتدا «توندوتیژی لەکارکەتوو»ی لەنێوبراوی میکانیزمەکان، بگۆڕێت بە توندوتیژییەکی بەهێزتر و شەرەنگێزتر.

سۆسیۆلۆژیا زانستێکە بە دژوارییەکی تایبەت جیادەبێتەوە، کە لەنێوان خۆی و بوون بە زانستێک وەک زانستەکانی تردا، لە هاتوچۆدایە، هۆی ئەمە ئەوەیە کە رەتکردنەوەی مەعریفە لەلایەک و وەهمی مەعریفەی خۆڕسک لەلایەکی

ترەوە، لە بری ئەوەی لە دژایەتی یەکتریدا بن، بە پاڵ یەکترەوە لە نێویدا بوونیان هەیە، جا چ لای لێکۆڵەرە تیۆرسیێنەکان، یان لای پراکتیستەکان. تەنیا هەڵوێستی رەخنەیی توند دەتوانێت ئەو یەقینخوازییانە لەنێوبەرێت کە لەبارەی پرسە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لە رێگەی پێشزەمینەکانی نێو زمان و چوارچێوە ئامادە پەنهانەکان لە گوتاری رۆژانەی ئاڵوگۆڕکراودا، دزە دەکەنە نێو گوتاری زانستییەوە، بە گوزارشتێکی کورت، واتە لە رێگەی تەمی ئەو وشانەوە کە بە بەردەوامی لێکۆڵەر لە کایەی کۆمەڵایەتی جیادەکاتەوە. زمان بە گشتی گوزارشتە لە گۆڕاو. بۆ نموونە کاتێک لەبارەی کەسێکەوە دەڵێین زاڵە یان دەسەڵاتی هەیە، کاتێک دەپرسین کێ دەسەڵاتی بە دەستە؟ ئەوا ئەمە بە مانای بیرکردنەوە نییە لە دەسەڵات وەک جەوهەرێک، بەڵکو وەک شتێکە هەندێک هەیانە و مۆنۆپۆلی دەکەن و دەیگرنەدەست، هەروەک ئاماژەیشە بۆ ئەوەی کە ئێمە داوا لە زانست دەکەین بۆمان دیاریبکات «کێ فەرمانڕەوایەتی دەکات» (ئەمەش ناونیشانی کتێبێکی ناسراوە

لە سیاسەتدا)، کێ لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە. ئێمە کاتێک گریمانەی ئەوە دەکەین دەسەڵات لە رووی جەوهەرەوە، لە لایەک لە لایەکانەوە بوونی هەیە، ئەوا دەپرسین ئایا لە سەرەوە دێتە خوارێ وەک زۆرینەی بۆچوونەکان وەهایە، یاخود دژە هەڵوێستی ئەمە، کە بۆچوونە باوەکە وەلا دەنێت، پێی وایە لە خوارەوە، لای چەوسێنراوەکانەوە، هەڵدەقوڵێ. وێڕای ئەمەیش وەهمی بەشتبوون و بەکەسبوون پێکەوە دوورلەوەن بکەونە ناکۆکییەوە، بەڵکو هەردووکیان هاوشانی یەکتری رادەوەستن، لێرەوە بۆنموونە خۆمان لەقەرەی کێشە بە وەهمیکراوەکان نادەین، کە بەرەنجامی رووبەرووبوونەوەی تاک- کەس و ژیانی ناوەکی و تاکایەتی، لەگەڵ کۆمەڵگە- شت و ژیانی دەرەکیدان: دیالێکتیکی ئاکاری- سیاسی لەنێوان ئەو کەسانەی بانگەشەی بەهای رەهای تاک و تاکبوون و تاکگەرایی دەکەن و ئەوانەی کە پێشنۆرەیی بە کۆمەڵگە و کۆمەڵیبوون و کۆمەڵخوازی دەدەن، باکگراوندی ئەو مشتومڕە تیۆرییە پێکدێنێت کە هێشتایش لەنێوان

نۆمینالیزم، که رووداوه کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگەکان و دامـەزراوەکـان دەگەڕێنێتەوه بۆ تیۆر نەک بۆ واقیعی بابەتی، واقیعگەرایی جەوهەری که ئەبستراکتەکان به شت دەکات، دەگوزەرێت.

داچەسپاوبی ناکۆکییەکانی هزری ئاسایی، ئەو ناکۆکییانەی هێزی ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دەسته و تاقمانەی لەمیانەی ئەم هزرانەوه گوزارشت له خۆیان دەکەن، پشتیوانی تەواوی لێ دەکـەن، تاکه شتێکه دەتوانێت راڤـەی ئەو دژوارییه گەورەیه بکات، که کاری پێویست بۆ لەنێوبردنی ئەم ناکۆکییانەی دەیەوێت زانست له نێوبەرێت، رووبەرووی دەبێتەوه. ئەم کاره دەبێت بێ بەزەییانه دژی داکشانەوه بەرەو تەرزێک بیرکردنەوه دەست پێبکاتەوه که لەو پەسەندی و هاندانەی له کۆمەڵگەوه وەریدەگرێت ناسراوتر و بڵاوتره. ئاسانه وەک کەس، یان شت مامەڵه لەگەڵ رووداوه کۆمەڵایەتییەکان بکەین، لەبری ئەوەی وەک پەیوەندییەکان لەبەرچاویان بگرین. بەم جۆره ئەو دوو دابڕانه یەکلاکەرەوەی کـه لـەگـەڵ فـەلـسـەفـەی خـۆکـردی مـێـژوو و

لەگەڵ دیدگای بەربڵاوی کایەی کۆمەڵایەتیدا، هەریەکە لە (فرناند بردویل) بەشیکارییەکەی بۆ دیاردە مێژووییە دوور مەوداکان، و(کلود لیڤی شتراوس) بە پراکتیزەکردنی هزری بونیادگەری بەسەر بابەتگەلێکی دوورەپەرێزدا، وەکو سیستەمی خزمایەتی و سیستەمی رەمزی، دروستیان کردووە، بوونەتە هۆی گفتوگۆی نەزۆک لەبارەی پەیوەندییەکانی تاک بە بونیادەوە، لەوەش گرنگتر هەژموونی هەڵبژاردنە (الإختیارات) دووانەکییە دێرینەکان بوو بە هۆی دوورخستنەوەی هەموو ئەو شتانەی کەمێژوو، لەبری هەوڵدان بۆ تێپەڕاندنی دژیەکی نێوان مێژووی رووداوەکی و مێژووی ژێرخانەکان و نێوان ماکرۆ-سۆسیۆلۆژیا و میکرۆ-سۆسیۆلۆژیا، بە رێگە تەقلیدییەکانی خۆی و دوور لە کایەی زانستی لێی دەکۆڵینەوە و فرێی دەداتە نێو رێکەوت و رێتێچوونەوە. ئەگەر بمانەوێت لێنەگەڕێین واقیعی مومارەسەکان تووشی رێکەوت و ئاڵۆزی بێن، دەبێت بەهۆی مێژووی بونیادگەرییەوە لێکۆڵینەوە لە فەزا کۆمەڵایەتییەکان بکەین کە

چاودێری ئەو هەڵوێستانە دەکات «گەورە پیاوان» دروستدەکات، واتە «گەورە پیاوان»ی کایەی دەسەڵات و کایەی هونەری و ڕۆشنبیری و کایەی زانستی، دەبێت بە دوای ئامرازی پڕکردنەوەی ئەو خەرەندەدا بگەڕێین کە بزووتنەوە هێواشە هەستپێنەکراوەکانی بونیادی ئابووری و دیمۆگرافی لە بزاووتە رووکارییەکان، کە چاودێریکردنی ڕۆژانەی رووداوە سیاسی و ئەدەبی و هونەرییەکان تۆماری دەکات، جیادەکاتەوە.

بنەوانی کاریگەری مێژوویی چ هونەری بێت، یان زانستی یان سیاسی، یان کاریگەریی کرێکار یان فەرمانبەرێکی سادە، سوبێکتێک نییە لە دەرەوە رووبەرووی کۆمەڵگە ببێتەوە. ئەوە نە لە هۆشیاریدایە و نە لە شتەکاندا، بەڵکو لەو پەیوەندییەدا دروستدەبێت کە دوو حاڵەت لە حاڵەتەکانی کۆمەڵگە، واتە ئەو مێژووەی بەشێوەی ئەو سیستەمە تۆکمەی ئامادەگییەکان کە لە شتەکاندا جێگیرە لەگەڵ ئەو هەڵوێستانەی کە ناوی دەنێم (هابیتۆس)، پێکەوە گرێدەداتەوە. جەستە لەنێو کایەی کۆمەڵایەتیدا بوونی

هەیە، بەڵام کایەی کۆمەڵایەتیش دەچێتە نێو جەستەوە، گلخواردنەوەی کۆمەڵگە لە جەستەدا کە فێرکردن و راهێنان و رامکردنی پێدەدات، بنچینەی ئامادەگییە لە کایەی کۆمەڵایەتیدا، ئەو ئامادەگییەی کە ئەزموونی سانا و کاریگەرێتی سەرکەوتوو وەک شتێکی ئاسایی بێ چەند و چوون لێی دەڕوانێت.

شیکارییەکی راستەقینە کتومت بۆ ئەم حاڵەتە، بەڵام خستنەڕوویەکی زۆر درێژی دەوێت، تاکە دەستەبەرە بۆ روونکردنەوەی دابڕانێکی یەکلاکەرەوە لەگەڵ دیدگای ئاسایی بۆ کایەی کۆمەڵایەتی، ئەو دابڕانەی، کە بە فەرامۆشکردنی پەیوەندی خۆکردی نێوان تاک و کۆمەڵگە و قەرەبووکردنەوەی بە پەیوەندییەکی رایەڵ لەنێوان ئەم دوو تەرزەی بوونی کۆمەڵایەتی واتە هابیتۆس habitus و کایە، و نێوان مێژوو- جەستە و مێژوو- شت دا، سەردەگرێت، بۆئەوەی وتەکانمان ببنە جێ ڕەزامەندی تەواو، بۆ ئەوەی بەگوێرەی هاوپەیوەستی لۆژیکی زنجیرەکانی ئەو پەیوەندییانە بچنین کە مۆنی Monet ، دوگا Degas ، پیسارۆ

Pissarro یاخود لینین، ترۆتسکی، ستالین و بوخارین، سارتەر و میرلۆپۆنتی و کامۆ، پێکەوە دەبەستنەوە، رەنگە واپێویست بکات، کە زانیاری تەواومان لەبارەی ئەم دوو زنجیرە هۆکارەوە هەبێت کە بەشەکییانە لە یەکتری سەربەخۆن، ئەوانیش: لەلایەکەوە هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە کەسانە، یان بە گوزارشتێکی وردتر ئامادەگییە هەمیشەییەکانیان و لەلایەکی دیکەشەوە ئەو لۆژیکە جۆرییەی کە لە سەرجەم ئەو کایانەی کێبەرکێدا، کە ئەم ئامادەگییانەی تێدا تەوزیف دەبن باڵادەستە، واتە لە کایەی هونەری و کایەی سیاسی و کایەی کولتووری، بە بێ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاسایی فشارە رەوشەکی و بونیادییەکان لەبیربکەین، کە کاریگەری بەسەر ئەم فەزایانەی خاوەن سەربەخۆییەکی رێژەیین، جێ دێڵن.

ئەگەر دەرکمان بە هەر ئەدگارێک لەم ئەدگارە بەشەکییانە برد و وەک کایەیەک لێی راماین، ئەوا ئێمە بەشێوەی وردبینترین و تیژبینترین مێژوونووس توانای چوونە نێو وردترین

وردەکارییەکانی ناوازەییە مێژووییەکانی ئەو کایانە بە خۆمان دەدەین، کە لە هەمانکاتدا کاردەکەین بۆ رۆنان و دروستکردنیان بەجۆرێک کە، بە گوێرەی گوزارشتی باشلار، «حاڵەتێکی تایبەتی شیاوبوون»، یان شێوەیەک لە شێوەکانی تری بونیادی پەیوەندییەکانیان تێدا دەبینینەوە. لێرەدا دەبێت ئاگامان لە پەیوەندییە دیاریکراوەکان بێت، کە بە زۆری شاراوەن و لە یەکەم تێڕوانیندا دەرناکەون، کەچی ئەو واقیعانەی راستەوخۆ دەرک دەکرێن بەو تاکەکەسانەوە کە بەناوی خۆیانەوە ناوزەد دەکرێن، یاخود ئەو کەسە مەعنەوییانەی کە هەم ناودەبرێن و هەم بوونیشیان هەیە گرێدەداتەوە، ئەمەش لەڕێگەی ئەو ئاماژەیەوە، کە لە رووی یاساییەوە، بە کەسانێکی دانپێدانراو حسێبیاندەکات. بەم جۆرە دەتوانین لە گفتوگۆیەک تێبگەین، کە لەنێوان رەخنەگرێکی شارەزا و مامۆستایەکی پسپۆری ئەدەبدا، وەک شێوەیەکی تایبەتی کە دژیەکییەکی نێوانکارەیی لەنێوان auctor و lector، یاخود دژیەکی نێوان پێغەمبەر و قەشە و دەرکەوتەکانی

تریاندا بەرهەمدێنێت، کتومت لە کات و شوێندا دەگوزەرێت. خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان، ئەگەر وەها ئاڕاستەبکرێن کە ڕێ بە دروستکردنی پێدراوێک بۆ بەراوردکردن و گشتاندنی دەدا، دەکرێت لای خۆیانەوە ببنە کارێکی زانستی: (پوانکارێ) بیرکاری وا پێناسە دەکات، کە «هونەری برِینی هەمان ناوە بەسەر شتە جیاوازەکاندا»، بە هەمان شێوەیش سۆسیۆلۆژیا، داوای بەخشین لە بیرکاریزانەکان دەکەم، کە ڕێ بە خۆم دەدەم ئەم بەراوردە بکەم، بریتییە لە هونەری بیرکردنەوە لە شتانێک کە لەنێوان خۆیاندا جیاواز و ناکۆک دەردەکەون، لەکاتێکدا هاوشێوەن لە بونیاد و چۆنییەتی کارکردنیاندا، پاشان گواستنەوەی سەلمێنراوەکانی بابەتێک کە لە خۆکردییەکەیدا وەرنەگیراوە بۆ کایەکانی تر، بۆ نموونە کایەی ئایینی و گشتاندنی بەسەر کۆمەڵێک کایەی نوێی وەک کایەی هونەر و کایەی سیاسەت و ئەم بابەتانە. ئەم جۆرە لە خوێندنەوەی تیۆریی، کە ڕێ بە گشتاندن دەدات و بەندە لەسەر گریمانەکردنی جێگیریی وێنەیی لە فرەچەشنەیی ماتریالیدا، پەیوندی نییە بەو

خوێندنەوە، یان سۆسەییەوە، کە لەو ئەزموونە تاقیکارییەی لە هەندێ کاتدا تێکەڵ بەوی دەکەین، دەکەونەوە. سۆسیۆلۆژیا وەک هەموو زانستەکانی دیکە، گەر گوزارشتێک لە لایبینتز قەرزبکەین، «هەرچی چەندی بەرفراوانی و قەڵەمڕەوییەکەی زۆر بێت، چڕبوونەوەشی زیاتر دەبێت»، بەهۆی پشت بەستن بە میتۆدی بەراووردکاری کە لێرەدا کاریگەرترە، دەتوانێت بەهۆی ژمارەیەک چەمک و گریمانەی تیۆرییەوە، پەی بە ژمارەیەک بابەتی زیاتر بەرێت و کەم و کورتییەکانیش دەربخات.

پشتبەستن بە ئایدیای کایە بۆ بینینی کایەی کۆمەڵایەتی، پێویستی بە هەڵگێڕانەوەی تەواوی دیدگای ئاسایی هەیە، کە تەنیا بە کاروبارە بینراوەکانەوە دەگیرسێتەوە: وەک ئەو تاکەی کە جۆرێک لە بەرژەوەندی بنەڕەتیی ئایدیۆلۆژی پێیەوە دەمانبەستێتەوە، یان ئەو کۆمەڵەی لە رێگەی ئەو پەیوەندییانەوە، کە بەکردەیی تاکەکان پێکەوە گرێ دەدەنەوە تەنیا رواڵەتییانە دیاریدەکرێت، لە راستیشدا ئەمە وەک تیۆری کێشکردنی نیوتن وایە، کەوا تەنیا بە خۆ

جیاکردنەوە و دابڕان لە ریالیزمی دیکارتی، کە ڕازی نەدەبوو دان بە هیچ جۆرێکی تری کرداری فیزیاییدا بنێت، پێکهات و دروستبوو. جگە لە بەریەککەوتن و پەیوەندی ڕاستەوخۆ، چەمکی کایە پێویستی بە دابڕان و پچڕان لە نواندنەوەی واقیعییە، کە بانگەشە دەکات بۆ گەڕاندنەوەی کاریگەری ناوەندە کردار بۆ کاریگەری کاری ڕاستەوخۆ، ئەمەیش لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕکردنی کردارەوە مەیسەردەبێت، ئەمە لەکاتێکدا بونیادی پەیوەندییەکان، کە فەزای کایە پێکدێنن، بڕیار لەو وێنەیە دەدەن کە دەکرێت پەیوەندییە ڕواڵەتییەکانی کارلێککردن بەخۆیانییەوە بگرن و بگرە بڕیار لە ناوەڕۆکی ئەو ئەزموونەیش دەدات، کە لەبارەی ئەو پەیوەندییانەوە لای ئەندامەکان دروستدەبێت. ڕەچاوکردنی فەزای پەیوەندییەکان کەوا ئەندامەکان تێیدا لە جوڵەدان پێویستی بە جیابوونەوەی تەواوەتی لە فەلسەفەی مێژوو، کە بەکارهێنانی سانای زمانی ئاسایی لەخۆیی دەگرێت، یاخود لە نەریتەکانی بیرکردنەوەی هاوشانی مشتومڕە سیاسییەکان هەیە، لێرەدا پێویستە بەرپرسی کارەکان، بە

چاک و خراپیانەوە بدۆزرێنەوە. لێرەدا نموونەی هەڵە و فریودان و وەهمەکان ناهێنینەوە وا لە بوونی ئەو دەربڕینانەوە دروستدەبن، کە بەسەر دامەزراوە و کۆمەڵەکاندا بڕاون، وەک دەوڵەت، بۆرژوازی، خاوەن کاران، کەنیسە، خێزان و قوتابخانە کە دەکرێت ببنە بابەتێک بۆ کۆمەڵێک پرسی وەک «دەوڵەت بڕیار دەدات» و «قوتابخانە فەرمان دەردەکات»، پاشان بکەرێکی مێژوویی یان سوبێکتێکی مێژوویی، کە دەتوانێت نەخشی ئامانجە تایبەتەکانی بکێشێ و مەرامەکانی دیاریبکات و وەدییانبهێنێت. بەم جۆرە کاتێک ئەو کارانەی کە ئامانجەکانیان نەخش نەکرابن و مەرامەکانیان هەرچییەک بن رەنگڕێژ نەکرابن، کەچی بێ ئەوەی ببنە کارگەلێکی کوێرانەی هەڕەمەکی، رێکدەخرێن نیازێک بەڕێوەیان دەبات، ئیدی نیازی ئافرێنەرێک نییە، کە لەشێوەی کەسێکدا وێناکرابێت، بەڵکو نیازێکی دەستەجەمعی، یان دامەزراوەییە و وەک هۆکارێکی مەبەستگەرایانە کاردەکات، کە دەتوانێت بە کەمترین ماندووبوون پاساوی هەموو شتێک بدات، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک

راڤەبکات. بە هەرحاڵ دەتوانین، بە پشت بەستن بەو شیکارییە بەناوبانگەی کە نۆبێرت ئیلیاس Norbert Elias ئەنجامیداوە، بڵێین ئەم تێڕوانینە لاهوتییە- سیاسییە، تەنانەت بۆ ئەو حاڵەتەیش ڕاست نییە، کە یەکەمجار وا دەردەکەوێت بۆی شیاوە، مەبەستیشم حاڵەتی دەوڵەتی حوکمی پادشایی ڕەهایە، کە ڕواڵەتەکانی «دام و دەزگا» تا ئەوپەڕی لەلای خودی پادشا بەرجەستە دەبێت «دەوڵەت منم»: کۆمەڵگەی دەربار وەک کایەیەکی موگناتیسی ئەوتۆ کاردەکات، کە ئەوەی خودی دەسەڵاتی بەدەستە بەرەو خۆی ڕادەکێشێت، ئەمە لەکاتێکدا کە ئەو بارودۆخەی پێی دەناسرێتەوە ڕێگە بە دابینکردنی زۆرترین بڕی ئەو وزەیە دەدات کە هاوسەنگی هێزەکان دەیهێننە ئاراوە. پرەنسیپی ئەو بزوانە بەردەوامەی کە بزوان بە کایەکە دەدات، لە هیچ بزوێنەرێکی یەکەمی نەبزواودا نانوێنرێتەوە (لێرەدا ئەویش پادشا- خۆرە)، بەڵکو لەو نیگەرانییانەدایە کە لە بوونیادەکەدا دروستدەبن و کایەکە (واتە جیاوازی پلە و پایەی ئەمیرەکان و دەوڵەت و مارکیزەکان) پێکدێنن، ئینجا ئەمیش هەوڵدەدات

بۆ دووبـارە بەرهەمهێنانەوەی ئـەم بونیادە، ئەویش لە کۆمەڵێک کـردار و پەرچەکرداری ئەو ئەندامانەدایە، کە هچییان نییە جگە لەوەی ململانێ بکەن بۆ پاراستنی رەوشەکەیان لەنێو کـایـەکـەدا و باشترکردنی ئـەو رەوشـــە. ئەمە ئەگەر هەندێکیان هەندێکی تریان لەنێو نەبەن و لە کایەکە دەریـان پەڕێنن، بەمەش ئەوانە بەشداری دەکەن لە سەپاندنی فشارەکان بەسەر ئەندامەکانی تردا، ئەو فشارانەی کە لە ململانێی نێوانیانەوە دەکەوێتەوە و زۆرجاریش بەرگە ناگیردرێن، جا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێگەیەیش پادشا لەنێو ئـەو کایە موگناتیسییەی کە ئەو خۆرەکەی پێکدێنێ هەیەتی، پێویستی بەوە نییە ویستی هەبێت، پێویستی بـەوەش نییە بیر لە سیستەمەکە وەک ئەوەی کە هەیە بکاتەوە، تا کەڵکی جیهانێکی دەستبکەوێت هەمیشە چاکەکەی بۆ ئەو بگەڕێتەوە. بە زۆری بەپێچەوانەی وەهمی لاهوتی، کە بڕوای بە بزوێنەری یەکەم هەیە و تووشی وەهمکردنمان دەکات، ئەوانە گوزارشتن لە هێزگەلی هاوشێوەی کایەکە زیاتر لەوەی ئەو هێزانە دابهێنن و بەڕێوەی بەرن.

دەتـوانـم تـاوتـوێـی نـموونـەیـەکـی سـێرکی قوستەنتینییە بکەم، وەک ئەوەی گیلبەرت داگرۆن Gilbert Dagron لە شیکارییە ناسراوەکەیدا، خستوویەتییەڕوو. ڕێکەوت نییە ئەم نموونە وێناکارییەی کایەی سیاسی بەشێوەی فەزای گـەمـەیـەک بـنـوێـنـرێـت، کـە کـۆمـەڵایـەتـییـانـە دادەمەزرێنرێت و کۆمەڵی کۆمەڵگەکە دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵەیەکی میللی، کە بتوانێت لە ڕێگەی ئاهەنگ گێڕانی ریتواڵییەوە دژایەتی ڕەوایەتی ئیمپراتۆر بکات، یاخود پشتگیری لێ بکات؛ بەهۆی ئەم فەزا دامەزراوەییشەوە، هەر تاکێکی کۆمەڵەکە هـەر لـە ئیمپراتۆرەوە کـە جڵەوی فەرمانڕەوایەتی وەردەگرێت، تا ئەنجومەنی پیران و فەرمانبەرە پلە بەرزەکان و گەل بە سەرجەم گروپەکانییەوە، شوێنگەی خۆی داگیردەکات و خەسڵەتەکانی ئەو کەسانەی ئەم شوێنگانە داگـیـر دەکـەن دروسـتـدەبێـت، جگە لەمەیش پەیوەندییە کێبەرکێکارییەکان و ململانێی نێوانیان بەرهەمدێنێ: لەنێو ئـەم کایە داخـراوەدا دوو ئۆردوو ڕووبـەڕووی یەک دەبنەوە: ئۆردووی سەوز لەگەڵ ئۆردووی شین، ئەوەش بە گوێرەی

لۆژیکێک کە کێبەرکێی بیرکاری و کێبەرکێی سیاسی بە یەک تێهەڵکێش دەکات. سەربەخۆیی خودی ئەم شێوە کۆمەڵایەتییە لەوەدا دەرکەوتە دەبێت، کە «لە سەرجەم شێوەکانی ململانێدا گوزارشت لەخۆی دەکات»، ئەمەیش بە سادەکردنەوەی هەر هەوڵێک کە بکۆشێت بۆ هێنانە ئارای بنچینەیەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی دیاریکراوی تۆکمە بۆ ئەو ململانێیانە.

وەک چۆن لە نموونەکاندا ئەم گەمە کۆمەڵایەتییە نموونەییە ڕووندەبێتەوە، هەرگیز سۆسیۆلۆژیا بەشێک لە بەشەکانی میکانیکزانی نییە، ئەگەرچی کایە کۆمەڵایەتییەکانیش بوارەکانی هێزەکانن، بەڵام کایەکانی ململانێیشن لەپێناو گۆڕین یان هێشتنەوەی ئەو بوارانەی هێزدا، جا پەیوەندیی کردارەکی و هزری کە وابەستەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییە بەشێکی دانەبڕاوە لە هەر بزووتنەوەیەک و بگرە دەکرێت ببێتە هۆکارێک بۆ گۆڕینیشی. زۆرینەی کایە کۆمەڵایەتییە فرەڕەنگەکانی وەک بواری حەرەمسەرای پادشایی، یان حیزبە سیاسییەکان، یان بواری دام و دەزگا ئابوورییەکان یان بواری زانکۆیی، تەنیا ئەو کاتە

کاردەکەن کە ئەندامگەلێکیان هەبێت تێیاندا خۆیان بەرهەم بهێنن و کارەکانیان بۆ ڕابپەڕێنن و بە سامانەکانیان بەشدارییان تێدا بکەن و چاودێری تەوەرەکانیان و جوڵەکانیان بکەن، لێرەشەوە لە ڕێگەی ململانێ و کێبەرکێکانیانەوە کاردەکەن بۆ پاراستنی بونیادەکانیان و هەندێ کاتیش گۆڕینی ئەو بونیادانە.

لەبەرئەوەی ئارەزوومان نییە بچینە نێو قوڵایی یەکێک لەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەوە، کە کایە جیاوازەکان بۆمانیان رەخساندووە، هەرگیز لە هەوڵی ئەوەدا نین بپرسین بۆچی کار و پراکتیک لەبری هیچ بوونی هەیە، ئەمەش تەنیا ئەو کاتە وەک بەڵگە نەویستێک دەردەکەوێت کە گریمانەی ئەوە بکەین ئارەزوویەکی سروشتی بۆ پراکتیک و کار هەیە. هەمووان، لە ڕێگەی ئەزموونی ئاساییەوە ئەوە دەزانین کە ئەوەی بزوێنەر و پاڵنەری فەرمانبەرە پلەبەرزەکانە بچووکترین هەست لای لێکۆڵەر نابزوێنێت، لەچاوی پیاوێکی بانکیدا ئەوەی هونەرمەند سەرفی دەکات دەچێتە نێو خانەی کاروبارە نەشیاو و ناماقووڵەکانەوە، ئەمەش واتە کایەکە تەنیا ئەو کاتە دەتوانێت

کاربکات، کە کەسانێکی تێدا بێت لە رووی کۆمەڵایەتییەوە ئامادەکرابن، وەک ئەندامانێکی بەرپرس تێیدا کاربکەن، ریسک بە سامان و کات و هەندێکجاریش بە شەرەف و ژیانی خۆیانەوە بکەن، بۆ چاودێریکردنی سەرجەم گۆڕانەکانی و چنینەوەی بەرهەمەکانی، کە رەنگە لە دیدگایەکی دیکەوە سووک و بێ نرخ دەربکەون. خۆ رێی تێدەچێت، ئەمە وا بێت مادام ئەو بەرهەمانە پشت دەبەستن بە پەیوەندیی پێکەوەگونجانی وجودیی لەنێوان هابیتۆس habitus و کایەکەدا کە گەمەی کۆمەڵایەتی هۆکاری تێدا بەشداریکردن نییە.

لەنێو پەیوەندی نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و واتاکانیدا بەها لەدایکدەبێت، ئەو بەهایانەی کە لە دەرەوەی ئەو پەیوەندییەوە بوونیان نییە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لە ناوەوەڕا بەپێویست و بەڕۆشنی رەهاوە خۆیان دەسەپێنن. ئەم شێوە بنەڕەتییەی فیتشیزم لە هەموو کار و پراکتیکێکدا هەیە. بزوێنەر، یان هەندێک کات پێدەوترێت مۆتیڤ (پاڵنەر)ی کار، ناکرێت لە ئامانجی مادی، یان مەبەستی

ڕەمزیی کاردا بێت، وەک ئەوەی مەبەستگەرایی سادەبینانە بۆی دەچێت، ناشکرێت لەو فشار و زۆرلێکردنانەدا بێت، کە کایەکە دەیسەپێنێت، وەک ئەوەی تیۆروانینی میکانیکی بۆمانی دەردەخات. ئەو بزوێنەر یان پاڵنەرە لەو پەیوەندییەدایە کە هابیتۆس habitus بە کایەوە گرێدەداتەوە و وا لە هابیتۆسیش دەکات، بەشداربێت لە دیاریکردنی دیاریکراوەکەیدا. موقەدەس بوونی نییە تەنیا لەلای ئەو کەسە نەبێت کە هەستی پێدەکات و لەگەڵ ئەوەیشدا تەنیا لە تەعالیکردنە ڕەهاکەیدا ئەمە ڕێی تێدەچێت. ئەمەش بۆ سەرجەم جۆرەکانی بەها دروستە، Illusio بە واتای بەشداریکردن لە زماندا و چوونە نێوییەوە، تەنیا ئەو کاتە دەبێتە Illusion بە واتای فریودان و وەهم، جا چ بە واتا باسکالییەکەی بێت بۆ سەرگەرمکردن، یاخود بە واتا سارتەرییەکەی بێت بۆ ئیمانی درۆینە، کە لە دەرەوە و لەچاوی تەماشاکەرێکی بێ لایەنەنانەی ئەوتۆوە تەماشای گەمەکە بکەین کە بە هیچ شتێک بەشداری ناکات و گرەویش لەسەر هیچ ناکات. هەڵویستی ئەم بێگانەیە، کە نازانێ بێگانەیە دەبێتە پاڵنەری بێ ئاگابوونیشی

لـەوەی کـە بـەشداریکـردنـەکـان و گـرەوەکـان وەهمانێکن، بەندن لەسەر بنچینەگەلێکی تۆکمە. لە راستیشدا کایەی کۆمەڵایەتی، لە رێگەی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەی مانیڤێستیان دەکات، کاروبارانێکی تری جیا لە کارە سەرەکییەکانی و مەبەستانێکی تـری جگە لـەوانـەی هـەوڵیان بـۆ دەدات، بـۆ ئـەنـدامـە بـەشـداربـووەکـانـی دابیندەکات. لێرەدا پرۆسەی راوکردن بەها کەم ناکاتەوە، بەڵکو بەرهەمە چنراوەکان و نێچیرە دەستکەوتووەکان زیاتر دەکات. بەرهەمەکانی کاریش لەو مەرامە دیارانـەدا کورتنابنەوە کە دەکۆشن بۆ وەدیهێنانیان وەکو کرێ و نرخ و پاداشت و غەنیمەت و پۆست و فەرمانبەری، ئەو کاروبارانەی کە مەبەست لێیان وەدەستخستنی تایبەتمەندی و فەزیلەت و سەلماندنی سوبێکتە، وەک ئەندامێکی کارا و بەشداریکەر لە گەمەکە، ئەندامێکی سـەرقـاڵ بـەو گەمە و نیشتەجێی ئەو کایە کۆمەڵایەتییەی کە سۆسیۆلۆژیا تێیدا نیشتەجێیە، ئینجا بەرەو مەبەست و ئامانجگەلی ئـەوتـۆ تـەکـان دەدا، کـە ئـەرکـی کـۆمـەڵایـەتیی ئۆبێکتییانە و سوبێکتییانە، پشتیان پێ دەبەستن.

وەزیفە کۆمەڵایەتییەکان وەهمی کۆمەڵایەتین و ریتواڵی دامەزراوەکانیش وامان لێ دەکەن وەک پادشا، یان سوارچاک، یان قەدیس، یان مامۆستایەک دان بەو کەسەدا بنرێت کە دەچێتە نێوییەوە و وێنە کۆمەڵایەتییەکەیشی دەکێشێت، نوێنەرایەتیشی پێ دەبەخشێت و وەک کەسێکی مەعنەوی سەرپشکی دەکات، واتە وەک راسپێدراوێک کە لە لای کۆمەڵ قسەکەری بێت، بەڵام بە واتایەکی تریش ئەم کارە دەکات، ئەویش ئەوەیە ناوێک یان پۆستێکی بەسەردا دەسەپێنێت کە سنوورەکانی دەکێشێت و دەستنیشانی دەکات، یان بۆی پێکدێنێت و ناچاری دەکات ببێ بەوەی کە دەبێت، واتە ئەوەی کە دەبێت ببێت و ناچاری دەکات ئەرکەکەی جێبەجێ بکات و بیخاتە نێو گەمە و وەهمەکەوە، لەمەیشەوە کەسەکە گەمە و ئەرک وازی دەکات. کاتێک کۆنفۆشیۆس باسی بنەمای «پاساودانی ناوەکان» دەکات، داوا لە هەموو کەسێک دەکات کە لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی لانەدات و بە گوێرەی سروشتە کۆمەڵایەتییەکە بژی «پادشا وەک پادشا، شوان وەک شوان، باوک

وەک باوک، نەوە وەک نەوە کاربکەن»، لێرەدا ئەو کتومت گوزارشتی لە حەقیقەتی ریتواڵیکی چوونە نێو دامەزراوە و تایبەتمەندێتی کردووە، کاتێک فەرمانبەر لەو جەستە کۆمەڵایەتییەدا، کە ئەو ئەرکەی پێ سپاردووە جا چ زانکۆ بێت، یان قوتابخانە، گروپ بێت یان کۆمەڵە، بە دڵ و بە گیان خۆی، لەپێناو وەزیفە و ئەرکەکەیدا بەختدەکات، ئەوا بەشدارە لە مانەوە لەو ئەرکەدا کە پێش ئەو هەبووە و دوای ئەویش هەر دەمێنێت، پارێزگارییش لەو جەستە کۆمەڵایەتییە دەکات کە ئەو بەرجەستەی دەکات و ئەندامێک لە ئەندامەکانی پێکدێنێ، لێرەشەوە بەشداری لە جاویدانەگی و بەردەوامبوونیدا دەکات.

وێڕای ئەوەی سۆسیۆلۆژیا، بۆ ئەوەی ببێت، دەبێت کەڵکەڵە بایۆلۆژییەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە رەتبکاتەوە، ئەو کەڵکەڵانەی کە هەمیشە تەقەلای ئەوەیانە جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان، بکەنە شتێکی سروشتی و ڕیشەکەی بیگەڕێننەوە بۆ سەلمێنراوە ئەنترۆپۆلۆژییەکان، کەچی تەنیا ئەو کاتە دەتوانێت پەی بە جەوهەری بزاوتی کۆمەڵایەتی

بەرێت، کە ڕەچاوی هەندێک تایبەتمەندیی گشتی بۆ بوونی جەستەیی بکات، وەک حاڵەتی کەسی بایۆلۆژیی گۆشەگیر کە ڕێک لە شوێن و کاتی خۆیدا خۆی گیرداوە، یان بزانێت لە مەرگ نزیکە، هەموو ئەو خەسڵەتانەیش زانست دەیانسەلمێنێت و ئەنترۆپۆلۆژیایش قایل نییە بیانخاتە نێو گریمانەکانی خۆیەوە. مرۆڤ بوونەوەرێکی زیندووە و تووشی مەرگ دێت، ئەم کۆتاییە ناکرێت ببێتە مەبەست و مەرام، ئەو هەبوویەکە پاساو بۆ بوونی نییە و تەنیا کۆمەڵگەیە، کە بە پلەی جیا جیا بوونی پاسادان دەکات، تەنیا کۆمەڵگەیە ئەرکەکان و وەسفە پەیوەندیدارەکان بەم ئەرکانەوە دەئافرێنێت و لەمەیشەوە کار و ئەندامی وەهایش دروستدەکات، کە بە کەسانی گرنگ وەسف دەکرێن، لە تێڕوانینی ئەواندا بۆ خۆیان، یان لە تێڕوانینی ئەوانی دیکەوە، کەسانێکن لە بەهای خۆیان زۆر دڵنیان و لە گەمژەیی و بێ باکی دوورن. وێڕای ئەوەی مارکسیش دەیڵێت، فەلسەفەیەکی هەژار هەیە، وەک ئەوەی بێکێت وەسفی دەکات، زیاتر لە حەسرەتی پەککەوتنەوە نزیکە وەک لە

گەشبینخوازیی ئیرادییەوە، کە بەزۆری بە هزری پێشکەوتنخوازی دەخەملێنرێت. پاسکال دەڵێت سەختترین نەداری مرۆڤە بە بێ خواوەند و نەداری مرۆڤە بە بێ ئەرک و فەراهەمکردنێکی کۆمەڵایەتی. هەر بەم جۆرە لەگەڵ دورکهایمدا ناڵێین کە «کۆمەڵگە خواوەندە» بەڵام با بڵێین «هیچ شتێکی موقەدەس نییە، کە بەرهەمهێنراوی کۆمەڵگە نەبێت»، کۆمەڵگە توانای ئەوەی هەیە مۆرکی پیرۆز بۆ شتەکان زیادبکات و هەڵچوونەکانی و تواناکانی و کەم بایەخییەکانی لێ دابماڵێت. ئەمە بەشێوەی تەفازولی نەبێت سەرناگرێت- ئەوەش دژێکی بنەڕەتییە: هەموو موقەدەسێکی ئایینی کامڵبوونی خۆی لە دنیاییبووندا دەدۆزێتەوە، هەموو جیاوکێکیش (امتیاز) دژەکەی خۆی دروستدەکات. کێبەرکێ لەپێناو بوونی ناوبانگی کۆمەڵایەتی و دان پێدانراودا و ئەو بوونەی، کە لە ئاستی بێ بایەخی رزگارت دەکات، بریتییە لە ململانێیەکی سەخت لەپێناو ژیان مردنی رەمزیدا، لە خێڵەکاندا دەوترێت: «وتنەوە و باسکردنی قسەی کەسێک مانای ژیاندنەوەی ئەو کەسەیە»، حوکمی ئەوانی

دیکەش حوکمی ڕۆژی هەستانەوەیە(قیامەت)و نەفیکردنی کۆمەڵایەتیش ڕێک بریتییە لە شێوەی بەرچاوی دۆزەخ و سزاکانی.

کۆمەڵناسان، بەتایبەت ئەگەر خۆیان ئاڵاندبێ لە فەلسەفەیەکی ترانسندنتالی لەبارەی مێژووەوە، پێیانوایە کۆمەڵگە ئەرکیان پێدەسپێرێت، ئەرکەکەشیان ئەوەیە کە ماناکان ببەخشنەوە و هۆکار و پاساوەکان دروستبکەن و سیستەم بهێننە ئارا و مەرام و مەبەستەکان دەستنیشان بکەن، بۆیە ئەمانە لەوە دوورترن پەی بە بەدبەختی ئەو خەڵکانە بەرن کە بەختیان لە هیچ جیاوک و تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتی نییە، جا ئەوە چ بەدبەختی کزۆڵانەی تراژیدیای پیری بێت، کە دەبرێن لە نەخۆشخانەکان و پەناگەکاندا لە دەستی مەرگدا جێدەهێڵرێن، یان ملکەچبوونی بێ دەنگانەی پەککەوتووان بێت، یاخود توندوتیژیی بێ هودەیی ئەو هەرزەکارانە بێت، کە لە تاوانکاریدا بەدوای ئامرازێکدا دەگەڕێن بۆ پچڕینی شێوەیەکی دان پێدانراو لە شێوەکانی بوونی کۆمەڵایەتی. گومانی تێدا نییە کە ئەم سۆسیۆلۆژیستانە، وەکو سەرجەم خەڵکانی دی، کاتێک هەست بە

پێویستبوونێکی زۆر دەکەن بۆ وەهمی ئەرکێکی کۆمەڵایەتی، تا خۆیان دانبنێن بەو بنەمایەدا، کە بەرمەبنای ئیشدەکەن، ئەوا تووشی دژواری دێن لە دەرخستنی بنچینەی راستەقینەی ئەو دەسەڵاتە بەهێزەی سەرجەم پاداشتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک نازناو و مەدالیا مومارەسەی دەکەن، ئەمانەیش ئاماژەن بۆ داننان بە بەها و هەمووی ئەو بابەتانەی دیکەشدا کە لە رێگەیانەوە وەهمەکانی وەک ئەرکەکان و راسپاردەکان و بریکارییەکان و ناوبانگەکان مەیسەردەبن.

دیدگای هۆشیارانە بۆ حەقیقەتی هەموو ئەم ئەرکانە، سەرجەم ئەم رێزلێنانانە نابێتە مۆتیڤ بۆ جێهێشتن و فەرامۆشکردن و پشتگوێخستن. هەمیشە دەتوانین گەمەکە بە سایەی بڕیارێکی هۆشیارانەی تۆکمەوە بە بێ وەهمەکان رازی بکەین. ئەمەش ئەوەیە، کە خودی دامەزراوە ئاساییەکان دەیخوازن، لێرەدا وتەیەکی میرلۆپۆنتی باسدەکەین، کە لەبارەی سوکراتەوە دەیڵێیت: «پاساوەکانی ملکەچبوون بۆ یاساکان لە ئارادا بوون، بەڵام بابەتەکە وەک پێویست لەسەرووی ئەوەوە بوو، کە مرۆڤ پاساوەکان

و هۆکارەکانی گوێڕایەڵی و ملکەچبوونی بۆ ببینێتەوە (....) ئەوەی لەو چاوەڕواندەکرا کتومت ئەوە بوو، کە نەیدەتوانی بیکات، ئەویش ڕەزامەندی لەسەر شتێک بەبێ لەبەرچاوگرتنی لایەنەکان و ڕەهەندەکانی».

ئەگەر ئەو کەسانەی پەیوەستن بە هەر سیستەمی باوەوە دوژمن بۆ سۆسیۆلۆژیا دەخەنە کار، لەبەرئەوەیە کە سۆسۆلۆژیا جۆرێک لە ئازادی لە پەیوەستی بنەمایی وەدیدێنێت، ئەمەش بەجۆرێک دەردەکەوێت، کە پارێزگاریکردن خۆی جۆرێکە لە وازهێنان و گاڵتەجاڕی.

ئەوە ئەو پەندەیە کە دەکرێت لە وانەیەکی دەستبەکاربووندا لەبارەی سۆسیۆلۆژیاوەو تایبەت لەبارەی سۆسیۆلۆژیای وانەی دەستبەکاربوونەوە پوختەی بکەین. گووتارێک کە خۆی وەک بابەت دەنوێنێت، ئەوەندە سەرنج ناداتە ئەو کەسانەی کە بۆیان ڕەوانەکراوە، کە دەکرێت بە هەر کردارێکی دیکە ئاڵوگۆڕی بکرێت، بە قەد ئەوەی کە خودی پرۆسەی ڕەوانەکردن دەوروژێنێ، وا ئێمەیش خەریکی ئەنجامدانی ئەم کارەین، هەروەها ئەو پرۆسەیەش لەوە جیادەکاتەوە، کە ئەم کارە

وا ئەنجامبدەین، وەک دەڵێن لە ئەنجامدانەکەدا بتوێتەوە. ئەم گەڕانەوە ئاوەژووییە، لە هەمان هەڵویستدا وەکو ئەوەی هەنووکە لەم وانەیەدا هەیە، خاڵی نییە لە ناشیرینی و بێ شەرمی، کە هەموو رازاوەیی و دڵگیرییەک لە هەڵوێستەکە دادەماڵێت و یەکسەریش سەرنج بۆ ئەوە رادەکێشێت، تەنیا کاری سادە هەوڵ بۆ لەبیرچوونەوە و لەبیرکردنی دەدات، ئەوەیش کارکردە وتارسازیی و کاریگەرییە رەوانبێژانەکەی حسێبدەکات خۆی دەخاتەگەڕ، تا بۆمانی بسەلمێنێت و ئەو هەستەمان تێدا بگەڕێنێت، کە وتاربێژەکە ئامادەیە و تەواوی بوونی خۆی خستۆتەگەڕ و بڕواشی بەوەیە کە دەیڵێت، بە تەواویش رەزامەندە بەو ئەرکەی کە پێی سپێردراوە، لەلایەکی دیکەیشەوە لە کاتی خوێندنەوەدا ئەو وەهمەیش ئامادەیی هەبووە، کە خوێندنەوەیەکی هاکەزایی دەقێکە، کەوا پێشتر ئامادەکراوە، لێرەوە ئەم گەڕانەوە ئاوەژووییە مەودایەک دێنێتە گۆڕێ، کە بە تەفروتووناکردنی باوەڕ لای خودی وتاربێژ، یان جەماوەرەکەی دیاریدەکرێت، ئەو باوەڕەی مەرجی سروشتییە بۆ ئەوەی دامەزراوەکە کاری خۆی بکات.

گومانی تێدا نییە ئـازادبـوون لـە دامــەزراوە تاکە ئەرکێکی شایستەی دامەزراوەیەکی ئازادی وەک (کۆلێژی دو فرانس)ـە کە هەمیشە سوور بووە لەسەر داکۆکیکردن لە ئازادی بە تایبەت لە دامەزراوەکاندا، ئەم ئازابوونەیش نیشانەی تاکە دانپێدانانی شایستەیە بۆ ئەو کەسانەی کە پێداگرن لەسەر ئەوەی ئامێز بۆ زانستێک بکەنەوە و بیپارێزن کە هێشتا تەنگ و چەڵەمە لەپێشیدایە و هەمووانیش لێی رەزامـەنـدن، بەتایبەتیش (ئـەی. میکێل). ئەو ئامانجەی کە خاڵی نییە لە دژیەکی و خاڵی نییە لە قۆستنەوەی سەنتەر بۆ باڵادەستی و دەسەڵات بۆ دەرکردنی وتەی جێبەجێکاری (واتە فەرمان)، کـە چییەتی وتـە جێبەجێکارییەکە (فەرمانەکە) دیاریدەکات و بە وتنەوەی وانە لەبارەی ئازادی لە سەرجەم وانەکان، ئا ئەم ئامانجە ئەگەر بێتوو چاوبڕین لە پتەوکردنی زانست بە باوەڕ خۆی و لای خۆیەوە نەبێتە پتەوکردنی بڕوابوون بە زانست، لەگەڵ خۆیدا لۆژیکیی نییە بەڵکو هەڕەشەیە بۆ سەر خۆی و داوەرە بەسەر خۆیەوە.

بـێ گـومـان هـیـچ شتێک لــەو گـوزارشـتـە دژیەکانە دووفاقیتر و سووکتر نییە کە جەخت لەسـەر بنەمای ئـەو دەسـەڵاتـە دەکـاتـەوە، کە

ئەو گوزارشتانە خۆیان مومارەسەی دەکەن و سووکیشی دەکەن. هیچ سۆسیۆلۆژیستێکیش جەسارەتی ئەوەی نییە ئەو رووپۆشانەی باوەڕ تێپەڕێنێت، کە رووپۆشی دامەزراوەکان دەکات و دەیانرازێنێتەوە، ئەگەر بێتوو بڕوای بە شیاوبوونی گشتاندنی ئازادبوون لەو دامەزراوانە، کە سۆسیۆلۆژیا رێگەیان پێدەدات و پێویستبوونی ئەو گشتاندنانە نەبێت، هەروەها ئەگەر بڕوای بە فەزیلەتەکانی ئازادیخوازی لە کەمترین دەسەڵاتە رەمزییە ناڕەواکان نەبێت، مەبەستیشم لە دەسەڵاتی رەمزیی زانستە، بەتایبەتیش کاتێک ئەو زانستە خۆی لەبارەی دەسەڵاتە رەمزییەکانەوە بێت، کە لە توانایدایە وا لە ئەندامەکانی کۆمەڵگە بکات، توانای بەگژداچوونەوەی بەها باڵا وەهمییەکانیان هەبێت، کە هێشتا جەهل دروستیان دەکات و دووبارەش دروستیاندەکاتەوە.

**سەچاوە:**

-بییر بوردیو، الرمز و السلطه، ترجمه: عبدالسلام بن عبد العالی، دار توبقال للنشر، سلسله المعرفه الإجتماعیه، الطبعه الثالثه، المغرب، 2007، ص-7 30.

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرکە گۆر | شۆڕش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان ڕەئوف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 214 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك ڕۆسۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤید هیوم | مستەفازاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزووتنەوەی فێمێنیزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سیکۆلاریزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمان ڕەئوف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرماس | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە دریدا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجید خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماوتسی تۆنگ | فازڵ حسێن مەلا ڕەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانێ | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لەقەندیلەوە بۆ کوبانێ | ئەنوەر حسێن - شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پرۆیستڕۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیاو پەکەکە | ماجد خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی ڕژێم و شۆڕشەکان، ئەو ڕووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی چوارەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی پێنجەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی شەشەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی حەوتەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی هەشتەم | جەلال حەمید | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 57 | بۆچی مارکس لەسەر حەق بوو | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفوری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی – بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی – بەرگی دووەم | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی دووەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی سێیەم | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە تۆماس ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی دووەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاک لاکان | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو | د.عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حركة الحداثة فی الشعر الكردی | د.سەروەر عەبدوڵلا | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 82 | داعش و میلیشیاکان | ئەنوەر حسێن | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجید خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین - بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین - بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم - بەرگی یەکەم | ب. لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم - بەرگی دووەم | ب. لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم - بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم - بەرگی دووەم | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلّح شێخ شیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگی عێراق - کوەیت | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 105 | گەشتی دوورو درێژی ئەتۆمی ئێران تێچوون و مەترسییەکانی | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا، خۆرئاوای ئەفریقیاو سۆماڵ | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لەپێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکاو ئاکامە جیۆپۆلۆتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 111 | تیرۆر، تیرۆریزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی | ڕێباز مستەفا | 2016 |
| 112 | چین و سیستەمی بازرگانی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرهەتاوی من | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 114 | ئازادی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کورد و ئیسلام لە یەکتربردا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارل مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار - ئازاد ئارمان | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردە تاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کورد و مێژووی جەژنی نەورۆز | د.کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف - هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندووی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەرو پرۆلیتاریا | پێشرەو محەمەد - هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کاردەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | د.ئەکرم میهرداد | 2016 |
| 134 |ناملیکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵڵا | 2016 |
| 136 | ژنێك لە نێو سەردەستەی میلیشیاکاندا | دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 137 | ماركس و رەخنەی سیاسەت | هاوار محەمەد | 2016 |
| 138 | لە بڵاوكردنەوەكانی كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستان | یوسف محەمەد بەرزنجی | 2016 |
| 139 | فەلسەفە لە ئێستادا | دانا شوانی | 2016 |
| 140 | تیۆری زانینی زانستیانە | د.حەمید عەزیز | 2016 |
| 141 | ماركس و ئازادی | دانا شوانی | 2016 |
| 142 | شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف | ئیسماعیل ئیسماعیل زادە | 2016 |
| 143 | سەلەفییەت لە كوردستانی ئێران | ماجد خەلیل | 2016 |
| 144 | هەژموونی نەوت | سۆران عەلی | 2016 |
| 145 | دەوڵەت | سمكۆ محەمەد | 2016 |
| 146 | مێژوی ئابوری جیهان | محەمەد چیا | 2016 |
| 147 | لە تۆڵەیتۆڵەوە بۆ ناوزەنگ | خەڵەف غەفور | 2016 |
| 148 | پارت و رێكخراوە سیاسییەكان لە توركیا | محەمەد فاتح | 2016 |
| 149 | دەقی شیعری كوردی لە روانگەی سیمیۆلۆژییەوە | د.لوقمان رەئوف | 2016 |
| 150 | تیۆری چوارەمی سیاسەت | وریا غەفوری | 2017 |
| 151 | هونەری شێوەكاری نوێ | رامیار مەحمود | 2017 |
| 152 | جیهانگیری لە روانگەی جیاوازەوە | حەسەن بارام | 2017 |
| 153 | پاكستان و گۆڕانیەكانی ناوخۆو دەرەوە | بابان ئەنوەر | 2017 |
| 154 | پەیوەندی ئێران و هندستان | ماجید خەلیل | 2017 |
| 155 | چین و ئێران | محەمەد چیا | 2017 |
| 156 | ژنان لە بەهاری عەرەبیدا | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 157 | سیستمی نێودەوڵەتی هێز یان دادپەروەری | ئارام مەحمود ئەحمەد | 2017 |
| 158 | ركابەری ئەمەریكاو ئێران لە ئەمەریكای لاتین و ئەفەریقیا | كۆشان عەلی زەمانی | 2017 |
| 159 | كاریگەرییەكانی دابەزینی نرخی نەوت | سابیر عەبدوڵلا كەریم | 2017 |
| 160 | پێگەی ئێران لە خۆرهەڵات ناوەڕاستدا | بەختیار ئەحمەد ساڵح | 2017 |
| 161 | مۆریتانیا وڵاتێكی درەوشاوەی كەنارو بیابان | شاناز هیرانی | 2017 |
| 162 | هەرێمی كوردستان و ململانێ ناوچەییەكان | ئەنوەر حسێن (بازگر) | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 163 | فەلسەفەی هانا ئارێنت | ئارام مەحمود | 2017 |
| 164 | نەوت بەرامبەر زەوی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2017 |
| 165 | پوختەی سەرمایەی مارکس | بابان ئەنوەر | 2017 |
| 166 | چوارینەی دیموکراسی | ڕەنجەی نابینا | 2017 |
| 167 | نفوذ الهلال الشيعي في الشرق الاوسط | عەلی محەمەد صالح | 2017 |
| 168 | هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی نەرمی قەتەر | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 169 | سۆفیزم لە ئاسیای ناوەڕاستدا | عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد | 2017 |
| 170 | لە ئیسلامی قورئانەوە بۆ ئیسلامی فەرموودە | سۆران سێوکانی | 2017 |
| 171 | مێژووی درۆ | هاوار محەمەد | 2017 |
| 172 | پرسی کورد | ماجید خەلیل | 2017 |
| 173 | پۆست کۆمۆنیزم | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 174 | پرۆگرامە ئەتۆمییەکان | جەواد حەیدەری | 2017 |
| 175 | پەیوەندی روسیا و ئەمەریکا | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 176 | دەربارەی میواندۆستی | هاوار محەمەد | 2017 |
| 177 | بەرەو ئاشتی هەمیشەیی | ڕێبین ڕەسوڵ | 2017 |
| 178 | ڕۆشنگەری چییە؟ | ڕێبین ڕەسوڵ | 2017 |
| 179 | چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی | یوسف ئەحمەد مەنتك | 2017 |
| 180 | سەرەتایەك لەسەر ئاسایشی سروشتی | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 181 | مێژووی پەیەدە | ماجید خەلیل | 2017 |
| 182 | کتێبی سور - چاپی سێیەم | فازڵ حسێن مەلا ڕەحیم | 2017 |
| 183 | مەحرەمی راز شەرحی غەزلیاتی حافز | ئەکرەم عەنەبی | 2017 |
| 184 | مارکس کێ بوو؟ چاپی دووەم | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | 2017 |
| 185 | ئالان بادیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 186 | رولان بارت | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 187 | جۆرج باتای | هاوار محەمەد | 2017 |
| 188 | چۆمسکی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 189 | جۆن دیۆی | د. لوقمان ڕەئوف - ئارام محمود | 2017 |
| 190 | ڕۆدۆلف کارناب | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 191 | کۆنفۆشیۆس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 192 | جولیا کریستیڤا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 193 | لیڤی شتراوس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 194 | مارتین بوبەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 195 | ماوتسی تۆنگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 196 | مۆنتیسکۆ | سیار خورماڵی | 2017 |
| 197 | پیەر بۆردیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 198 | سپێنوزا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 199 | ویتگنشتاین | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 200 | والتەر بنیامین | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 201 | فرانسیس فۆکۆیاما | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 202 | مارتن لۆسەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 203 | سان سیمۆن | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 204 | دێڤد هارڤی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |

## پرۆژەی 25 نامیلکەی فەلسەفی

| ژمارە | ناوی نامیلکە | ناوی نوسەر | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆڕش مستەفا | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان ڕەئوف | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 214 |
| 10 | ئاشنابوون بە  جان جاك ڕۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سیکۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمان ڕەئوف | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە دریدا | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |

پرۆژەی 100 نامیلکەی **فەلسەفی** 1 – 20

| ژمارە | ناوی نامیلکە | ناوی نوسەر | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 2 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 3 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 4 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 5 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 6 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 7 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 8 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 9 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 10 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 11 | ئاشنابوون بە ڤۆلتێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 12 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 13 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 14 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 15 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 16 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی چوارەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 17 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی پێنجەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 18 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی شەشەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 19 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی حەوتەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 20 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی هەشتەم | جەلال حەمید | 2015 |

## پرۆژەی 100 ناميلكەی **فەلسەفی** 21 – 40

| ژمارە | ناوی ناميلكە | ناوی نوسەر | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| 21 | ئاشنابوون بە فيورباخ | كۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 22 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وريا غەفوری | 2015 |
| 23 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | كۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 24 | ئاشنابوون بە گرامشی – بەرگی يەكەم | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 25 | ئاشنابوون بە گرامشی – بەرگی دووەم | ئومێد عوسمان | 2015 |
| 26 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | كۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 27 | ئاشنابوون بە ديموكراسی | كۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 28 | ئاشنابوون بە ئەلبێر كامۆ – بەرگی يەكەم | كۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 29 | ئاشنابوون بە ئەلبێر كامۆ – بەرگی دووەم | كۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 30 | ئاشنابوون بە ئەلبێر كامۆ – بەرگی سێيەم | مستەفا زاهيدی | 2015 |
| 31 | ئاشنابوون بە ئەركون | د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 32 | ئاشنابوون بە فۆكۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 33 | ئاشنابوون بە تۆماس ئەكيونی | ماجيد خەليل | 2015 |
| 34 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 35 | ئاشنابوون بە جۆن ستيوارت ميل – بەرگی يەكەم | كۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 36 | ئاشنابوون بە جۆن ستيوارت ميل – بەرگی دووەم | كۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە جۆن ستيوارت ميل – بەرگی سێيەم | كۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە جاك لاكان | كۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە لايبنتز | كۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە ميكاڤيلی | كۆمەڵێك نوسەر | 2015 |

## پرۆژەی 100 ناميلكەی **فەلسەفی** 41 – 60

| ژمارە | ناوی ناميلكە | ناوی نوسەر | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| 41 | ئاشنابوون بە پۆڵ ريكۆر | كۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 42 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | كۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 43 | ئاشنابوون بە سپينۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 44 | ئاشنابوون بە پۆپەر | كۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 45 | ئاشنابوون بە دۆركهايم | ئارام مەحمود – دانا لەتيف جەلال | 2016 |
| 46 | ئاشنابوون بە دريدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 47 | ئاشنابوون بە ليوتار | ماجيد خەليل | 2016 |
| 48 | ئاشنابوون بە لينين – بەرگی يەكەم | كۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 49 | ئاشنابوون بە لينين – بەرگی دووەم | كۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 50 | ئاشنابوون بە ترۆتسكی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 51 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | كۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 52 | ئاشنابوون بە پۆپۆليزم – بەرگی يەكەم | ب. ليڤا | 2016 |
| 53 | ئاشنابوون بە پۆپۆليزم – بەرگی دووەم | ب. ليڤا | 2016 |
| 54 | ئاشنابوون بە ئەفلاتون | كۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 55 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆكسۆمبۆرگ | ئاكام بەسيم | 2016 |
| 56 | ئاشنابوون بە سيمۆن ديبۆڤوار | كۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 57 | ئاشنابوون بە كريشنا مۆرتی | شاسوار كەمال | 2016 |
| 58 | ئاشنابوون بە تۆتاليتاريزم – بەرگی يەكەم | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 59 | ئاشنابوون بە تۆتاليتاريزم – بەرگی دووەم | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 60 | ئاشنابوون بە مانفێستی حزبی كۆمۆنيست | موصلَح شێخ ئيسلامی | 2016 |

پرۆژەی 100 نامیلکەی **فەلسەفی** 61 - 80

| ژمارە | ناوی نامیلکە | ناوی نوسەر | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| 61 | ئالان بادیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 62 | رولان بارت | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 63 | جۆرج باتای | هاوار محەمەد | 2017 |
| 64 | چۆمسکی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 65 | جۆن دیۆی | د. لوقمان رەئوف - ئارام محمود | 2017 |
| 66 | رۆدۆلف کارناب | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 67 | کۆنفۆشیۆس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 68 | جولیا کریستیڤا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 69 | لیڤی شتراوس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 70 | مارتین بوبەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 71 | ماوتسی تۆنگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 72 | مۆنتیسکۆ | سیار خورماڵی | 2017 |
| 73 | پیەر بۆردیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 74 | سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 75 | ویتگنشتاین | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 76 | والتەر بنیامین | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 77 | فرانسیس فۆکۆیاما | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 78 | مارتن لۆسەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 79 | سان سیمۆن | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 80 | دێڤد هارڤی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |

## پرۆژەی 100 توێژینەوەی جیهانی (1 - 10)

| ژمارە | ناوی توێژینەوە | ناوی نوسەر | ناوی وەرگێر | ساڵی چاپ |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| 1 | سێگۆشەی گڕگرتوو | ولیام داریمپڵ | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 2 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگی عێراق - کوەیت | هەڵگورد جەلال | / | 2016 |
| 3 | گەشتی دوورو درێژی ئەتۆمی ئێران تێچوون و مەترسییەکانی | عەلی فائیز – کەریم سەجادپور | سۆران عەلی | 2016 |
| 4 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا، خۆرئاوای ئەفریقیاو سۆماڵ | مارتن میرفی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 5 | خەبات لەپێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | ئەنتۆنی دۆرکن | سۆران عەلی | 2016 |
| 6 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | بیلال عەبدوڵڵا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 7 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکاو ئاکامە جیۆپۆلۆتیکەکانی | بەهزاد ئەحمەدی لفورکی – مەسعود درەخشان | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 8 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | ئەلشێخ بای ئەلحەبیب – رەشید خەشانە | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 9 | تیرۆر، تیرۆریزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی | د.عەلیرەزا سەمیعی ئیسفەهانی – عەبدولکەریم سالکی | رێباز مستەفا | 2016 |
| 10 | چین و سیستەمی بازرگانی جیهانی | ئادیتیا ماتۆ – ئارڤیند سوبرامانیان | بابان ئەنوەر | 2016 |

## پڕۆژەی 100 توێژینەوەی جیهانی (11 – 20)

| ژمارە | ناوی توێژینەوە | ناوی نوسەر | ناوی وەرگێر | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 11 | پاکستان و گۆڕانیەکانی ناوخۆو دەرەوە | کۆمەڵێك نوسەر | بابان ئەنوەر | 2017 |
| 12 | پەیوەندییەکانی ئێران و هندستان | یەدوڵلا دهقان – مەهدی کازمی | ماجید خەلیل | 2017 |
| 13 | چین و ئێران | د.فهد مزبان خزار – منوشهر دوراج – مایکل سینگ | محەمەد چیا | 2017 |
| 14 | ژنان لە بەهاری عەرەبیدا | کۆمەڵێك نوسەر | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 15 | سیستمی نێودەوڵەتی هێز یان دادپەروەری | هاکان ئالتینای | ئارام مەحمود ئەحمەد | 2017 |
| 16 | رکابەری ئەمەریکاو ئێران لە ئەمەریکای لاتین و ئەفەریقیا | براندۆن فایت – کلۆی کۆگلین – شولت | کۆشان عەلی زەمانی | 2017 |
| 17 | کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی نەوت | راپۆرتی وەرزیی بانکی نێودەوڵەتی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2017 |
| 18 | پێگەی ئێران لە خۆرهەڵات ناوەراستدا | بەختیار ئەحمەد ساڵح | / | 2017 |
| 19 | مۆریتانیا وڵاتێکی درەوشاوەی کەنارو بیابان | ئەنوار بوخرس | شاناز هیرانی | 2017 |
| 20 | هەرێمی کوردستان و ململانێ ناوچەییەکان | ئەنوەر حسێن (بازگر) | / | 2017 |

IDEA FOUNDATION

دەزگای ئایدیا

بۆ فکرو لێکۆڵینەوە